# کوردستان


ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٢٠ ▌ دووشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ١٩ی فیورییەی ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## یەکیەتیی لاوان بە ئەندامی لاوانی ئێنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست وەرگیرا



یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی سی و سێهەمی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بە ئەندامەتیی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە وەرگیرا.

سی و سێهەمین کۆنگرەی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست ڕۆژی هەینی، ٢٧ی ڕێبەندان بە بە بەشداریی زیاتر لە سەد ڕێکخراوی چەپ و سۆسیالیستی تایبەت بە لاوان لەسەرتاسەری دنیا، لە پۆدگاریسای پێتەختی مۆنتێنێگرۆ گیرا.

لە کۆنگرەی سی و سێهەمی لاواندا هومەن سەعدییە، نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆزی سیاسیی کورد لە ئێران و بارودۆخی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد. لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنگرەشدا بابەتی ئەندامەتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای چەند ڕێکخراوێکی دیکە خرایە دەنگدانەوە و، یەکیەتیی لاوان بە ئەندامەتیی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە وەرگیرا.

# باڵندەی کام دارستان بە زمانی خۆی ناخوێنێ؟


سەروتار


## ڕووحانی لە چی دەگەڕێ؟

**کەماڵ کەریمی**

ئەمساڵیش یادکردنەوەی ٢٢ی ڕێبەندان ڕۆژی سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پاشایەتی حەمەڕەزاشادا، لەلایەن ڕێژیمەوە بەڵام لە فەزایەکی سیاسیی جیاواز لە ساڵانی پێشوودا بەڕێوەچوو. لەگەڵ ئەوەی دەزگا و دامەزراوەکانی سەر بە ڕێژیم هەموو هەوڵی خۆیان دا هەتا بە کۆکردنەوەی خەڵکی زیاتر وا بکەن ئابڕووی لەدەستچوویانی پێ بکڕنەوە، نەیانتوانی وەک هەموو جارێ کە ئیدیعایان دەکرد، کۆبوونەوەی میلیۆنی وەڕێ بخەن و شەقامەکانی شار بە خەڵک لێوانڕێژ بکەن. لە زۆربەی شارەکان بە تایبەت لە کوردستان بێدەنگیی بەشداربووان کە زۆریش نەبوون دەریدەخست، کە بەشێک لەو خەڵکە لەبەر مەوقعییەتی کاری و بە زۆرەملی چووبوونە ڕێپێوانەکەیان.

ئەمجارە خەبەرێک لە ڕێبەر و قسە ئاگرینەکانی نەبوو. پێداهەڵگوتنەکان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە چەشنی جاران نەبوو، تەنانەت سەرۆککۆمار لە قسەکانیدا لە نێو دەیان هەزار کەس لە بەشداربووانی تاران لە پاڵ هەر موژدەیەک بۆ داهاتوو، نقورچکێکی لە کاربەدەستان کە زۆرتر مەبەستی باڵی بەرامبەری بوو دەگرت. بەڵام ئەو، نە توانی پاکانەیەک بۆ نیزامەکەی بکا و نە قسەیەکی نوێی جێی باوەڕی خەڵکی پێ بوو. ئەو ئەگەر ڕەخنەیەکی هەبوو نە لە نیزامێک بوو کە خەڵک داوای گۆڕینی دەکەن، بەڵکوو لەو کەسانە بوو کە گۆیا نیزامەکەیان بەدناو کردوە و ئەگەر بەرنامەیەکیشی ڕادەگەیاند بۆ خەڵکی تووڕە لە نیزامەکەیان نەبوو، زۆرتر بۆ ئەوانە بوو کە هێشتا چاوەڕوانیی موعجیزەیەک دەکەن بۆ ڕزگاربوونی ڕێژیم لە چنگ تووڕەیی خەڵک.

قسەکانی ڕووحانی لەسەر یاسای بنەڕەتیی وڵات و ئەوەی کە هەر کەس باوەڕی بەو یاسایە هەبی لە هەر شکڵ و بەهەر شێوەیەک لەگەڵ ئێمەیە، دەریخست کە ئەوەی ئەو پەیامیان بۆ دەنێرێ ڕەقیبەکانی و لایەنگرانی جیناحەکانی دژبەریەتی لە نێو کێبەرکێکانی دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتەکەیاندا.

با لە پێشدا بڵێین ئەوەی پێوەندی بە جێبەجێکردنی یاساکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە پێش هەموو کەس ڕووحانی دەزانێ کە دەسەڵاتە زۆرە یاسایی و نایاساییەکانی ڕێبەر و دامەزراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەو لە لایەک و، چاونووقاندن لە جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی کە پێوەندیی بە ژیانی خەڵک و کەڵکوەرگرتنی خراپ لە بەشێک ...


ل٢





لە بەرەبەری ٢١ی فێورییە، ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماک داین. ئەو ڕۆژە بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرینگ و پڕ بایەخە. کورد لە ئێراندا دەیان ساڵە لە پێناو شوناسی نەتەوەیی خۆیدا خەبات دەکا کە بێگومان زمان کۆڵەکە و فاکتەری هەرە سەرەکیی ئەم شوناسەیە.

زمانی کوردی لە ئێران لە دەیان ساڵی ڕابردوودا هەمووکاتێ چەقی پیلانە نەرم و زبرەکان بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی بووە، بەڵام خەمخۆری و گیانفیدایی پێشمەرگەکانی پارێزەری زمان نەیهێشتووە خەونی نەیارانی کورد بێتە دی و ئەمڕۆ دەبینین کە پاراستن و گەشەپێدانی زمان لەلایەک بۆتە خەم و ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەر تاکێکی کورد و؛ لەلایەکی دی بۆتە ویست و خواستێکی سیاسی لە هاوکێشەکانی نێوان خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتدا.

سروشتییە کە بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی مافی نەتەوەی کوردە لە ئێران و خوێندن بە زمانی زگماکی کوردی مافێکی سروشتی و بێ ئەملاوئەولای مرۆییشە؛ کە لە زۆربەی پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکاندا دانی پێدا نراوە. هەر بۆیەش چالاکانی مەدەنی و هەڵسووڕاوانی مافخوازی کورد نابێ لە خەبات و تێکۆشان بۆ خوێندن و پەروەردە بە زمانی کوردی و هەروەها بە ڕەسمی ناسینی زمانەکەیان لە ئێراندا ماندوو بن.

## ئاوارەکانی کرماشان ماڵی ئاوارەییشیان لێ شێوا

دوای بوومەلەرزەکەی سێ مانگ لەوە پێش لە پارێزگای کرماشان کە زۆرترین زیانی بەر شاری سەرپێل زەهاو کەوت، ئێستاش بە هەزاران کەس لە خەڵکی ئەو شارە و ناوچەکانی دەورووبەری لە خێوەت و «کانێکس»دا دەژین و باران و لافاوی ئەم ڕۆژانە ئەو دۆخەشی لێ تێک دان.

کۆمەڵێک لە خەڵکی وەزاڵەهاتوو و لێقەوماوی شاری سەرپێل زەهاویش بەهۆی نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکان ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕیوە. ئەوان دەڵێن: «چیدی نامانهەوێ مردنی منداڵەکانمان ببینین، بەڵام کاربەدەستانی دەوڵەت دەنگی ئێمە نابیستن و فەلەستین و لوبنان و یەمەنیان بۆ گرینگترە.»

تا ئێستا چەند منداڵی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی پارێزگای کرماشان بەهۆی سەرما و سۆڵە و ئەو نەخۆشییانەی لە سۆنگەی هەڵامەت و پێڕانەگەیشتنەوە تووشیان بووە گیانیان لە دەست داوە کە کارن ئەلیاسی و نووشین محەممەدی لە سەرپێلی زەهاو دوو کەس لەوانن.



## گرتنی ٦٢٨ کەس و کوشتن و بریندارکردنی ١٦٥ کۆڵبەر



لە دوو مانگی زستانی ئەمساڵدا ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ١٧٨ کەسیان دەسبەسەر کردوە. هەر لەو دوو مانگەدا دوو بەندکراوی سیاسیی کورد بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبە کوردییەکان سزی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و ٦ بەندکراوی کوردیش کە لە خۆپیشاندانەکانی مانگی بەفرانباردا گیراوبوون، لە زیندان و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

هەروەها لە ماوەی دوو مانگی زستاندا ١٠ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژراون و ١٧ کەسیشیان بریندار بوون.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی ڕێبەندان لانیکەم ٦٢٨ کەس لە کوردستان لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکی سیاسی دەسبەسەر کراون و ژمارەی کۆڵبەرە کوژراو و بریندارەکانیش لەو ماوە زەمەنییەدا ١٦٥ کەس بووە.



پرسی ڕێفراندۆم لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا /٣



م. عەبدوڵڵا حەسەنزادە: چارناچار ڕاپەڕینێکی دیکە دەبێ ببێ /٤_٥



مەرگی سیستەم

لەپێوەندی لەگەڵ ئینقلابی ٥٧ی ئێراندا /٦




مەرجەکانی سەرکەوتنی جووڵەی جەماوەریی ئەمجارە لە ئێران /٧



ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان /٩



نارەزایەتییەکانی خەڵک و داهاتووی کۆماری ئیسلامی /١٠

دریژەی:

## ڕووحانی لە چی دەگەڕێ؟

لەو یاسایانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگای ئیجرایی و دادوەرییەوە، هۆکاری سەرەکیترن لە بێ کەڵکبوونی یاساکە بۆ ئەو دۆخەی تێی کەوتوون. نیزامێک کە یاساکەی ئەو هەمووە دەسەڵاتەی بە یەکێک وەک ڕێبەر و چەند دامەزراوەی سەر بە ئەو دابێ، تەنانەت بۆ سەرۆککۆمارە میانڕەو و ئیسلاحتەڵەبەکانیش، کە ئەگەر بشیانهەوێ هەنگاوێک باوێن بۆ پاراستنی ئازادی و دابینکردنی ئەو مافە کەم و چوارچێوەدارەی کە لە یاساکەیاندا بۆ خەڵک دیاری کراوە، ڕێگەیەکی نەهێشتوەتەوە. هەر بۆیە لەو هەلومەرجەشدا کە ئیتر بێزاریی خەڵک لە حکوومەت لە کەس شاراوە نیە، دیسانیش یاسای بنەڕەتی دەکرێتە پەیامی ئاشتیی نێوان باڵەکانی ڕێژیم و بە ڕوونی سەفی حکوومەتییەکان و خەڵک لێک جیا دەکرێتەوە.

ئاغای ڕووحانی کە پێوەی دیارە ترسی شۆڕش و ڕاپەڕینی یەکجاریی خەڵک و سەرهەڵدانەوەی ئەوەی لە مانگی بەفرانباردا بە دروشمی نا بۆ ویلایەتی فەقیە و مردن بۆ دیکتاتۆر نیزامەکەیانی وەلەرزە خست دایگرتوە، و بە پێچەوانەی باوەڕەکانی قسە لە ئازادی دەکا، دەبێ بزانێ ئەگەر قەرارە ئەو موژدەدەری ئازادی بێ و ئەگەر ئیسلاحات ڕێگەی پێشگرتن لە شۆڕش بێ، تەنیا لە ڕێگەی ملدان بە ئیرادەی خەڵک بۆ بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی، ڕێکخستنی ڕێفراندۆمێکی ڕاستەقینە و سپاردنی دەسەڵات بە نوێنەرانی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە جێبەجێ دەبێ. خەڵکی وشیاری ئێران ئێستا بە چاوکراوەییەوە گوێ لە قسە و پەیامەکانیان دەگرن و دەزانن کە ئەو ڕاپرسییەی ئاغای ڕووحانی کە بە پێی مادەی ٥٩ی یاسای بنەڕەتی باسی دەکا، سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستەی کە بە هۆی دەسەڵاتی ڕێبەر و شووڕای نیگەهبان و دەنگی نوێنەرانی دژبەری کە لەسەر ڕێیەتی، ئەگەر سەریش بگرێ تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی خۆی و جیناحێکی تایبەتیی هەر ئەو ڕێژیمەیە کە بە دەستەتیەوە دەناڵێنن. ئەمەش جگە لە قایمکردنەوەی پێگەی ئەوان بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەیان کە ئێستا ئیتر خەڵک هیچ ئومێدێکیان پێی نەماوە، خێرێک بەو خەڵکە ناگەیەنێ کە لە چنگ زوڵم و بێدادی ئەوان وەزاڵە هاتووە.

خەڵکی ئێران دەزانن لە وڵاتێکدا کە وڵامی بچووکترین ڕەخنە یا دەربڕینی ناڕەزایەتییەک تەنانەت لەسەر مافی ڕۆژانەیان، لە دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ڕێژیمدا، گرتن و زیندان و کوشتن بووە و هەر ئێستاش هەیە و کەسیش بۆ وڵامدانەوە خۆی لێ بە بەرپرس نازانێ، ناکرێ باوەڕ بەو قسانەی سەرۆککۆمار بکەن کە خۆی لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و کردەوانەدا بەرپرس بووە. لەو پێوەندییەدا قسەکانی ئەحمەدینژاد کە لە کاتی کارەساتی جینایەتەکانی زیندانی کەهریزەک لە ساڵی ١٣٨٨ سەرۆککۆمار بوو و ئاگای لە هەموو ئەو جینایەتانەیە کە بەسەر خەڵکی مافخوازی بە تایبەت تاراندا هات و ئەو دەم نقەی لێوە نەهات و خۆی بەشێک بوو لە بەڕێوەبەری ئەو کارەساتە، دانپێدانانێکی گەورەیە لەسەر بەردەوامی دامودەزگاکانی ڕێژیم لە درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوت کە دەڵێ: «خەڵک دەگرن، دەیبەنە زیندان، دوایە جەنازەکەی دەدەنەوە و دەڵێن موعتاد بووە و خۆی کوشتوە.»

ئێستا ئیتر ئاغای ڕووحانی کە لە ترسی دارمانی نیزامەکەیان قسە لە ئیسلاحات و ئازادی دەکا دەبێ باش بزانێ، خەڵکی ئێران چیدی وەک ساڵانی ڕابردوو لە خەوی غەفڵەتدا ناژین و لە قەراغەوە سەیرکەر نابن. ئەوان بە دیتنی درۆ و فریوکارییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم، بە خرۆشەوە ڕووبەڕووی نیزام و ڕێبەر و دەوڵەتەکەیان بوونەوە. ئەگەر ئەویش بیر لە ئیسلاحات دەکاتەوە، ڕێگەی ئیسلاحات لە ئێراندا، بە ڕێگەی ڕازیکردنی ڕێبەر و دابەشکردنی دەسەڵات و بوودجە لەگەڵ جیناحە جۆراوجۆرەکان و فەرماندەکانی سپادا ناڕوا، بەڵکوو بە کاناڵی دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسینی ئەو خەڵکەدا تێدەپەڕێ کە بەهۆی بەشداری ئازادانە و ڕاستەوخۆیان لە دەستنیشان کردن و هەڵبژاردن بە بێ دەخالەت و دەستێوەردانی دەسەڵاتەوە دەبێ. ڕێگەیەک کە ئەوان گرتوویانەتەبەر و بە دڵنیایی و بە لێبڕاوەییەوە بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەیگەیەننە ئامانج.

# بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پێشوازیی «ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک»دا




**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**
**ڕۆڵە وشیارەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان!**
**هۆگران! پارێزەران و بەرگریکارانی زمانی کوردی لە وڵاتی ئێران!**

وەک دەزانن ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێک (ئەمساڵ ٢ی ڕەشەمە) لە ئاستی جیهانیدا وەک ڕۆژی زمانی دایک ناسراوە و لەنێو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا بە شێوازی جۆراوجۆر یادی دەکرێتەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی شوناسخوازە و زمان لە نواندن و سەلماندنی ئەو شوناسەدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. زمان پڕڕەنگترین نوێنگەی شوناسی مرۆڤە. مرۆڤ بە ڕێگەی زمان، ژیان و شوناسی خۆی و دەوروبەر مانا دەکاتەوە. زمانی دایک، نەک هەر زمانی ئاخاوتن، بەڵکوو زمانی عاتیفە، زمانی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە. هەر ئەم ڕاستییانەش وایکردوە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، گرنگی بە مافەکانی پێوەندیدار بە زمان بە تایبەتی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک بدەن. بەشێک لەو مافانە لە پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە سیستمی پەروەردە و فێرکاریدا، کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵان، کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نژادی، بەیاننامەی مافی کەمینە مەزهەبی، نەتەوەیی، ئێتنیکی و زمانییەکان و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافە زمانییەکاندا، ڕەنگیان داوەتەوە و پێیان لەسەر داگیراوە.

ئێران لەڕووی پێکهاتەی زمانی، نەتەوەیی، ئایینی و کولتوورییەوە، وڵاتێکی فرەچەشن و فرە نەتەوەیە. بەڵام دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە جیاتی دانان بە بوونی ئەو نەتەوانە و بەڕەسمی ناسینی مافەکانیان و یەک لەوان قبووڵکردنی خوێندن بە زمانی خۆیان، ئینکار و سەرکوت و لە پەڕاوێز خستنی ئەو زمانانەیان کردوە بە سیاسەتی خۆیان. بە فەرمی نەناسینی مافی خوێندن بە زمانی دایک بۆ ئەم نەتەوانە، لەڕووی دەروونی، پەروەردە، کولتووری و زمانییەوە بووە بە سەرچاوەی گرفتی گەورە و زیانی قەرەبوونەکراو. لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەم مافەی بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە. سیستمە شوینیستیەکان، شوناسی خۆیان تێکەڵکێشی زمانی باڵادەست کردوە و وەک ئامرازێک بۆ سەرکوت و لەپەراوێزخستنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە کاریان هێناوە. دەسەڵاتداران لە پەیوەندی لەگەڵ مافی زمانی و مافەکانی دیکەی پێکهاتەکانی ئێران، کۆمەڵێک پاساو و هۆکار دێننەوە کە لە بنەڕەتدا بەلارێدا بردنی واقعی کێشەکەیە؛ بۆ نموونە بەکارهێنانی چەمکی «کەمینە» و «وردە فەرهەنگەکان». بە تەواوی ئاشکرایە کە کۆی کەمینەکان(نەتەوە ژێردەستەکان)، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە پێکدێنن، لە کاتێکدا لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن. ئەم چەمکانە لەسەر بنەمای هەڵاواردن و بەفەرمی نەناسینی جیاوازییەکان و نکۆڵیکردن لە مافە سروشتی و سیاسییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و زمانی و ئایینیەکانی ئەم وڵاتە بنیات نراوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە چوارچێوەی سەرکوتێکی سیستماتیکەوە کە لایەنێکی یاسایی پێدراوە. لەڕوانگەی دەسەڵاتدارانەوە، زمانی دایکیش هەڕەشەیە بۆ سەر «بەرژەوەندیی نەتەوەیی»، «یەکپارچەیی خاک» و لە هەمان کاتدا، بیانوویەکە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆییخوازی. هەر بۆیە پێیان وایە کە ئەم چەمکە فەرمییانە دەبێت کۆڵەکە سەرەکییەکانی» شوناسی ڕەسەنی» ئێرانی بن.

لایەنگرانی سیاسەتی تەک زمانی، بریتین لەو کەسایەتی، ڕەوت و لایەنانە کە تەنها خاڵی هاوبەشیان، ڕەنگە هەمان زەروورەتی پاراستی پێگەی پاوانخوازانەی زمانی نەتەوەی باڵادەست بێ. ئەمە لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی بە کەمگرتنی زانست و ئەدەب و کولتووری نەتەوەکانی دیکە و بێ بایەخ کردن و تواندنەوەیان. گرتنەبەری ئەم سیاسەتە، لە ڕاستیدا بنەمای فکری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدارانی ئێران و ڕەوتە بێدەسەڵات و هاوبیرەکانیان بووە بە درێژایی مێژوو تا دەگاتە ئێستا. ئەم جۆرە ڕوانین و سیاسەتە، بە کردەوە گورزێکی مەترسیداری لە پێکهاتەی فرەچەشن و ڕەنگاڵەیی ئێران داوە و مەترسیی لەنێوچوون و لەپەراوێزخستنی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی بەدواوە بوو. بەڵام، بێتوانایی و لاوازیی پێکهاتەیی سیستمی سیاسی لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی یەکسانسازی و ئاسێمیلاسیۆنی فەرهەنگی و زمانی لە لایەک و، وشیاریی نەتەوە بندەستەکان و بەرگریکردنیان لە زمانی خۆیان، هۆکاری سەرنەکەوتنی بووە. ئەم ئیدیعایە کە بەفەرمی ناسینی زمانەکانی غەیرە فارسی، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ویست و ئۆگری بە جیابوونەوەی نەتەوەکانی غەیرە فارس، زۆرتر لە ژێر کاریگەریی «تئوری توطئە» و ماهییەتی پاوانخوازانەی دەسەڵات و دەسەڵاتداراندا بووە. ئاشکرایە کە سەپاندنی زمانێکی تایبەت دەکەوێتە چوارچێوەی زمان کوشتن و سەرکوتێکی سیستماتیک بە تەواوی ماناوە. لە کاتێکدا لەم سەردەمەدا بە دەیان وڵاتی جیهان زیاتر لە یەک زمانی فەرمییان هەیە، سیستمی پەروەردە و فێرکارییان چەند زمانەیە و زۆربەشیان خاوەنی سیستمێکی سیاسیی سەقامگیر و دێموکراتیکن. ئێمەی نەتەوەی کوردیش، وەک نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانیەت، لە ڕابردوو و تەنانەت لە ئێستاش کە زمان و کولتوورمان لەلایەن کولتووری زاڵ و باڵادەستەوکانەوە مەترسیی سڕینەوە و لەنێوچوونی لەسەرە، بە ئەرکێکی نیشتمانی هەر تاکێکی کوردی دەزانین پرسی زمانی دایکی و پاراستنی بە هەند وەربگرێ و هەوڵی پاراستن وگەشەپێدانی بدا.

**بانگەوازی ئێمە:**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بە ڕێز و پێزانینەوە ئاوڕ لە هەوڵ و خەباتی دڵسۆزانەی ڕووناکبیران، مامۆستایان، نووسەران، توێژەران و وێژەوانانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نیوخۆی ئێران دەداتەوە کە سەرەڕای گوشار و هەڕەشە و کارشکێنیی دام و دەزگا حکوومەتییەکان، لە پاراستنی زمانەکەیان و خزمەتکردن و بووژاندنەوەی غافڵ نین.

لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا بانگەوازی ئێمە بۆ تێکڕای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە: ڕۆژی زمانی دایک بکەن بە دەرفەتێک بۆ دەنگ هەڵبڕین دژی سەرکوتی زمانی و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی دیکەی ئێران. بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیکەی ٤٠ ساڵە تەنانەت لە سەر ڕێی جێبەجێبوونی ئەو لانیکەمە لە مافی زمانیی پێکهاتەکانی ئێرانیش کە لەقانوونی ئەساسیدا هاتووە، بوون بە کۆسپ و ڕێگر و کردوویانە بە هەوێنی بانگەشەی مۆرەکانی خۆیان لە بە ناو هەڵبژاردنەکاندا و، بەم جۆرە گاڵتە بە شعوور و ویستی ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییانە دەکەن. ئێمە داواکارین لە ڕۆژانی داهاتوودا و بە تایبەتی لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، بە ئامانجی مەحکوومکردنی ستەم و سەرکوتی زمانی و نەتەوەیی لە ئێران و، بەرزڕاگرتنی زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆتان ببن بە یەکپارچە چالاکی. چاوەڕوانیی ئێمە ئەوەیە لە زانکۆکان، قوتابخانەکان، ئیدارەکان، بنکە و ناوەندە کولتوورییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەو ڕاگەیەنانەی دەنگتان پێیان دەگا، بەو پەڕی ڕاشکاوی و بوێرییەوە ناڕەزایەتی و بێزاریی خۆتان لە سیاسەتی زمانی و نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنەوە. داوامان لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، مامۆستایان، قوتابیان، خوێندکاران و چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک بۆیان دەگونجێ، لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، یەکگرتوانە و بە کردەوە دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەرز بکەنەوە.

بە هیوای هەر چی پڕ شکۆتر بەڕێوەچوونی ڕۆژی زمانی دایک لە کوردستان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**٢٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٦**
**١٧ی فێورییەی ٢٠١٨**

***

(ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێڕان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتووە.)

# پرسی ڕێفراندۆم لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا



عومەر باڵەکی

لە چەند مانگی ڕابردوودا خۆپیشاندانی نارەزایەتیدەربڕینی خەڵکی ئێران لە سیستمی کۆماری ئیسلامی پانتاییەکی بەربەرینی لە شار و شارۆچکەکانی ئێران گرتەوە و بوو بەهۆی ئەوەی بۆ یەکەمجار دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ترسیان لێ بنیشێ و تووشی جۆرێک لە سەرلێشێواوی ببن و هەتا چەند ڕۆژان نەتوانن خۆ کۆ بکەنەوە و بکەونە سەرکوتی خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە سیستمی سیاسیی زاڵ بەسەر ئێراندا.

لە نێودەیان شوعاری جۆراوجۆری تابۆشکێندا کە دران، دروشمی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە هەمووان زیاتر لەنێو دەسەڵاتداران و خەڵک و ئۆپۆزیسیوندا بۆتە جێگای موناقشە، هەر بۆیە هەموو هەوڵی دەسەڵات ئەوەیە لە چوارچێوەی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیدا پێناسەی بۆ بکا بەڵام ئۆپۆزیسیون و خەڵک بە پێچەوانەی دەسەڵاتداران مەبەستیان لە ڕێفراندۆم لە دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییە.

یەکێک لەو دەستەواژانەی کە لە بواری سیاسیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ ڕێفراندۆم یا بە واتایەکی دیکە گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵکە . بەو مانایە کە بۆ چارەسەری مەسەلەیەکی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی و یا کاراکردن و لەکارخستنی قانوونێک کە پێوەندی هەبێ بە هەموو کۆمەڵگەوە و پێویست بێ دەنگی خەڵکی بۆ وەربگیرێ؛ دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە ئامادەکاریی دەکا بۆ بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم. لەڕاستیدا ڕێفراندۆم یەکێک لەو ڕێکارانەیە کە خەڵک ڕاستەوخۆ بە ئامادە بوون لە سەر سندووقەکانی دەنگدان دەسەڵاتی خۆی لە پرسێکی چارەنووسسازدا بە کار دێنێ.

> قسەکانی ڕووحانی لەبارەی ڕێفڕاندۆم و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی لە پشت نیە، لەبەر ئەوەی لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا ئەگەر ئەسڵێک باس لە گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک لە شێوەی ڕێفراندۆم بۆ چارەسەری گرفتەکان دەکا؛ چەند ئەسلی دیکەش هەن کە دەبنە لەمپەر لەبەرامبەر جێبەجێکردنیدا

لە ماوەی ٣٩ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پرسی ڕێفراندۆم وەک مۆتەکەیەک ماوەتەوە و ماوەبەماوە بە مەبەستی جیاواز لەلایەن خەڵکەوە یا بەشێک لە دەسەڵات سەری هەڵداوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی مەزهەبی ئیزنی بەڕێوەچوونی پێ نەداوە. هەر چەند لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا لە چەند ئەسڵێکدا باس لە ڕێفراندۆم کراوە بەڵام لە هەر ئەسڵێکدا قانووندانەر بە دوای ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بوو هەتا بەشداریی خەڵک بۆ چارەسەری گرفتەکان.. هەروەک لە خۆپێشاندانەکانی ئەو دواییانەدا خەڵکی نارازی باسی ڕێفراندۆم دەکەن بۆ گۆڕینی هەموو پێکهاتەی نیزام بەڵام دەسەڵاتداران کە باس لە ڕێفراندۆم دەکەن، دەیگوازنەوە بۆ نێو بازنەی قانوونی بنەڕەتی ئێران.

ئێستا و جارێکی دی سەرۆک کۆماری ئێران لە وتاری ٢٢ی ڕێبەندانی ٣٩ ساڵەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی داوا دەکا بۆ چارەسەری کێشەکانی وڵات بە پێی ئەسلی ٥٩ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران پرس بە خەڵک بکەین و ڕێگاچارە لەوان بخوازین. ئەو لێداونەی ئاغای ڕووحانی لە یەکەم ڕوانگەدا باش دێتە بەر چاو و دەتوانین بڵێین ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە دەسەڵاتدارانی ئێران دەنگی خەڵکیان بیستووە، بۆیە پەنا بۆ بەڕێوەچوونی ئەسڵی ٥٩ی قانوونی بنەڕەتی ئێران دەبەن؛ بەڵام کاتێک بە ناخی سیستمی کۆماری ئیسلامی و قانوونەکانیدا دەچینە خوارێ بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو گوتارەی ئاغای ڕووحانی واتا گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک هیچ زەمانەتێکی ئیجرایی لە پشت نیە. لەبەر ئەوەی لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا ئەگەر ئەسڵێک باس لە گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک لە شێوەی ڕێفراندۆم بۆ چارەسەری گرفتەکان دەکا، چەند ئەسلی دیکەش هەن کە دەبنە لەمپەر لەبەرامبەر جێبەجێکردنیدا.

ئەسلی ٥٩ کە ڕووحانی پشتی پێ دەبەستێ تا لە ڕێگای جێبەجێکردنی ئەوەوە بتوانن خەڵک لەگەڵ سیاستەکانی خۆیان هاوڕا بکەن یا لە ڕێگای دەنگی خەڵکەوە پاشەکشە بە کۆمەڵێک قانوون بکەن کە لەمپەریان لەسەر ڕێگەی دەوڵەتی ڕووحانی دروست کردووە، تایبەتە بەو ڕێکارانەی وەک قانوون لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە مەجلیس دەردەچن و لە چوارچێوەی ساختاری قانوونی بنەڕەتیی ئێران دان و ئەوە خودی نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی ئێرانە کە سەرچاوەی هەموو کێشە و گرفتەکانە.

ئەگەر ڕوونتر باسی بکەین ئەسڵی ٥٩ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران کە باس لە ڕێفراندۆم دەکا تەنیا لە چوارچیوەی پەسند کراوەکانی مەجڵیس لە بواری سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی دایە. ئەوە ڕاستە کە قانوونەکانی مەجلیسی شوڕای ئیسلامی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە هەر بە پێی قانوونی بنەڕەتیی ئێران دەسەڵاتی بەرزتر هەیە کە فەرمانەکانی سەرووترن لە پەسندکراوەکانی مەجلیس و لە هەمان کاتدا بۆ جێبەجێکردنی ئەسلی ٥٩ پێویستە دوو لەسەر سێ هەموو ئەندامانی مەجلیس دەنگ بدەن بە جێبەجیکردنی ڕێفراندۆم و لە کۆتاییدا دەبێ ئەو بڕیارە بەلای ڕێبەریی نیزامەوە پەسند بێ. جیا لەوە لە شەش ئەسڵی دیکەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا باسی ڕێفراندۆم کراوە. بە پێی ئەسڵی ٦ «دەبێ ئیدارەی وڵات بە پشتبەستن بە دەنگی خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە بەڕێوە بچی، وەک هەڵبژاردنی سەرکۆمار و نوێنەرانی مەجلیس و .... یا لە ڕێگای گشتپرسییەوە ئەو بابەتانەی کە لە ئەسڵەکانی دیکەی ئەو قانوونەدا دەستنیشان کراوەن چارەسەر بکرێن». بەڵام ئەسڵی ٩٩ی قانوونی بنەڕەتی ئێران باس لەوە دەکا کە شوڕای نیگەهبان چاوەدێری بەسەر هەموو هەڵبژاردنەکاندا دەکا و لە هەموو لایەک ڕوونە چاوەدێریی شوڕای نیگەهبان بە پێی پێکهاتەکەی ناتوانێ بێلایەن بێ؛ چونکە ئەندامانی ئەو شورایە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن و لە بەرابەر هیچ دەزگایەکدا وەڵامدەر نین بێجگە لە ڕێبەر نەبێ و؛ لە حاڵەتێکی وادا ئەگەر ئەسڵی ٥٩ش وەک خۆی جێبەجێ بکرێ دیسان ویستی خەڵک لە ڕێفراندۆم نایەتە دی و ڕەنگە لە حاڵەتی وادا ئاکامی ڕێفراندۆم بە قازانجی ڕێژیمیش بشکێتەوە. بێجگە لەو حاڵەتە هەر بەپێی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لە ئەسڵی ١١٠ دا بڕیاردان لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە دەسەڵاتی ڕێبەر دایە.

ئەگەر باشتر و وردتر بە ناخی قانوونی بنەڕەتی ئێراندا بڕۆینە خوارێ دەبینین لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا ناکرێ و ناتوانرێ بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری پشت بە ڕێفراندۆم لە چوارچێوەی نیزامدا ببەستین، چونکە ئەسڵی ١٧٧ بەڕوونی ئەو خاڵانەی دەستنیشان کردوون کە بۆ هەتاهەتایە _واتا هەتا کۆماری ئیسلامی بمێنێ_ قابیلی گۆڕان و دەستکاری نین و ئەو خاڵانە لە ڕاستیدا سەلمێنەری جەوهەری نادێموکراتبوونی کۆماری ئیسلامین. ئەسڵی ١٧٧باس لەوە دەکا کە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی یا پرسێکی سیاسیی گرینگ پێویستی بە ڕەزامەندیی ڕێبەر هەیە، هەروەها ئەو ئەسڵە پێداگری لەسەر ئەوە دەکا کە ئەسڵی ٥٩ هیچ پێوەندیی بە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتییەوە نیە. هەر ئەو ئەسڵە لە کۆتاییدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە «ئیسلامیبوونی نیزام و هەموو ئەو قانوون و ڕێکارانەی کە لەسەر بنەمای ڕێوشوێنی ئیسلامی و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆمارییبوونی حکومەت ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتیی ئۆمەت .... و دین و مەزهەبی ڕەسمی ئێران ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نایە و دەستیان لێ نادرێ.» ئەو پێداگرییەی ئەسڵی ١٧٧ لە سەر ئەوانەی باسیان کرا نیشانەی ئەوەیە کە بەبوونی قانوونی بنەڕەتییەکی لەو بابەتە هیچ ڕێفراندۆمێک ناتوانی مەبەستی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بێنێتە دی و ئاڵوگۆر لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا پێک بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەگەر ڕێفراندۆم کە داوا و مەبەستی خەڵک و چالاکانی سیاسی و مەدەنییە لە چوارچیوەی قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا ناگونجێ، ئەدی سەرکۆمار بە چ مەبەستێک باسی دەکا ؟ لێرە دایە کە دەتوانین ئەو ئاکامە وەرگرین ڕێفراندۆمێک کە مەبەستی ئاغای ڕووحانییە بە هیچ جور ناچێتە خانەی داواکانی خەڵک، چونکە ئەگەر ئەوەی ڕووحانی بە پشتبەستن بە ئەسڵی ٥٩ باسی دەکا هەر وەک پێشتر گوترا بێتەدیش، ناتوانێ لە سەر ئەو قانوونانە بێ کە ماوەی ٣٩ ساڵە ژیانیان لە خەڵکی ئێران هەڵگرتووە. بۆ نموونە ناتوانرێ مەسەلەی دین لە دەوڵەت جیا بێ، یا ئازادیی ژنان بخرێتە بەردەم ڕێفراندۆم و دەنگی خەڵک، یا چاپەمەنی و حیزبە سیاسییەکان تیکۆشانی ئازادیان هەبێ...

ئەگەر بمانەوێ کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی دێموکراتیک لە بواری بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمدا بەراورد بکەین، دەبینین خەڵکی ئێران بیرەوەریی ئەوەندە خۆشیان لە ڕێفراندۆم نیە؛ چونکی وەک باسمان کرد ڕێفراندۆم لە بنەڕەتدا ڕێکارێکی پێشکەوتووانەیە بۆ چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانەی کە لایەنی دەسەڵاتدار ناتوانن چارەسەری بکەین و بۆ بڕیاری کۆتایی ڕوو لە دەنگی خەڵک دەکەن و پڕۆسەکە بە شێوەیەکی دێموکراتیک و ئازادانە بەڕێوەدەچێ و ئەنجامی ڕێفراندۆم بۆ دەسەڵات و کۆمەڵگە حوکمی قانوونی هەیە و لەلایەن دەسەڵاتەوە جێبەجێ دەکرێ. بەڵام لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ئێران و بە تایبەتی ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێفراندۆم نەک نەیتوانیوە چارەسەر بەڵکوو هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ چەسپاندنی دیکتاتۆریی دەسەڵات. هەربۆیە بە سەرنجدان بە سیستمی ئاڵۆزی دەسەڵات و چوارچێوەی قانوونییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڕێوەچوونی هەر ڕێفراندۆمێک بێ پەسند و ملدانی ڕێبەر یا دوو لەسەر سێی ئەندامانی مەجلیس ئیمکانی بەڕێوە چوونی نیە و لەو حاڵەدا سەرۆک کۆمار و سەرۆکی دەزگاکانی دیکەی نیزام و دەستە و حیزبی سیاسی ناتوانن بۆ هیچ پرسێک کە داواکارییەکانی خەڵک وەدی بێنێ، ڕێفراندۆم بکەن.

> ئەسڵی ١٧٧ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی دەڵێ ئیسلامیبوونی نیزام و هەموو ئەو قانوون و ڕێکارانەی کە لەسەر بنەمای ڕێوشوێنی ئیسلامی و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆمارییبوونی حکومەت ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتیی ئۆمەت و دین و مەزهەبی ڕەسمی ئێران ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نایە و دەستیان لێ نادرێ؛ واتە بەبوونی قانوونی بنەڕەتییەکی لەو بابەتە هیچ ڕێفراندۆمێک ناتوانی مەبەستی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بێنێتە دی




## پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی سێهەمی H.D.P

بەڕێزان سەلاحەدین دەمیرتاش _ سەرپیل کەمالبای، هاوسەرۆکانی گشتیی H.D.P!

بەڕێزان، سەرکردایەتی، ئەندامان و لایەنگران و بەشدارانی کۆنگرە!

بەبۆنەی بەستنی سێهەمین کۆنگرەی پارتەکەتان، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکێش دەکەین و هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکاندا بۆ دەخوازین.

کۆنگرەی سێهەمی ئێوە لە کاتێکدا پێکدێ کە هێشتا خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ مافە مرۆیی و نەتەوەیی و مەدەنییەکان بەردەوامە و کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە گۆڕەپانێکی نابەرامبەر و نادێموکراتیکدا شەڕی ماف و ئازادییەکانی دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەچاوی ڕێز و بایەخەوە دەڕوانێتە خەبات و تێکۆشانی خوشک و براکانی لە باکووری کوردستان بۆ ئازادی، یەکسانی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافی ژنان. ئەوەش کە H.D.P ئەوانەی وەک ئامانج و دروشم بۆ کاری سێهەم کۆنگرەی خۆی دیاری کردوە، نیشانەی ڕەوایی و بەرحەقبوونی خەبات و تێکۆشانەکەیەتی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێگای ئێوە و کۆنگرەکەتانەوە، هاوپیوەندیی خۆی لەگەڵ گەلی کورد لە باکووری کوردستان دووپات دەکاتەوە و وەک هەمیشە خۆی بە پشتیوانی دۆزی کورد دەزانێ. ئێمە وێڕای دووپاتکردنەوەی پشتیوانیی خۆمان لە داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان و خەبات و بەرخودانی ئێوە لە پێناوی بەرەوپێشبردنی پرسی کورد لە وڵاتەکەتان، ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١١ی فێورییەی ٢٠١٨**

## سەردانی شاندی پارتی ئاشتیی گەلان بۆ دەفتەری نوێنەرایەتیی حدک لە هەولێر



ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ڕێبەندانی ٩٦ شاندی نوێنەرایەتی HDP پێکهاتوو لە عابید ئیکە و خاتوو موزەییەن سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد و لەلایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، مستەفا مەولوودی و نوێنەری حیزب، ئیبراهیم زێوەییەوە، پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا کۆمەڵێک بابەت و پرسی پێوەندیدار بە دۆخی کورد لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خرانە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. هەروەها سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی ئەو دیدارەدا پەیامی پیرۆزبایی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ کۆنگرەی سێهەمی «پارتی ئاشتی گەلان، هادەپ» ڕادەستی شاندی میوان کرد.

## دووهەمین کۆنفڕانسی پلاتفۆرمی وێران

ڕۆژی شەممە ٢١ی ڕێبەندان دووهەمین کۆنفڕانسی پلاتفۆرمی وێران بەناوی خەسارناسیی شۆڕش بەڕێوە چوو.

کاری کۆنفڕانس بە قسەکانی پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕێکخەری «پلاتفۆرمی وێران»ە دەستی پێکرد و ئامانج لە پلاتفۆرم و کۆنفڕانسەکانی بۆ بەشداربوان شی کردەوە.

لە پانێلی یەکەمی کۆنفڕانسدا دکتور یاسین سەردەشتی، مامۆستای زانکۆ باسێکی لە «خەسارناسیی چەمکی شۆڕش» کرد. لە پانێلی دووهەمدا حەسەن ڕەحمانپەنا، ئەندامی ڕێبەریی ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیست، کۆمەڵە؛ باسەکەی تەرخانکرد بە شیکاریی هۆکارە دەرەکی و نێوخۆییەکانی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی و پۆلێنبەندیی جێگەوپێگەی چەپی ئێران و کوردستانی لە ڕاپەڕینی ساڵی ٥٧ و ئاڵوگۆڕەکانی دواتردا کرد. لە پانێلی سێهەمدا سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ باسێکی پێشکێش کرد لە ژێر سەردێری «ڕوحانیەتی شیعە و شۆڕشی ٥٧.» خالید محەممەدزادە کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەو کۆنفڕانسە بوو کە باسی لە دۆخ و ڕۆڵی کورد لە نێوان شۆڕشەکانی ئێراندا کرد و کۆتا پانێل لەلایەن عەبدووڵا حیجاب، چاوەدێری سیاسییەوە پێشکێش کرا کە باسی لە «ڕەنگدانەوەی ڕابردوو لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا» کرد.



## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران



لەکاتێکدا لە ساڵوەگەری ٣٩ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی ئازاد و دێمۆکراتیک نزیک دەبینەوە کە خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی قۆناغێکی نوێی بڕیوە. خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ٧ی بەفرانبار و ڕۆژانی دواتری کاریگەریی گەورەیان لە ئاستی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی دیکتاتۆری داناوە و سیمایەکی تازەی خەباتکارانەیان بە بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و هەڵپێچانی سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەخشیوە .

ئاخێزی بەرین و بەربڵاوی شار و ناوچە جیاجیاکانی ئێران ئەگەرچی لە نارەزایەتی بە دۆخی نالەباری ژیان و مەعیشەتی خەڵکەوە بوو، بێگومان بەرهەمی سیاسەتی چەوت و گەندەڵیی ئابووریی دارماو و ڕانتی و قۆرغکراوی سپای پاسداران و دامودەزگە ئەمنیەتییەکانی سەر بە بەیتی خامنەیین کە هەر زۆر زوو ئاراستەیەکی سیاسیی بەخۆوە گرت و بەشداریی جەسوورانە و ماناداری لاوان، ژنان، کرێکاران، خوێندکاران و باقی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە هیوایەکی تازەیان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران بەخشیوە. نێوەرۆکی ئەو خۆپیشاندانانە و پانتایيە جۆغرافیاییەکەی لە چاو خۆپیشاندانەکانی پێشووتری ئێران دەریان خست کە ئێران و خەباتی سیاسی و مەدەنی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. سەرەکیترین بەرهەم و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە: داماڵینی مەشرووعییەت لە سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە هەر دوو باڵی ئیسلاحخواز و بناژۆخواز و هەروەها کۆتاییهێنان بە چەقبەستوویی سیاسی و دارمانی هەیمەنەی ڕێژیم و لە بەرامبەریشدا بەرزبوونەوەی ورەی خەباتکارانەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، سەلماندی قەڵای دیکتاتورییەت لە بەرانبەر هێز و ئیرادەی جەماوەردا، چەند لاواز و زەبوونە .

ئاشکرایە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی نگریسی لە هیچ ئامراز و شێوازێک بۆ سەرکوت و داپڵۆسین، کوشتن و بڕین و زیندان و ئێعدام درێغی نەکردوە، بەڵام نەیتوانیوە هەستی ئازادیخوازی لە ئێران بکوژێ. بۆیە پاش تۆمارکردنی مێژوویەکی ڕەش و کەڵکوەرگرتن لە هەموو دامودەزگە سەرکوتگەرەکانیەوە، بە هەموو پرۆپاگەندەی میدیایی و ئێرشاد و سیستمە پەروەردەکەیەوە نەیتوانی ئاراستەی ویستی خەڵک و ئامانجەکانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە بریتی بوون لە نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و چینایەتی، بەهرەمەندی کەمایەتییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان لە مافە ڕەواکانیان، و هەروەها دەستەبەکردنی مافی ژنان، ئازادیی تاک و بە گشتی بونیاتنانی ئێرانێکی ئازاد و دێمۆکرات وسکۆلار، بگۆڕێ .

لە ساڵیادی ٣٩ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا بە چاوخشاندێکی کورت بە بارودوخی سیاسی و ئابووریی ئێرانی ژێردەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بەڕوونی دەردەکەوێ کە چۆن بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە ئاوات و ئامانجەکانی شۆڕشی جەماوەرییان بە لارێدا برد و بە دواکەوتووترین یاسای سەردەم حاشایان لە ماف و ئازادییەکان کرد و وڵاتیان نوقمی گەندەڵی، دزی و تاڵان و بڕ و وێرانی کردوە. هەڵاوسانی ڕوو لە زیاد بوون و بەتاڵتربوونەوەی سندووقی پاشەکەوت، وەرشکستەیی بانکەکان، نوشستیی ئابووری و بێکاری و ئابووریی ئێران و تەنانەت ڕێژیم و دەسەڵاتیشی بە بن بەست گەیاندوە و تەنها ئاسوی گەش و هیوا بەخش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە گۆڕانی سیستەمی سیاسیە، کە ئەمرۆ بە پانتایی ئێران بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی (ژنان، خوێندکاران، لاوان، ژینگەپارێزی، کرێکاران و) تێیدا لە گەشەسەندنی بەرچاودان. کەشی ترس و تۆقاندنی داسەپاوی دەیان ساڵەی ڕێژیم شەقی گەورەی تێکەوتووە و خەڵک ترسیان ڕژاوە. لە ئاستی دەرەکی و ناوچەییشدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی گەورەی چارهەڵنەگر بەرەوڕووە. پشتیوانیی ئاشکرای لە تیرۆریزم، ئاژاوەگێڕی و شەڕەنگێزیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، بۆ دنیا ئاشکرایە و درێژەدانی ئەم سیاسەتە چیدیکە قبوول ناکرێن .

بزووتنەوەی مافخۆازانەی کوردستان بە تایبەتمەندییە پێشکەوتنخوازانەکانی کە هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی خەبات بۆ ڕووخانی ڕژیمی تۆتالیتێر و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بووە، بێ گومان لە داهاتووشدا ئەرکی گەورەی لەو بوارە لە ئەستۆ دەبێ.

بە تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی ئێستا و ئەرکمان لە بەردەم ئەم گۆڕانە گەورە کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە ئێران، لەم بڕوایە داین کە یەکیەتی، یەکڕیزی و هاوهەڵوێستیی هەموو ئازادیخوازان و ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی بۆ سەرخستنی ئەرک و ڕاسپاردە مێژووییەکانیان و پشتیوانی لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان پێویستییەکی چارەنووسساز و حاشاهەڵنەگرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێرای بەرزنرخاندنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دێمۆکرات و سیکۆلار و دادپەروەر، پشتیوانی لە خەباتی خەڵک بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان و سەرەنجام گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لە ئێران دەکا و خۆی بە پاڵپشتی هەر بزووتنەوەیەکی دیموکراسیخۆازانە دەزانێ بۆ لاوازکردن و هەڵپێچانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە سەر پێویستیی هاوکاری و هاوپشتی و هاوخەباتیی هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی ئێران پێداگری دەکاتەوە.

سەرکەوێ بزووتنەوی رزگاریخوازانەی گەلی کورد
برووخێ دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی لە ئێران
**١٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ هەتاوی**
**٨ی فێوریەی ٢٠١٨ی زایینی**

***

(ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتووە)

### م. عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

# چارناچار ڕاپەڕینێکی دیکە دەبی ببێ هەتا ئەو نەزمە وەرگێڕێ

٣٩ ساڵ لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ تێپەڕی. شۆڕشێک کە بڕیار بوو ئازادی بۆ خەڵک بەدیاری بێنێ، هەژاری و چەوسانەوە و بێمافی نەهێڵێ، کێشەکانی خەڵک بنەبڕ بکا و ئێران بکاتە بەهەشتی سەرزەوی. ٣٩ ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئێستا خەڵک هاتوونەتەوە سەرشەقام. لە دژی بارودۆخی ئابووریی وڵات ڕاپەڕیون و بۆ مافە سیاسی و مەدەنییەکانیان دروشم دەدەن. شۆڕشی ساڵی ٥٧ بۆ گەیشتە بارودۆخی ئەمرۆ؟ لە کوێدا هەڵە کرا و چار چییە؟ «کوردستان» بۆ تاوتوێی ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیاسەتمەدار و سیمای دیاری حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە:

دیمانە: علی بداغی



**٣٩ ساڵ لەوە پێش ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لە ئاکامی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریدا ڕووخا. لە ڕووی تیۆری و دوایەش ئاقاری ڕووداوەکان ئێستاش ئەو پرسیارە هەر جێی مشتومڕە کە ئایا ئەو شۆڕشە ئیسلامی بوو یان نەبوو؟ ڕەنگبێ ئەهەمیەتی باسەکە لەوەڕا بێ کە ئەو کاتە ڕووحانیەت لە ئێران نفووزێکی زۆر تایبەتیی هەبووە و دوای ٤ دەیە بڵێی ئەو نفووزە یان ئەو جێگەوپێگەیە ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێراندا لە جێی خۆی مابێ یان نا؟**

هەتا ئێستاش ئەو ناکۆکیی بیروڕایە هەیە کە ئەرێ ئێمە بڵێین شۆڕش، بڵێین ڕاپەڕین، بڵێین بزووتنەوە؟ شتی جۆراوجۆری ناو لێدەنێین. بەهەرحاڵ لانیکەمی ئەوەیە کە ئەوەی لە ئێران ڕووی دا ڕاپەڕینێکە. ئەو ڕاپەڕینە ڕاپەڕینی ڕووحانیەت بوو یان ڕاپەڕینی خەڵک بوو بە ڕەئی من ڕاپەڕینی هەموو خەڵکی ئێران بوو. هەموو خەڵکی ئێران لە دەست سیاسەتی ڕێژیمی پاشایەتی، لەدەست وەزعی خراپی ئابووری و لەدەست نەبوونی ئازادییەکان وەجان هاتبوون و چین و توێژ و نەتەوەی جۆراوجۆری ئێران هەموویان داخواز و مەبەستی تایبەت بە خۆیانیان هەبوو. بۆ وەدیهاتنی ئەو ئاواتانە کە لەمێژ بوو لە دڵیاندا هەبوو هاتبوونە مەیدان، بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە کە بڵێی شۆڕشەکە بەدەست خەڵکی دیکەوە بوو، وەک هێندێک جار دەگوترێ ئاخوندەکان هاتن بە تاڵانیان برد. ڕەنگە جەنابت وەبیرت نەیە بەڵام ئەو وەختی قسەیەک دەگوترا کە خەڵکی ئێران هەموو دەزانن چیان ناوێ بەڵام نازانن چیان دەوێ. ئەوە ڕاست بوو بەڵام لەسەر خەڵکەکەی دیکە ڕاست بوو. پیاو حەق بڵێ لەسەر دەم و دەزگای دینی یان ئاخوندەکان بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕاست نەبوو، چونکی ئەوان دەیانزانی. ئەمن لەبیرم نیە کەنگێ بوو بەڵام بە دەیان ساڵ پێش، بە ئیحتمالی زۆر دەوری ٢٠ ساڵ پێش ئەو وەختی نامیلکەیەکم دی بەناوی بەرنامەی ئینقلابی ئیسلامی. نازانم کتێبخانەیەکی چکۆلەی قاچاغم هەبوو لە وڵات ماوە یان نەماوە بەڵام لەوێدا ئەوە بەرنامەیە هەبوو. ئەوان دەیانزانی چ بکەن. پاشان حەقیقەت ئەوەیە کە ئاخوندەکان ڕێکوپێک بوون. حیزبیان هەبوو، بە قەولی شەهید دوکتور قاسملوو کادری حیزبییان هەبوو، کووبڵی حیزبییان هەبوو. کادری حیزبی دەوری سێسەدهەزار ئاخوند بوون و کووبڵی حیزبی سێسەدهەزار مزگەوت بوو کە هەمووشی لە یەک سەرچاوە دەستووری وەردەگرت. ئەوەی ئەو وەختی پێیان دەگوت شۆڕشی نەوارەکان. خومەینی بەو زمانە «شیرین»ەی خۆی کە بۆخۆمان دەزانین چۆنی قسە دەکرد شریتێکی پڕ دەکردەوە و لە نەجەف یان لە پاریس ڕا دەیناردەوە لە ماوەی دوو شەووڕۆژ سێ شەووڕۆژدا دەیان و سەدان هەزار کۆپیی لەسەر هەڵدەگیرا و لە هەموو دێ و شار و بڵێین کووچە و کۆڵاناندا ئیستفادەی لێ دەکرا. کەوابێ ئەو ڕاپەڕینە، ئەو شۆڕشە _ناوەکەی کێشە نیە هەرچی بێ_ گوناح نیە بڵێین هی مەلاکان بوو. مەلاکان ڕێبەرییان کرد، مەلاکان هیدایەتیان کرد و بەرهەمەکەش ئەوان خواردیان؛ بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نیە کە خەڵک ئەوەی دەویست. خەڵکی دیکە لە ئێران یەکێک پێی خۆش بوو بەرنامەی فەرهەنگی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن باشتر بێ، یەکێک دەیویست بەرنامەی ئامووزشی لە مەدارس و دانیشگاکان باشتر بێ، یەکێک دەیەویست وەزعی ئابووری باشتر بێ، یەکێک دەیەویست چیدیکە لە مافە نەتەوایەتییەکانی بێبەش نەبێ. هەموو ئەمانەی تێدا هەبوون. بەڵام چونکی ئەمانە ڕێکخراو نەبوون، نە حیزبێکی سەرتاسەری هەبوو بتوانێ هیدایەتیان بکا نە جەبهەیەک هەبوو. ئاخوندکان کە ئەوان ڕێکوپێک بوون گرەوەکەیان بردەوە.

**ئەدی دوای چوار دەیە ئێستاش پێتان وایە ئاخوندەکان و ڕووحانیەت ئەو پێگە بەهێزە کۆمەڵایەتییەیان هەیە لە ئێراندا کە بوویان؟**

بێگومان ئەو پێگە بەهێزە مەعنەوییەیان نەماوە. ساڵ ٥٧ لە جەریانی ئەو ڕاپەڕینەدا خەڵک بە عەلاقەوە هەموو شتێکی بە قسەی خومەینی دەکرد بە ئیمانەوە دەیکرد ئێستا ئەوە نەماوە، بەڵام لە موقابیلدا نوقتە قوەتێکی دیکەیان هەیە. ئەگەر ئەو وەختی تەنیا کۆمەڵێک ئاخوندی هوشیار و شێلگیر _بەتایبەتی ڕێبەرییەکە_ زیدی ڕێژیم بوون، ئێستا بۆخۆیان ڕێژیمێکن کە هەموو سەرچاوەکانی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. با بڵێین ئەو کات نەوەد لە سەدی خەڵک بوون ئێستا دە لە سەدن. بەڵام ئەو دە لەسەدە هەموو ئیمکاناتی مادی، ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی، تەبلیغاتی، چی ئەتۆ دەتەوێ هەمووی لەبەر دەستی ئەواندایە. کەوابێ پێگەی توودەییان وەک جاران بەهێز نیە بەڵام دەسەڵاتیان زۆر لەو وەختی بە قوەتترە.

**مامۆستا فەرمووت کە خەڵک ئەوەی نەدەویست کە ئێستا کە لەبەری هەڵدەگرێتەوە یان ڕۆژانە لەگەڵی بەرەوڕوویە. ئایا خەڵک ئیشتبایان کرد کە شۆڕشیان کرد و ئایا دەبێ ئەو خەڵکە لۆمە بکرێن کە بۆ وایان کرد؟**

ئەمن پێموایە ڕاپەڕین لە دژی نیزامی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتی بە هیچ حاڵێک ڕاپەڕینێکی بەهەڵە نەبوو، چونکی ئەو ڕێژیمە بە ئەندازەیەک دەرحەقی هەموو کۆمەڵی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانیەوە ناحەقیی کردبوو کە بۆیە دەبوو لەدژی ڕاپەڕن. کەوابێ بە باوەڕی من هەڵەیان نەکردوە، ئامانجەکانیان ڕەوا بوون. هەڵەکە لەوەدا بوو کە بەبێ بەرنامە بوون، یەکنەگرتوو بوون و نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان وەدی بێنن. ئەوەی کە ڕێکخراو و بە بەرنامە بوو توانی ئامانجەکانی وەدی بێنێ. هەر وەک لەبیرمانە ڕێبەری ئینقلابی ئیسلامی دەیگوت ئیقتساد هی حەیواناتە ئەو خەڵکە ئینقلابی بۆ ئەوە نەکردوە یارەڵماسی هەرزان ببێ، بۆ مەعنەویات کردوویانە. ئێستا با لەوە گەڕێین کە بۆخۆی چەندەی باوەڕ بەوە هەبوو، بەڵام ئەو ئامانجانەی ئەو خەباتی بۆ کردوون دەتوانین لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن دەمودەزگای دینییەوە خولاسەی بکەینەوە. ئەوەی جڵەوی شۆڕشەکەی بە دەستەوە بووە ئامانجی ڕاپەڕینەکەشی بە دەست هێناوە، بەڵام ئەوانەی ڕێبەرییان نەکردوە و نەقشی کاریگەریان تێیدا نەبووە نەیانتوانیوە بە ئامانجەکانیان بگەن. بەوحاڵەش ئامانجەکانیان موقەدەسن کە بۆ وەدیهێنانیان دژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتیان کردوە.

**دەی خۆ قسەی خومەینی ڕاستە کە دەیگوت ئێمە شۆڕشمان بۆ هەرزانکردنی یارەڵماسی نەکردوە، چونکی ئەگەر سێ شۆڕشی گەورەی دنیا، شۆڕشی فەڕانسە و شۆڕشی ئێران و شۆڕشی ڕووسیە بە نموونە وەرگرین لە هەرسێکیاندا وەزعی ژیانی خەڵک و گوزەران و ئابووریی ئەو ساڵانەی کە وا ئەو شۆڕشانەیان تێدا کرا بە نیسبەتی ساڵانی پێشووی باشتر بووە؟**

نا، وەک عەرزم کردی ئامانجەکانی شۆڕش جۆراوجۆر بوون، ئابووری بوون، کۆمەڵایەتی بوون، فەلسەفی بوون، هەموو ئەو شتانە هەبوون، بەڵام ئەوە کە بڵێین ساڵی ١٣٥٧ وەزعی ئابووریی خەڵک چاکتر بووە لە ڕابردوو و ئەوانە، هەموو دەکرێ بڵێین پێش سەرکەوتنی ئینقلاب بووە؛ دەنا دوای سەرکەوتنی ئینقلاب وەزعێکی باشتر نەهاتە گۆڕێ. لە جەریانی ئینقلابدا ئێرانێک کە لەسەر دەریای نەوت دەژیا و لەسەر دۆلارە نەوتییەکان دەنووست، سەری کیسەی دەکردەوە و ئیمکاناتی زیادی دا بەو هیوایە کە بتوانێ بە پووڵ و پارە پێشی ئەو ڕاپەرینە بگرێ، ئیمکاناتی ماددیی بۆ خەڵکی پتر کردبوو، بەڵام شەرت نیە ڕاپەڕینێک کە ئەوڕۆکە دەبێ، حەتمەن سبەینێ وەزعی ئابووری و وەزعی فەرهەنگی لە ڕابردوو چاکتر بکا، چونکە شۆڕش بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتووی وەکوو مەنتەقەکەی ئێمە بە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تا حەددێکی زۆر هەموو ئاسیا و ئەولاتریشەوە بڕۆیە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، ئەوەی پێیان دەڵێن دنیای سێهەم، عادەتەن شۆڕش وێرانیی لێ بەجێ دەمێنێ، ئەو وێرانییە چەند ساڵ دەبێ خەڵک باجەکەی بدەن، وەزع چاکتر نابێ، بەڵکوو خراپتریش دەبێ، بەڵام هەدەفەکە ئەوەیە کە هەم دەسەڵات

کوردستان
ژمارە: ٧٢٠
٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ١٩ی فێوریەی ٢٠١٨

لە دەستی چینە زۆردارەکان بێتە دەرێ و بکەوێتە دەستی تەبەقاتێک کە خەڵک باوەڕی پێیان هەیە و لەنێو خەڵک هەڵقوڵاون، هەمیش بەرەبەرە بناغەی نەزمێکی دیکە دابنرێ، نەزمەکە فەرهەنگییە، ئابوورییە، تەبلیغاتییە یان هەموو جەنبەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

مەنتەقەیەکی کە ئەمنی لێ دەژیام، لە سەردەشت، لەسەر پردی کەڵوێ کە نزیکە لە سەردەشت و وورە لە مەهاباد پاسگایەک هەبوو جاری وابوو ١٠ نەفەری لێ بوو جاری وابوو ٧ نەفەری لێ بوو. لەوێ بەولاوە هیچی لێ نەبوو تا دەگەیشتە مەنتەقەی پیرانشار بەڵام دوو ژاندارم وەڕێ دەکەوتن بۆ هەر ئەمریکی دەوڵەتی ئەو مەنتیقە

تەسخیرناپەزیرە. بەڵام تەنیا مەنتەقەیە کە تەسلیمی کۆماری ئیسلامی نەبووە، ئیدەکانی جودابیری، ئازدیخوازی، ئازادمەنشیی لە خۆیدا هەر ڕاگرتوون. کەوابێ کوردستان زەرەرمەندی یەکەم نیە و کەمتر لەوانی دیکەش زیانی پێ گەیوە. ئەگەر باسی کوشتن بێ زۆری لێ کوژراوە، ئەگەر قسە لە زوڵم و زۆری ئابووری بێ، زۆری بینیوە. هەرچەند بەینی خۆمان بێ خەڵکی کوردستان بە جۆرێکی دیکە ئەمەیان قەرەبوو کردۆتەوە، ئێستا کوردستان ئیدی دواکەوتووترین مەنتەقەی ئێران نیە، ئێستا کوردستان برسیترین ناوچەی ئێرانیش نیە، ئێستا شارێکی وەک بانە لە کوردستان بۆ تاران بۆتە دوبەی. کەوایە کوردستان دیسان لەتوانایدا هەیە ئەگە ڕۆژی خۆی هات جارێکی دیکە ببووژێتەوە و بێتەوە مەیدان و نەقشی خۆی یاری بکا. ئەمن پێم باش نیە ئێمە لەسەر نەخشی کوردستان موبالغە بکەین و بڵێین ئێران لە کوردستانەوە ئازاد دەبێ. ئەمە شوعارێکی زێدەڕۆیانەیە. ئێران لە ئێرانەوە یان ئەگەر جێیەک دابنێین، لە تارانەوە ڕزگار دەبێ. بەڵام پێم وایە ئەو پارچە زەمینەی پێی دەڵێن کوردستان هێندی هەموو پارچە زەمینەکی بەقەدەر خۆی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران و بگرە زیاتریش لە هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکدا کە لە ئێران هەڵگیرسێ، نەخش یاری دەکا.

**هەمیشە لە ساڵیادی شۆڕشدا ئەو پرسیارە دەکرێ کە بەڕاستی کورد توانیوێتی لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ ئیستفادە بکا یان کورد بۆخۆی نەیتوانیوە کێشە نێوخۆیەکانی کورد نەیتوانیوە بەراستی؟**

ڕاپەڕین لە دژی نیزامی دووهەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتی بە هیچ حاڵێک ڕاپەڕینێکی بەهەڵە نەبوو، هەڵەکە لەوەدا بوو کە خەڵک بە بێ بەرنامە بوون، یەکنەگرتوو بوون و نەیانتوانیوە ئامانجەکانیان وەدی بێنن. ئەوەی جڵەوی شۆڕشەکەی بە دەستەوە بووە ئامانجی ڕاپەڕینەکەشی بە دەست هێناوە، بەڵام ئەوانەی ڕێبەرییان نەکردوە و نەقشی کاریگەریان تێیدا نەبووە نەیانتوانیوە بە ئامانجەکانیان بگەن

**مامۆستا ئێستا وەزعەکە تەواو پێچەوانە و جیاوازە لە بارودۆخی پێش شۆڕشی ٥٧. دەبینی کە وەزعی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک چۆنە. پێتان وایە کە شۆڕشێکی دیکە چاوەڕوانی خەڵکی ئێمە دەکا یان کۆمەڵگەی ئێران چیدیکە بەلای شۆڕشدا ناچێ و بیر لە ڕێگەی دیکە دەکاتەوە بۆ گۆڕانکاری؟**

ئەمن وەکوو هێندێک ڕێکخراو یان کەسی خواپێداو!! ناتوانم پێشبینیی زەمان بکەم، بەڵام پێموایە شۆڕشێکی دیکە ناچار دەبێ ببێ، چونکی ئەو وەزعە ناتوانێ تاسەر بەردەوام بێ، دەبێ ئەو وەزعە بگۆڕێ، لە حاڵێکیشدا کە دیموکراسی لە وڵاتدا حاکم نیە و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گوێ بە قسەی خەڵک نادا، چارناچار دەبێ ڕاپەڕینێکی دیکە ببێ تا بتوانێ ئەو نەزمە وەرگێڕێ، کەوابێ خەڵک نەک تەنبێ نەبوون و نابێ تەنبێ بن، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەن زووتر ئەو هەدەفانەی لە ڕاپەڕینی ٥٧دا نەیانتوانی بە دەستیان بێنن و ئەوە ٤٠ ساڵیشە بە دواییاندا وێڵن و لێیان مەحروومن، وەدی بێنن، پێم وانیە ئەوە تەواو بووە.

وەسیعەی دەگەڕان چیان ئەمر کردبایە جێبەجێیان دەکرد، کەس نەیدەتوانی فکریش لە نافەرمانی بکاتەوە، بەڵام ڕێژیمی جمهوری ئیسلامی لەسەر هەموو تەپۆڵکەیەک پایەگایەکی دانابوو. ئەوە سەقامگیری نیە. سەقامگیری ئەوەیە کە ڕێژیمەکە لەگەڵ ئەوەی خۆشەویست نیە، بێزراوە بەڵام غەڵەبەی کردبێ. ئێستا بە باوەڕی من وەزعەکە فەرقی کردوە. ئەوەی پێی دەڵێن و دەتوانین پێی بڵێین سەقامگیری، نەوەک وەک دەورانی ڕێژیمی پاشایەتی بەڵام تا حەدێک پەیدا بووە ئێستا دیاردەی نیزامگەری لە وڵاتەکە بەو ئەندازەیە نەماوە بەتایبەتی ئەگەر بچینە دەرەوەی کوردستان ئەوە دیاردەیە زۆر کەم بووە لە کوردستانیش زۆری فەرق کردوە بەڵام ئەوەی ئەو ڕێژیمەی تا ئێستا ڕاگرتوە بە باوەڕی من نە ئیسلاحاتی ئیقتسادی، نە ئیسلاحاتی سیاسی، نە مەحبووبیەتیەتی. بەڵکوو تەنیا ئیعمالی زەبروزەنگ و بێڕەحمییەکی

لە حاڵێکدا کە دیموکراسی لە وڵاتدا حاکم نیە و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا گوێ بە قسەی خەڵک نادا، چارناچار دەبێ ڕاپەڕینێکی دیکە ببێ تا بتوانێ ئەو نەزمە وەرگێڕێ، کەوابێ خەڵک نەک تەنبێ نەبوون و نابێ تەنبێ بن، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەن زووتر ئەو هەدەفانەی لە ڕاپەڕینی ٥٧دا نەیانتوانی بە دەستیان بێنن و ئەوە ٤٠ ساڵیشە بە دواییاندا وێڵن و لێیان مەحروومن، وەدی بێنن

**جەنابتان ئەزموونی ژیان و خەبات بە دژی هەردووک حاکمیەتەکەت هەبووە و لە ڕاپەڕینیشدا بەشداریتان کردوە. پێتان وایە شەرایتەکە، شەرایتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە و ئامادەیی خەڵک و بوێری و ڕوحیاتی خەڵکەکە وا دەبینی کە ئێستا بیانەوێ خۆ لە قەرەی شتێکی وا بدەن؟**

هێندێک شتی ئێستا لە زەمانی شای خراپترە. مەسەلەن لە زەمانی شایدا، بەتایبەتی لە یەکساڵەی پێش ڕووخانی شادا ئەوەندە ئیمکاناتی ڕەفاهی ڕژابوو بۆ هەمووان کە خەڵک دەیانتوانی بە ٦ مانگ بێنە سەر شەقام و کارەکەیان بەجێ بهێڵن و ژیانیشیان تەئمین بێ، ئێستا ئەکسەرییەتی کۆمەڵگەی ئێران ئەو بوونیە ئابوورییە بەهێزەی نیە و ئەوە زەعفێکە؛ بەڵام لە موقابیلدا ئەو فشار و نائۆمێدییە، ئەوەی پێی دەڵێن سەرخوردەگی ئەوەش گەیشتۆتە جێگایەک کە بە قەولی مارکسیستەکانی زەمانی قەدیم، خەڵک جگە لە زنجیرەکان هیچیان نەماوە لە دەستی بدەن. بۆیە ئەوەی کە دەڵێن هەلومەرجی عەینیی ڕاپەڕین، ئەو هەلومەرجە هەیە، یانی وای لێ هاتوە کە نە خەڵک بۆی تەحەمول دەکرێ و نە حاکمیەت دەتوانێ تا سەر ئاوا بەردەوام بێ. مادام حاکمیەتیش ئەوەی تێدا نیە کە بتوانێ خۆی بگۆڕێ، چارناچار هەر دەکێشرێتە ڕاپەڕینێکی دیکە.

لە ڕادەبەدەرە. ڕەنگە ئەوە موقایسەیە زۆر خۆش نەبێ بەڵام دەکرێ بڵێین فەرقی ئەم ڕێژیمە دەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی ئینسانی ئەم عەسرە بوون و زاڵم بوون بەڵام ئەوانەی ئێستا بەڕاستی ئینسانی ئەم عەسرە نین لەگەڵ دنیای موتەمەدین نایەنەوە. پاشا ئەگەر زوڵمی دەکرد، ئەگەر خەڵکی دەکوشت ڕەنگە پێی وانەبووبێ گوناحی کردوە، بەڵام لانیکەم پێی وانەبوو عیبادەتی کردوە. ئەمانە کە خەڵکی دەکوژن پێیان وایە عیبادەتیان کردوە و ئەجریشیان دەدرێتێ. بۆیە فەرقەکە یەکجار زۆرە، ئەمانە بەو بێڕەحمییەوە ماون. بە باوەڕی من ئەگەر لەسەرەتادا ئەمانە بەو ئیدە دینییەی توانیان بەسەر کۆمەڵی ئێراندا زاڵ بن ئێستا هەر ئەوە بۆیان دەبێتە بڵێین نوقتەیەکی لاوازی.
ڕەنگە لە هەڵەدا بم بەڵام پێم وایە ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەی لە مەنتەقەی ئێمەدا هەن، لە ئێران خەتەریان کەمترە، بۆ؟ لە جێی دیکە بۆیە خەتەریان هەیە چونکە خەڵک دەرەبەگایەتییان ئیمتحان کرد، سەرمایەدارییان ئیمتحان کرد، جۆرێک سۆسیالیزمیان ئیمتحان کرد ئەو خۆشبەختییەی لێی دەگەڕان نەیاندی، بۆیە وەدوای ئیسلامگەرایی کەوتن کە گۆیا هەم لە دونیا هەم لە قیامەت خۆشبەختییان دەداتێ، بەڵام لە ئێران کە ڕێژیمی دینی ئیمتحان کراوە خەڵک

ئێمە هەست بە برینی خۆمان دەکەین و سروشتییشە، بۆیە پێمان وایە خەڵکی دیکە لە هیچیان کەم نیە. ڕاستە ئێمە ئیختلافاتمەن زۆرە زۆر عەیبمان هەن، بەڵام کام لە هێزە سیاسییەکانی ئێران، کام لە هێزە سیاسییەکانی دیکەی کورد لە ئێمە کەم خیلافترن و پتر لەمەیداندان و حزووریان زۆرترە؟ کەوایە لەو بارەیەشەوە وەک کورد دەڵێ لە چاو شەلان پەیتین. (ڕەنگە پەیتەکە لە پەیکەوە هاتبێ). ئێستاش کوردستان لە هەمووان باشترە، بۆ ئێمە هێندە بە عەینەکی ڕەش تەماشای کوردستان بکەین؟ خۆ لەو بارەیەوە کە ئەوە غەمی خۆمانە حەقمانە گلەیی لە تەک تەکمان بکەین، لە حیزبەکانمان بکەین تەنانەت گلەیی لە کۆمەڵانی خەڵکیش بکەین. زۆرجار ئێمە هەر بەسەری حیزبەکاندا دەدەین و کۆمەڵانی خەڵک هەڵداوێرین. نەخەیر ئەوانیش نەقشیان هەیە، ئەوانیش بەسەر حیزبەکاندا دابەش دەبن، ئەوانیش نەقشی خۆیان وەک عاملێکی فشار یاری ناکەن. ساڵی ١٣٥٨ شتێک بە ناوی هەیئەتی نمایەندگیی خەڵقی کورد دروست بوو. باوەڕ بکە خەڵک بەزۆری بەسەر حیزبەکانیاندا سەپاند، پیاوماقووڵان و نوێنەرانی لە شارەکان ڕا هاتنە دەرێ گوتیان دەبێ ڕێک کەون تا حەدێک لە نەتیجەی تین بۆهێنان و ئیسراری خەڵکەکەدا بوو کە ڕێک کەوتن. خەڵک ئێستاش دەتوانن ئەو نەقشە بگێڕن. کە نایکەن، ئەوانیش گلەییان لەسەرە.

ئەوەی ئەو ڕێژیمەی تا ئێستا ڕاگرتوە بە باوەڕی من نە ئیسلاحاتی ئیقتسادی، نە ئیسلاحاتی سیاسی، نە مەحبووبیەتیەتی؛ بەڵکوو تەنیا ئیعمالی زەبروزەنگ و بێڕەحمییەکی لە ڕادەبەدەرە. ڕەنگە ئەوە موقایسەیە زۆر خۆش نەبێ بەڵام دەکرێ بڵێین فەرقی ئەم ڕێژیمە دەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیمی پاشایەتی ئینسانی ئەم عەسرە بوون و زاڵم بوون بەڵام ئەوانەی ئێستا بەڕاستی ئینسانی ئەم عەسرە نین لەگەڵ دنیای موتەمەدین نایەنەوە

**ئەگەر ئەو پرسیارە بەو ڕوویەدا بکەین، هەر لە ساڵەکانی دوای شۆڕشەوە کە شەڕ دەستی پێکرد و پاشان کە شەڕ تەواو بوو، باس لەوە کرا حاکمیەت توانای ئیدارەکردنی وڵاتی نیە و ناتوانێ وڵات بەڕێوە بەرێ، بەڵام دەبینرێ ئەو حکوومەتە ئەوە ٤ دەیەیە بەردەوامە. هێز و قووەتی ئەو ڕێژیمە چی بوو کە توانیویەتی سەرەڕای هەموو گەندەڵیی سیستماتیک و ئەوانە لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ؟**

وەختی خۆی ئێمە ئیختلافێکمان لەگەڵ چەند کەسی دیکە هەبوو، هێندێک دەیانگوت ڕێژیم سەقامگیر بووە، ئێمە دەمانگوت سەقامگیر نەبووە. دەیانگوت ئەوە نیە بیست ساڵە هەیە، ئێمە دەمانگوت ئەگەر بە مانەکەی بێ ساڵی هەوەڵێش هەر مابوو. سەقامگیری ئەوەیە کە خەڵک قبووڵیان کردبێ و مەشرووعیەتی هەبێ و یان هیچ نەبێ دەسەڵاتی هەبێ، غەڵەبەی پەیدا کردبێ، ئەمن لەبیرمە دەورانی شای _ئەتۆ ئیشارەت بە دەورانی شاش کرد_ لە

وەدوای ناکەوێ، لەدەست ئەمە نەجاتیان بێ باوەڕ ناکەم ڕێژیمێکی دیکەی دینی بێنن. بەباوەڕی من نوقتەی قوەتیان هەر زەبروزەنگ و بێڕەحمییە. دووپاتی دەکەمەوە: نەجات بوون لەو ڕێژیمە ئاسان نیە، بەڵام ئیجبارییە و هەردەبێ ڕوو بدا.

**مامۆستا کوردستان دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە دەکەوێتە قۆناغێکی دیکە لە خەبات و مافخوازی و وەزعیەتی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. پێتان وایە کوردستان زەرەرمەندی سەرەکیی شۆڕشی ساڵی ٥٧ بوو؟ یان بە پێی هەلومەرجی ئێستای کوردستان یان ئەو مەوقعیەتە کە ئێستا کوردستان لە موبارزە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەتی بۆ ئەو جێگای شانازییە و هەنگاوێک بۆ پێشەوەیە لە چاو کۆمەڵگەی ئێران؟**

ئەمن پێم وایە بە هیچ حاڵ دروست نیە ئێمە بڵێین کوردستان زەرەرمەندی سەرەکی لە ئینقلابی ئیسلامی بووە، چونکە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ کوردستان نەک وەک شوعار بڵێین سەنگەری

**ئێوە پێتانوایە ئەگەر شەڕایتێکی وا بێتە پێشێ ئێمە دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین؟**

ئەمن پێم وایە ئێستا لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکان، لەگەڵ هەموو دوورییەکانمان لە مەیدانە ئەسڵییەکە ئەوەی پێیان دەڵێن ئەحزابی سیاسی ئۆپۆزیسیونی کوردی دەوری خۆیان هەیە، پێگەی خۆیان هەیە و بێ ئەدەبی نابێ ئەگەر بڵێین دیسان نوقتەی ئۆمێدی خەڵکن.

**مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەو دەرفەتەی پێت داین. ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی داهاتووی ئێران و کوردستان شتێکی نەگوتراو هەیە باسی بکەن؟**

شتی نەگوتراو لەوانەیە زۆر بێ بەڵام ئەوەی دەمەوێ بیڵێم هەر ئەوەیە کە حەز ناکەم ئەوەندە بە بەدبینییەوە لەخۆمان بڕوانین، ئەوەندە سەرکۆنەی خۆمان بکەین، دەبێ لە هەمووکەس زیاتر کەم و کوڕییەکانمان ببینین، چونکە ئەگەر نەیانبینین ناتوانین چارەسەریان بکەین بەڵام نابێ کەموکووڕییەکانمان ببنە باعسی نائومێدیمان.

# قازانج و خێروبێری بەرجام بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن

باوان عەلیزادە



«بەرجام»، ڕێککەوتنی ئەتومیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهان دوای ساڵانێکی زۆر وتوویژ و دانوستان وەدی هات، ڕێککەوتنێک کە هەم ئێران خۆی تێدا بە براوە دەزانێ، هەم دنیای ڕۆژاوا و بەرامبەرەکانی ئێران.

خۆ ئەگەر «بەرجام» تۆزە جووڵەیەکی خستووەتە پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی وڵاتان لەگەڵ ئێران، بەڵام لە سۆنگەی بێ متمانەیی بەو وڵاتە و هەروەها سیاسەتی ناڕوون و یەکلانەبۆوەی ئەمریکا لە هەمبەر ئێران و کارتێکەریی ئەو وڵاتە کە بازرگانیی جیهانیدا، ئێستاش کاریگەریی بەرجام لەسەر ئابووریی ئێران دەرنەکەوتوە و بانک و کۆمپانیا زەبەلاحەکان لە بەشەکانی وزە و بەرهەمهێناندا خۆیان لە هاوکاری و مامەڵە لەگەڵ ئێران دەدزنەوە.

جا ئەگەر «بەرجام» تا ئێستا قازانجێکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگەی ئێران و دۆخی ژیان و ئابووریی خەڵکی ئەو وڵاتە نەبووە، بەڵام زۆر لایەن هەن کە لەو سۆنگەیەوە قازانجی زۆریان کردوە کە ناوەندە ئەمنیەتی و سەربازییەکانی ئێران و میلیشیاکانی ئێران لە ناوچە بە تایبەت حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەکەم یەک لەوانن.

یەک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی ئەتومیی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی ئازادکرانی بەشێکی زۆر لە پارە بلۆکەکراو و دەست بەسەرداگیراوەکانی ئێران بوو. حەسەن ڕووحانی دەیگوت بە گەڕانەوەی ئەو داراییانە ئابووریی وڵات دەگەشێتەوە و سەنعەت و پیشەسازیی نەوت و بەرهەمهێنان دەبووژێنەوە؛ بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو داراییە خرایە خزمەتی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێران لە ناوچە و بۆ پڕۆژە نیزامی و ئەمنیەتییەکان تەرخان کرا.

لە ئێستادا سەرچاوە ئەمریکییەکان ئاشکرایان کردوە کە بەشی زۆری ١٧ میلیارد دۆلارە ئازادکراوکە لە داراییەکانی ئێران لە سەردەمی سەرۆککۆماریی باراک ئۆباما _دوای ڕێککەوتنی ئەتومیی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥_ بۆ ڕاییکردنی کاروبار و تێچووی چالاکیی گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ئێران وەک «حوسییەکان» لە یەمەن و «حیزبووڵڵا» لە لوبنان خەرج کراوە.

ڕۆژنامەی «واشنگتۆن تایمز» لە زمان سەرچاوەکانی خۆیەوە کە بە شارەزا و ئاگاداری ئەو کەیسە ناوی بردوون، دەڵێ: دەوڵەتی ئەمریکا دوای کەوتنە پێوشوێنی پارە ئازادکراوەکان بۆی دەرکەوتووە کە دەوڵەتی ئێران ئەو پارەیەی تەرخانی بەشی چەکداری و ئەمنیەتیی وڵات و باسکی دەرەکیی سپای پاسداران بە مەبەستی پەرەپێدان بە چالاکییە تێرۆریستییەکان لە ناوچە و، کۆک و پۆشتەکردنی «حوسییەکان» لە یەمەن و «حیزبووڵڵا» لە لوبنان کردوە.

ئەو ١٧ میلیارد دۆلارەی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئۆبامادا گەڕێندرایەوە بۆ ئێران، پێوەندیی بەو پاکانە حسێبەی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر گرێبەستێکی چەکوچۆل بوو کە پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە نێوان دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و ئەمریکا بەسترابوو. دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەو گرێبەستە ڕاگیرا و یەکەم بەش لەو پارەیە ساڵی ٢٠١٥ دا و دوای «بەرجام» بە شێوەی نەغد و ویشکە ڕادەستی ئێران کرایەوە.

ئێستا ڕۆژنامەی «واشنگتۆن تایمز» دەڵێ ئێران بەشێکی زۆر لەو داراییەی داوەتە حوسییەکان کە دەیانەوێ یەمەن بخەنە ژێر پاوانی خۆیانەوە و ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانییان لێ دەکرێ.

چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن ئاشکرابوونی وردەکاریی زیاتری ئەو باسە دەوڵەتی ترامپ زیاتر لەسەر هەوڵوەشاندنەوەی بەرجام سوورتر دەکا و هانی هاوپەیمانەکانی دەدا لێی بێنە دەرێ.

دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆماری ئەمریکا لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی خۆیدا بەردەوام وادەی ئەوەی دەدا کە ڕێکەوتنی ئەتومی لەگەڵ ئێران هەڵدەوەشێنێتەوە، بەڵام ئێستا دوای چەند جار دواخستنی بڕیارەکەی، کۆتاماوەیەکی ٤ مانگەی بۆ ئەو بڕیارە خستۆتە بەر دەستی وڵاتانی ئورووپایی کە بەو ڕێککەوتننامەیەدا بچنەوە.

ترامپ بە تانە و هێرشی بەردەوامی بۆ سەر ڕێککەوتنی ئەتومی لەگەڵ ئێران، ڕەخنەی توندی لە سۆنگەی پێدانەوە و گواستنەوەی دۆلار و پارەی ویشکە بە ئێران بووە و دەڵێ واشنگتۆن لێبڕاوە بە توندی بە گژی دابینکردنی سەرچاوە ماڵییەکانی ڕایەڵەی تێرۆریستیی پشتبەستوو بە ئێراندا بچێتەوە. ئەو لە وتارێکی لە ١٢ی ژانوییەی مانگی ڕابردوودا گوتی: «سەرچاوەیەکی دارایی زۆر کەوتووەتە بەردەستی ڕێژیم، بە جۆرێک کە لە سۆنگەی ڕێککەوتنە ئەتومییەکە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلاری بۆ گەڕاوەتەوە، کەچی لەو بڕە پارە زۆرە هیچی بۆ باشترکردنی بژیوی خەڵک و ژیان و گوزەرانی ئەوان و بووژاندنەوەی وڵات تەرخان نەکراوە.»

سەرۆککۆماری ئەمریکا گوتبووی: «ئەو بڕە پارەیەی بۆ کڕینی چەکوچۆڵ، پشتیوانی لە تێرۆریسم و سەرکوتی خەڵک تەرخان کراوە و بەشی هەرە زۆریشی چۆتە گیرفانی ڕێبەرانی گەندەڵی ڕێژیمەوە.»

ناوەندی توێژینەوەکانی سەر بە کۆنگرەی ئەمریکاش دەڵێ ئێران ئێستاش لە ساڵدا چەندین میلیارد دۆلار یارمەتیی گرووپە تێرۆریستییە هاوپەیمانەکانی خۆی لە لوبنان، یەمەن، سووریە، عێراق و کەنارەکانی غەززە لە فەلەستین دەکا.

لەو ڕاپۆرتە نهێنییەی ناوەندی توێژینەوکانی کۆنگرەی ئەمریکادا هاتوە کە حیزبووڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن، حەماس لە غەززە، ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە و میلیشیا توندڕەوەکانی سەر بە ئێران لە عێراق لە ساڵدا چەندین میلیارد دۆلاریان لەلایەن ئێرانەوە یارمەتی پێدەکرێ.

لەو ڕاپۆرتەدا کە لەسەر داوای سێناتۆر «مارک کرێک» ئامادە کراوە هاتوە کە ئێران هەموو ساڵێ بڕی یەک میلیارد دۆلار تەنیا خەرجی میلیشیا چەکدارەکانی لە عێراق و لایەنە سیاسییە هاوپەیمانەکانی خۆی لە وڵاتەدا دەکا.

ئەو ڕاپۆرتە تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی کە لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا بودجەی بەرگری ئێران لە ١٤ میلیارد دۆلارەوە بۆ ٣٠ میلیارد دۆلار زیاد کرا و، بەشی زۆری ئەو بودجەیەش خەرجی دابینکردنی تێچووی چالاکیی گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرێ.

## پەیامێکی دۆستانە بۆ ئەندامانی کۆنگرەی ١٦ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**دۆستان و هاوڕێیانی بەڕێز!**

ڕێز و سڵاوی دۆستانەی ئێمەتان پێشکێش و، سەرکەوتنی ئێوە ئەندامانی کۆنگرە و خودی کۆنگرەکە، لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا کە دۆستان و دڵسۆزانی دێموکراتەکان چاوەڕوانی جێبەجێکردنیانن، بە ئاوات دەخوازین.

کۆنگرەی ئێوە لە کاتێکدا دەبەسترێ کە خەباتی ئازادیخوازی و دژی دیکتاتۆری لە وڵاتی ئێران پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. ئێمە و ئێوە و هەموو هێز و لایەن و کەسایەتییەکی خەباتکاری کوردستان و ئێران لەوە دڵنیاین کە خەباتی گەلانی ئەم وڵاتە بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری سیستەمێکی سیاسی و حکوومەتی کە وڵامدەری داخوازە ڕەوا و لەمێژینەکانی ئەو گەلانە بێ، تا دێ بەرینتر و ڕادیکاڵتر دەبێتەوە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان، پێشەنگی «نا»گوتن بەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستە بوون و لە پێناوی داواکردنی ئازادی، دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکانیان، بە بەراورد لە گەڵ هەموو بەشەکانی ئێران، زۆرترین قوربانییان داوە. هەر بۆیە حەقی بێ ئەملاوئەولای خۆیانە کە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕە سیاسییە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران زۆرترین دەسکەوت بەدەست بێنن. بەڵام ئەو پەرتەوازەیی و لێکدابڕانانەی ساڵانێکە ڕیزەکانی بزووتنەوەی سیاسی و خەباتگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستیەوە دەناڵێنێ، جگە لەوەی ئەم بزووتنەوەیەی لە باش بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی هەتا ئێستای خۆی دوا خستوە، هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی لە ئەگەری خێراتر بوون و گەورەبوونەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێران، نەتوانێ لە بوارەکانی ڕێکخستن و ئاراستەکردنی خەباتی جەماوەریی دژ بە دەسەڵاتی حاکم، خۆ ئامادەکردن بۆ ئیدارەی کوردستان لە قۆناغی پەڕینەوە و بەشداریی شوێندانەر لە پێکهێنانی بەدیلی ڕێژیمی ئێستادا، ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

گومانی تێدانیە، لێکترازانی یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات، سەرەڕای چالاکبوونی هەر دوو لایەنی دیموکرات لە زۆر بوار لەم ١١ساڵەی ڕابردوودا، کەلێنێکی گەورەی خستووەتە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە دڵنیایەوە هەر وا کە لێکدابرانی دێموکراتەکان، ئەو شوێنەوارە نەرێنییە گەورەیەی هەبووە، یەکگرتنەوەشیان دەتوانی هەم کاریگەرییەکی دیار و هومێدخوڵقێنی لە سەر داهاتووی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات هەبێ، هەم هاندەر و ڕێخۆشکەر بێ بۆ یەکگرتوویی و تەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئەو بەشەی کوردستان. ئێمە دوو لایەنی دیموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوو بە تایبەتی لەم دوایانەدا پتر لێک نزیک بووینەوە و، هەیئەتەکانی هەر دوو لامان بۆ وتوویژ لە سەر پرسی یەکگرتنەوە بە خۆشییەوە لەم دوایانەدا لێک تێگەیشتن و پێکگەیشتنی باشیان هەبووە. چاوەڕوانیی ئێمە لە ئێوەی ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە ئەوەیە لە باس و بڕیاردان لە بارەی پرسی یەکگرتنەوە و هەر پرسێکی دیکەی پێوەندیدار بە داهاتووی هاوبەشمان، هاوکار و ڕێخۆشکەر بن بۆ بە ئاکام گەیشتنی ئەم پرسە کە هاوکات خزمەت دەبێ بە وەدیهاتنی ئاوات و چاوەڕوانییەکی پیرۆزی خەڵکی کوردستانیش.

**دۆستانی بەڕێز!**

خۆشتان دەزانن کە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەیی نیشاندان بۆ یەکگرتنەوە لە ژێرناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بووە بە هۆی ئەوە ڕەوتی وتووێژەکانی یەکگرتنەوە قەڵەمبازێک باوێ. ئەو ئامادەیی دەربڕینەی حیزبی ئێمە، لە هەلومەرجێک دایە کە پێگەی بەرینی جەماوەریی و نفووزی سیاسی و هێز و توانای ئینسانی و تەشکیلاتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دیارە و لە کەس شاراوە نیە. کە وایە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە لەلایەن ئێمەوە لە نیازپاکی وهەستکردنمان بە بەرپرسایەتی لە ئاست پرسی یەکگرتنەوە سەرچاوە دەگرێ. مەبەستیشمان لەم وەبیرهێنانەوەیە ئەوەیە کە حیزبی ئێمە بە نۆرەی خۆی هەنگاوێکی گەورە هاتووەتە پێش. ئێستا نۆرەی حیزبی ئێوەیە واقیعبینانە و بەرپرسانە، لەم کۆنگرەیەدا بەرەوڕووی ئەرکەکانی سەرشانی خۆی بێتەوە و هەنگاوی پێویست لە بارەیانەوە بنێ. ئێمە هەر دوولای دیموکرات، ئەگەر بە ڕاستی دەمانەوێ لە حیزبێکدا یەک بگرینەوە، پێش هەموو شتێک دەبێ لە کێشەکانی ڕابردوومان کە لێکترازانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان لێ کەوتەوە، دەرس وەربگرین. پێویستە قبووڵ بکەین کە هەر دوو لامان بە نۆرەی خۆمان لەوەی ڕابرد بەرپرسیارین. قبووڵکردنی ئەو بەرپرسیارەتییە، ئەرکدارمان دەکا کە لە داهاتووی پێکەوەتێکۆشانمان لە چوارچێوەی یەک حیزبدا، شتە زیانبارەکانی پێشوو دووپات نەکەینەوە و هەر لەو کاتەدا، کولتووری یەکتر تەحەممولکردن و حیزب بە هی هەموان زانین و بەشدارکردنی هەموو تاکەکانی حیزب _هەر کام لە جێی خۆی_ لە تێکۆشان و ئەرک پێ سپاردن و بڕیارداندا، لە نێو حیزب دەوڵەمەند بکەین.

پتر لە١١ ساڵە کە ئەو دوو بەشەی دیموکرات بە جیا خەبات و تێکۆشانی سیاسیی خۆمان ئەنجام دەدەین. لەم ماوەیەدا هەر دوو لامان هەروا کە شانازیمان بە ڕابردووی دوور و درێژی هاوبەشمان و دەسکەوتەکانی کردوە، لەسەر ئامانجە سەرەکییەکانی حیزبی دیموکرات شێلگیر بووین و کردوومانن بە ڕێنوێنی خەبات و تێکۆشانی خۆمان. لە گەڵ ئەوەی پێکەوە نەبوونمان، دیاردەیەکی ناسروشتیی جێگای ڕەخنە و ناڕەزایەتیی خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی دێموکرات بووە، بەڵام هەر لایەکمان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشاندا، لە نێوخۆ و دەرەوە، لە مەیدانی کاری سیاسی و دیپلۆماسی، پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان و ئیدارە و بەڕێوەبردنی حیزبدا، خەرمانێک لە ئەزموون و سەرمایەی مەعنەویمان وەسەر یەک ناوە. ئێمە پێمان وایە یەکگرتنەوەیەک ڕاستەقینە و بەردەوام و خاوەنداهاتوو دەبێت کە شانبەشانی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی هێزی ئینسانیی هەر دوو لایەنی دیموکرات، لە سەر بناغەی بەخاوەنکردنی مێژوو و ئیعتیبار و ناوبانگ و پێگەی سیاسیی هەر دوولا و، سوود وەرگرتنی بێ جیاوازی و هەڵاواردن لە هەر دووی ئەم کۆگایانەی ئەزموون و سامانی دەوڵەمەندی کاری سیاسی و حیزبی، بنیات بنرێ.

**بەڕێزان!**

هیوادارین لە ڕوانین بۆ داهاتوو و، لە بڕیاردان و پەسندکردنەکانتاندا ئاسۆی یەکگرتنەوە بۆ ساتێک لە بەرچاوی خۆتان ون نەکەن و بە گیانی ڕێخۆشکەربوون بۆ داهاتووی هاوبەش کۆنگرەکە بە ئاکام بگەیەنن. دیارە ئێمە کە ئەو چاوەڕوانییەمان لە ئێوە هەیە بۆ خۆشمان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەدا دەکەونە سەرشانمان غافڵ نین. بەو هیوایەی بە هەوڵی دڵسۆزانە و بەرپرسانەی هەموومان، ئەم هیوایەی خەڵکی کوردستان وەدی بێنین.

جارێکی دیکە سڵامەتی و سەرکەوتنی ئێوە و کۆنگرەکەتان ئارەزوو دەکەین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٦/١١/٢٩**

# مەرگی سیستەم

## لە پێوەندی لەگەڵ ئینقلابی ١٣٥٧ی ئێراندا



ڕزگار ئەمین نژاد

ئەمساڵ ٣٩ ساڵ بەسەر ئینقلابێکدا تێدەپەڕێ کە لە گۆشەنیگای جیاوەزە خوێندنەوەی بۆ کراوە و باس لە زەمینەکانی سەرهەڵدانی کراوە. ڕەنگە هیچکام لەم خوێندنەوانە دەرەنجامێکی ڕازیکەرانە نەدەن بە دەستەوە، بەڵام باشترین پێناسەیەک بۆ ئەم ئینقلابە شۆڕشی «نەویستن» بوو کە زۆربەی توێژەرانی مێژوویی لەسەری کۆکن. شۆڕشی «نەویستن» لە ڕاستیدا شێوازێکە بۆ شرۆڤەکردنی «مەرگی سیستەم». بۆچی مەرگی سیستەم؟ چوونکە گەلانی ئێران بەدژی سیستەمێک ڕاپەڕین کە لە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێراندا تووشی شکست هات. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی «مەرگی سیستەم» ناچارین خوێندنەوەکی کورت بۆ «سیستەم» بکەین.

چەمکی سیستەم لە ڕوانگەی تاڵکۆت پارسۆنس (١٩٥٠) بریتییە لە بەسراوەییەکی ئۆرگانیکی لە نێوان چەند بنسیستەمدا کە پێکەوە پێناسەیەکی تۆکمە بە کۆمەڵگەیەکی سەقامگرتوو دەبەخشن. هاوئاراستەیی لەنێوان بنسیستەمەکاندا «نەزمی کۆمەڵایەتی» لێدەکەوێتەوە و، بۆ ئەوەی ئەم نەزمە بەردەوام و کارا بێ پێویستە هاوتەریب، بە ئاراستەیەکی دیاریکراو و بە شێوەیەکی هەڵسەنگێرانە لە جووڵەدا بن. ئەو بنسیستەمانەی کە پارسۆنس ئاماژەیان پێدەکا بریتین لە ١_ کولتور (Culture) کە جیهانبینی مرۆڤە، ٢_ دامەزراوەکان (Institution) کە مەیدانی پراکتیکن، ٣_ کەسێتی (person) کە ئەکتەرە کۆمەڵایەتییکانن و ٤_ ئۆرگانیزمی ڕەفتاری (behavioral organism)، واتە ئەو نیهادانە کە هاووڵاتیان بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری پەروەردە دەکەن.

پارسۆنس کولتور وەک دینامیزمێکی گرنگ یاخۆ «سیستەمی بروایی» کۆمەڵگە پێناسە دەکا. ڕاستە بنسیستەمی دامەزراوەکان و بەتایبەت ئابووری هۆکارێکی گرنگن بۆ چارەسەرکردنی پرۆژەکانی مرۆڤ، بەڵام بە بۆچوونی پارسۆنس کەمترین ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی مامەڵە کۆمەڵایەتییەکان. بنسیستەمەکانی دامەزراوە، کەسێتی و ئۆرگانیزمی ڕەفتاری، لە هەناوی کولتوردا گەشە دەکەن و کارکردی کولتور لە ڕاستیدا مەعریفییە. کەوایە سیستەمێکی زیندوو وابەستە بە تێگەیشتنێکی کولتورییە؛ ئەوە کولتورە کە مێتۆدی پەروەردە دیاری دەکا، زەروورەتی نیهاد و دامەزراوەکان بۆ کۆمەڵگە دەرک پێدەکا و مرۆڤی مۆدێڕن پەروەردە دەکا. گەشەی کولتوری کاریگەریی لەسەر جووڵە و گەشەی بنسیستەمەکانی دیکەش هەیە، بەڵام کاتێ بنسیستەمی کولتور ناچالاک بێ، ئەوا سیستەم بەگشتی دەگاتە هاوسەنگییەکی میکانیکی و لەو حاڵەتەدایە کە بە پێی یاسای دووهەمی تێرمۆدینامیک، مەرگی سیستەم دەردەکەوێ.

محەمەدڕەزا پەهلەوی لە کتێبی «پاسخ به تاریخ» باس لە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران دەکا کە بە «ئینقلابی سپیی» ناوزەد کرا. خەڵکی ئێران لە ڕێفراندۆمی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٤١، دەنگیان بە پرۆژەیەکی چاکسازی دا کە پێشتر مەجلیسی سێنا و مەجلیسی میللی ئێران دەنگی یەکلاکەرەوەیان پێنەدابوو. ئینقلابی سپی لە ڕاستیدا پرۆژەیەکی ئابووری_کۆمەڵایەتی بوو و ئامانجەکەی چاکسازی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئێران بوو کە ئەوکات وەک سیستەمێکی فیۆدالی پێناسە دەکرا. یەکێ لە خاڵەکانی ئەم پرۆژەیە دابەشکردنی زەویی فیۆدالەکان بەسەر ڕەعیەت بوو کە هەرایەکی گەورەی لێ ساز بوو. دواتر ئایەتوڵڵا خومەینی کە ئەوکات وانەبێژی حەوزەی عیلمیەی قوم بوو، بە دژی دوو خاڵی دیکەی ئەم پرۆژەیە واتە؛ مافی دەنگدانی ژنان و سیستەمی پەروەردە، هەڵوێستی گرت. خومەینی لە نامەیەکدا هۆشداری بە شای ئێران دا کە پرۆژەی چاکسازی لە سیستەمی پەروەردەدا، منداڵی کافر بۆ کۆمەڵگە بەرهەم دێنێ. بەگشتی ئینقلابی سپی لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە کەوتە بەر ڕەخنە؛ ڕوانگەی یەکەم چەپەکانی ئێران بوون کە پێیان وابوو ئەم پرۆژەیە ئێران بەرەو باوەشی کاپیتالیزم دەبا و، ڕوانگەی دووهەم مەلاکان بوون کە ئەم پرۆژەیان وەک دیاردەیەکی دژەباو پێناسە دەکرد کە هەڕەشە لە باوەڕ و نەریتەکانی کۆمەڵگە دەکا.

بەشیک لە توێژەرانی مێژووی ئێران، زەمینەی هاتنەئارای ئینقلابی سپی دەگەڕێننەوە بۆ گەلاڵەی «یەکیەتی لە پێناو پێشکەوتندا» کە جان ئێف کێنێدی سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا داڕێژەری بوو. تیمی کێنێدی بڕی ٢ میلیارد دۆلاریان بۆ ڕێگرتن لە شۆڕشی جووتیارانی ئامریکای لاتین تەرخان کرد کە ساڵی ١٩٦٠ سەریهەڵدابوو. نیگەرانییەکەیان بۆ ئەوە بوو کە نەکا ئەزموونێکی دیکەی وەک کوبا دووپات بێتەوە. ئەم بودجەیە بەسەر ئەو وڵاتانەدا دابەش دەکرا کە کاری چاکسازییان لە سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکرد بە مەبستی لەباربردنی زەمینەی شۆڕشی جووتیاری کە هێزە چەپەکان ڕێبەرایەتیان دەکرد. ئێران یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە بە بۆچوونی کارناسانی ئەوکاتی ئەمریکا زەمینەی وەها ڕاپەڕینێکی تێدابوو. کاتێ شای ئێران لە ساڵی ١٣٤٠ سەردانی ئامریکای کرد، پرۆژەی کێنێدی بەهەند وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەش داوای قەرزێکی ٣٥ میلیۆن دۆلاری لە ئامریکا کرد. ئەمەی باس کرا هۆکاری سیاسی بوو، بەڵام هۆکاری ئابووریش پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆ بنیاتنانی برۆکراسییەکی مۆدێڕن لە ئێراندا، چوونکە وڵاتانی دەوڵەمەند بۆ سەرمایەگوزاریی لە ئێراندا پێویستیان بەم چاکسازییە هەبوو.





پرۆژەی ئینقلابی سپی ١٩ خاڵی بنەمایی لەخۆ گرتبوو. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ ئەم ١٩ خاڵە بەسەر چەند کاتاگۆریدا دابەش بکەین: ١_ نەهێشتنی سیستەمی فیۆدالی، ٢_ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت، ٣_پرۆژەی شارنشینی، ٤_نۆژەنکردنەوەی پەروەردە ٥_ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو شتەی کە لەم پلانەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ؛ جێگای بەتاڵی پرۆژەی چاکسازیی سیاسییە. ڕۆڵی گەشەی ئابووری لە بردنەپێشی پلانی گەشە و ئاوەدانیدا نکۆڵی لێناکرێ، بەڵام بە پێی بۆچوونی هانتینگتۆن؛ بۆ گەیشتن بە گەشەیەکی پایەدار پێویستە زەمینەی گەشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوریش فەراهەم کرابێ. سیاسەت لە ڕاستیدا ماهییەتێکی کولتووریی هەیە و نەبوونی پلان بۆ چاکسازیی سیاسی بەرچاوگەی گەشەی کولتووریش لێڵ دەکا. گرنگیی سامانی کولتووریی لەوەدایە کە ئینتیما و جیهانبینیی کۆمەڵگە دیاریدەکا و ئێمە ڕەفتارەکانمان، ئایدۆلۆژییەکانمان، ڕێکاری گەشە، ماف، تەندروستی، عەداڵەت و گشت پرۆژە چاکسازییەکانمان بە پێی ئەو بەها و نۆرمانە دیاری دەکەین و هەڵدەبژێرین کە کولتور پێمان دەناسێنێ. ئێستاشی لەگەڵدا بێ سیاسەت لە کولتووری ئێرانیدا هەمیشە بابەتێکی بڤە بووە و هاومانای تیۆریی پیلانە. پرۆژەی ئینقلابی سپی بۆ گەشەی کولتوور لە ڕاستیدا پەرەپێدانی ستایلێکی مۆدگەرایانە بوو کە ڕەچاوی بنەما و زەرفییەتە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی نەدەکرد. دەوڵەت پەکەیجێکی وەهمیی بە ناوی شارستانیەت ئامادە کردبوو کە لە تەلەڤیزۆن، ڕادیۆ، گۆڤارە ڕەنگییەکان و کتێبەکانی قوتابخانەدا ڕووماڵ دەکران و ئامانجەکەشی لە ڕاستیدا پاستۆریزەکردنی ئێران بوو لە سیاسەت و ڕیالیزمێکی ڕەخنەگرانە. لەم پەکەیجە کولتورییەشدا هەڵبەت مالیخولیاییەکی ڕەگەزپەرستانەشی تێدا بوو کە خەونی باڵادەستبوونی مێژوو و نژادی ئێرانی لەهەناوی نەوەی نوێدا نیهادینە بکا و ڕێگا بۆ هاتنی شۆڤێنیزمی کولتووری خۆش بکا. کاتێ کولتور بەرەو شۆڤێنیزم داکشا، لە نێو ڕابردووە مالیخولیاییەکانی خۆیدا دەچەقێ، ئەمنیەتی دەکرێ، لە قالبی سانسۆر دەدرێ، لەگەڵ موعاناتی مودێڕندا نامۆ دەبێ و لە ئاکامدا کارکردە دینامیزمییەکەی ناچالاک دەبێ. ئەم پەکەیجە پرسی کولتووری وەها کریستالیزە کردبوو کە خەڵک لە داهێنان دەترسان و بۆ ئەوەی هەست بە دابڕاویی و تەنیایی نەکەن، بەناچاری بوونی خۆیان بەو نۆرمانەوە پێناسە دەکرد کە کۆمەڵگەیەکی وەهمی دەیخستە بەردەستیان. مۆدێرنیزاسیۆنی ئێران لەم بەستێنە کولتورییەوە سەری هەڵدا و زۆر سروشتییە کە وەها کولتووریک سیستەم بەرەو مەرگ ببا. دەرکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای ئینقلابی ١٣٥٧، زۆر لایەن و بەتایبەت میشێل فۆکۆی پۆستمۆدێڕنیشی ڕازی کرد کە ئەم ئینقلابە ئینقلابێکی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکە مەرگی سیستەم بوو.

بە پێی بۆچوونی کارل مارکس؛ کاتێ سیستەمی سیاسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی نەتوانن بە شێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگە گەشە بکەن یاخۆ ڕێگر بن، ئەوا ئینقلاب وەک ئەمرێکی زەروریی دەردەکەوێ. نەبوونی باڵانسی گەشە لەنێوان سیستەمی ئابووری، کولتوریی و کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هاوکێشە و ئەگەر بەستێنێکی دێمۆکراتیک لە ئارادا نەبێ بۆ کاردانەوەی هاوکێشەکان، ئەوا نەزمی کۆمەڵایەتی دەشێوێ. ئینقلابی سپی نەک هەر بەستێنێکی دێمۆکراتیکی هەموار نەکرد، بەڵکە ماشینی برۆکراتیکی سەرکوت (ساواک) ئەو هاوکێشانەی لە نوتفەدا خنکاند و مەجالی نەدا کارکردی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دەربخەن. لە دۆخێکی وەها داخراودا ئیتر ئینقلاب ئەمرێکی ئینتخابی نامێنێ، بەڵکوو دەبێتە ئەمرێکی زەرووری و سیستەمێکی مردووش سەرکەوتنەکەی مسۆگەری دەکا.

تیۆریسێنەکانی ئینقلاب، بە مۆدێڕن و کلاسیکیشەوە، باس لە زۆر فاکتۆر دەکەن کە کاریگەرییان هەیە لە سەرهەڵدانی ئینقلابدا، بۆ نموونە: ناڕازیبوون، ئایدۆلۆژیی نوێ، ئانارشیزم، بێنەزمی، گەندەڵی، ڕۆڵی ڕێبەر، ئازادی، دادپەروەری و... ئەگەرچی «دەنگۆ» و «درۆ» دوو فاکتۆری دیارن لە گشت ئینقلابەکاندا و زۆر یەک لە توێژەرانی ئینقلاب ئاماژەیان پێداوە، بەڵام وەک هۆکار باسیان لێ نەکراوە. بۆچی هۆکار نین؟ چوونکە درۆ و دەنگۆ دیاردەی نوێ نین، بەڵکوو بەشێکن لە نەریتی کۆمەڵایەتی و، سیستەم لەڕێگەی ڕەفتارە نادێمۆکراتیکەکانی خۆیەوە زەمینەی دەرکەوتنیان دەرەخسێنێ. ژۆدیت لازار لەم سۆنگەوە دەڵێ؛ کاتێ خەڵک متمانە بە ئامار و دەزگای ڕاگەیاندنی حکوومەتی نەکەن، دەنگۆ وەک گرنگترین و پڕمەتمانەترین مێدیا دەوری دەبێ. لە ڕۆژەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش، کۆمەڵگەی ئێران وەها کەوتبووە ژێر سریمەی درۆ و دەنگۆ کە کەس مەجالی هەڵسەنگاندن و نەقدی پێ نەما. هیچ ئیرادەیەک لەنێو ڕێکخەرانی ئینقلابدا نەبوو بۆ حەرامکردنی درۆ و دەنگۆ، چوونکە گرنگیی درۆ و دەنگۆ لە ئینقلابدا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی سەرسامهێنەر دەتەقێتەوە. خێرایی ئەم تەقینەوەیە بەڕادەیەکە کە مەودای نێوان ڕاستی و درۆ دەشێوێنێ و کەس نازانێ چی ڕاستە و چی ناڕاستە. یەکەم درۆ لە زاری نوخبەکانەوە دەردەپەڕێ و کاتێ ئەم درۆیە لە کۆمەڵگەدا تەقییەوە و هەمەگیر بوو، سەرەتا خودی نوخبەکان لێیان وەڕاست دەگەڕێ و دواتر خەڵکی ئاسایی ئیمانی پێدێنن. لە وەها دۆخێکدا درۆ دەبێ بە نۆرم، دەبێ بە ستایلی نوێ، بیری نوێ، کولتوری نوێ و دواجار نەوەی نوێ لە نوتفەی درۆ و دەنگۆدا لەدایک دەبێ. ئەو شتەی کە باس کرا سوونامیی ئینقلاب بوو، بەڵام تراژیدیای ئیقلاب لەو ڕۆژەوە سەرهەڵدەدا کە ئۆپۆزیسیۆن و هێزی گۆڕان، بە هەمان مێتۆد و بە چەکی درۆ و دەنگۆوە هەوڵ بۆ ڕووخاندن و ڕیسواکردنی ئینقلاب بدەن. لێرەدایە کە فورموولی {- × - = +} واتە {درۆ × درۆ = ئاسایی بوونی درۆ} کاری خۆی دەکا و کەس دروشم و بەرنامەکانیان بە هەند ناگرن. کەوایە ئینقلابی ١٣٥٧ و نەریتە شوومەکەی کۆتایی نایە ئەگەر «ڕاستی» جێ بە «درۆ» و «دەنگۆ» لێژ نەکا.

# مەرجەکانی سەرکەوتنی جووڵەی جەماوەریی ئەمجارە لە ئێران

## (دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە سیمیناری «مێراو» لە واشینگتۆن)

(٢_٢)

تایبەتمەندی و پێویستیی سێهەم بۆ حەرەکەتێکی گۆڕانساز کە لە حەرەکەتی ئێستاشدا هەیە بەڵام هێشتا کامڵ و کارا نیە، ڕوونبوونەوەی سنووربەندیی نێوان خەڵک و نیزامە. من هیچ گومانم نیە کە زیاتر لە سی ساڵیشە زۆرینەی خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامییان ناوێ. بەڵام لە تەواوی ئەو ساڵانەدا دوو شت ببوونە هۆی ئەوە کە ئەو ڕێژیمە یاریگەرێکی باشی سەر تیئاتری مەشرووعیەتی سیستم بێ، یەکێکیان بەشداریی خەڵک لە هێندێک لە بڕگەکانی گەمەی هەڵبژاردن لە نێوان خراپ و خراپتردا، ئەوی دیکەش کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم کە تا پێش ئەم حەرەکەتە بەوپەڕێ خۆی گەیشتبوو و بووە هۆی ئاشکرابوونی بەشێک لەو ڕاستییانەی لەسەر کاسەی سەبری خەڵکیەوە ڕشت. بە باوەڕی من هەردووکی ئەم هۆکارانە ئەمڕۆ بە ڕادەیەکی زۆر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. باڵەکانی ڕێژیم لەگەڵ ئەوەدا کە کێشەکانیان بە هیچ جۆر کۆتایی نەهاتووە، بەڵام لەپێناوی پاراستنی نیزام و لە بەرخورد لەگەڵ خەڵکدا بەتەواوی هاودەنگ و هاوهەنگاو بوون. دیارە ئەگەری ئەوە کە لە حاڵەتی لە کۆنترۆڵ چوونەدەریی دۆخەکە یا لە دوورەدیمەنی جێنشینیی ڕێبەری نیزامدا بەشێکی ئەو ڕێژیمە بۆ نموونە سوپا لەدژی بەش یا بەشەکانی دیکە شتێک بکا بە دوور نازانرێ، بەڵام جارێ ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بە شێوەی ڕێژەییش بێ، بە قەولی خومەینی وەحدەتی کەلیمەی لەنێوان باڵەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر خەڵکدا بەدواوە بووە.

ئەوەمان لە یەکەمین نوتقی خامنەیی لەدوای ئیعترازەکانەوە دی کە بەجێگای بیستنی پەیام و هاواری خەڵک، وەک جاران دیسان حەرەکەتی ئەوانی بە پیلانی بێگانە وەسف کرد. ئەم ڕۆژانە زۆر باسی قسەیەکی محەممەدڕەزا شا کراوە کە لە خەزەڵوەری ١٣٥٧دا بە خەڵکی ئێرانی گوتووە دەنگی شۆڕشی ئێوەم بیست. ئەمن نموونەیەکی باشترم هەیە. نموونەی ڕاستەقینە و پێچەوانەی شارل دوگۆل. دوابەدوای ڕووداوەکانی ئەلجەزایر، ڕۆژی ٤ی ژووئەنی ١٩٥٨، ژەنراڵ دوگۆل لە باڵکۆنی فەرمانداریی دەوڵەتەوە لە ئەلجەزیرە ڕوو بە خەڵک وتارێکی پێشکەش کرد کە پێم خۆشە لێرەدا چەند ڕستەیەکی لێ بخوێنمەوە. دوگۆل لە وتارەکەیدا گوتی «ئەمن لە ئێوە تێگەیشتم. ئەوە بە مانای ئەوەیە کە پێویستە لەمەولا هەموو هاووڵاتییان لە ماف و ئەرکدا یەکسان بن. بەو مانایەیە کە پێویستە لەمەولا هێندێک ڕێگا بکەینەوە کە تا ئێستا داخرابوون. بەومانایەیە کە پێویستە ئیمکاناتی ژیان بدەین بەو کەسانەی تا ئێستا لێی بێبەش بوون. بەو مانایەیە کە پێویستە عیزەت و کەرامەت بۆ ئەو کەسانە بگەڕێنینەوە کە لێمان ئەستاندبوون. بەو مانایەیە کە پێویستە سەرەنجام نیشتمانێک پێشکەشی ئەو کەسانە بکەین کە گومانیان هەبوو کە خاوەنی نیشتمانێک بن». ئەمانە قسەی خامنەیی نین، قسەی دوگۆلن. فەڕانسە چاو لێ بکەن و ئێرانیش چاو لێ بکەن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئیسلاحتەڵەب یا ئیعتدالگەراکان، ئەوان نەک هەر ئەو چاوەڕوانییانەیان کە بۆخۆیان لە کاتی هەڵبژاردندا بردبوویانە سەر وەدی نەهێنا و هەموو جارێ لە بەرامبەر برۆ تێکنانێکی ڕێبەری نیزامدا پاشەکشەیان کرد، بەڵکوو بە هەمان ئەدەبیاتی ئوسوڵگەراکان و بە هەمان مێتۆدەکان لەگەڵ نارازییان ڕووبەڕوو بوونەوە. لەخۆڕا نیە کە لەحاڵێکدا کە لە سەرەتادا دەگوترا خۆپێشاندانەکان بە فیتی ئوسوڵگەراکان بەدژی دەوڵەتی ڕووحانی وەڕێ خراون، خۆپێشاندان بوو بە کارزارێکی سەرتاسەری بەدژی تەواوی نیزام و خۆپێشاندەران بە گوتنەوەی دروشمی ‹ئیسلاحتەڵەب ئوسووڵگەرا، ئیدی کارتان تەواوە› ویستیان بڵێن کە چیدیکە نایانەوێ لە خولی پووچی هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتردا سەرگەردان بمێننەوە.

بەڵام ئایا ئەوە کە تەواوی خۆپێشاندەران و بەدڵنیاییەوە زۆرینەی خەڵک ئەم ڕێژیمە لە تەواوەتیی خۆیدا ڕەت دەکەنەوە، بە مانای ئەوەیە کە ئەوان دەزانن چیان دەوێ؟ ئەمە پێویستیی چوارەمە، واتە ناسین و خواستنی ئەڵتەرناتیڤی نیزام. هەروەک دەزانین ساڵی ٥٧ خەڵکی ئێران دەیانزانی چیان ناوێ، بەڵام نەیاندەزانی یا لانیکەم دەرفەتی بیرکردنەوە و دەربڕینی بۆچوونی خۆیانیان سەبارەت بەو شتە کە دەیانەوێ پێ نەدرا. ئەمڕۆش تەنانەت ئەگەر هەموو پایە و پێناسەکانی کۆماری ئیسلامی خەت لێ بدەین و بڵێین لە بەرامبەر هەر خەسڵەتێکی ئەو ڕێژیمەدا پێچەوانەکەی دابنێین، هێشتا هەر جێگرەوەی ئەم ڕێژیمە ڕوون نابێتەوە. لە نارەزایەتییەکانی ئەمجارەدا لەبواری سیاسیدا تەنیا دوو شت بەڕوونی لە نێوەرۆکی دروشمەکان ڕا دەردەکەوێ: یەکەم، دەربڕینی جۆرێک ئێرانیگەری، هەڵبەت ئێرانیگەری نەک بە مانای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەڵکوو بە مانای تەرکیز لەسەر کێشەکانی خەڵک لە ئێران و گرینگیدان بە نێوخۆی وڵات و کۆتاییهێنان بە دەستێوەردان و قەیمومیەتگەرییەک کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا هەوڵی بۆ دەدا و سەروەت و سامانی وڵاتی تێدا بە فیڕۆ دەدا، دووەم کۆتاییهێنان بە سەرەڕۆیی مەزهەبی لە ئێراندا. دیارە لێر و لەوێ هێندێک شوعارمان بە لایەنگری لە هێندێک خەتی سیاسیی دەرەوەی نیزام گوێ لێ بووە، بەڵام ئەمن پێم وانیە کە دەنگدانەوەی میدیایی هێندێک دروشمی سازماندراو حەتمەن لەگەڵ ویستی سەرجەم یا زۆرینەی کۆمەڵگە یەک بگرێتەوە. بێگومان بەهۆی دەستڕاگەیشتنی زۆرتر و ئاسانتری خەڵک بە ئامرازەکانی پێوەندی و فەزای مەجازی لە سەردەمی ئێستادا، لانیکەمی هەماهەنگی لە ئاقاری حەرەکەت و شوعارەکاندا هەبوو، بەڵام بە هیچ جۆر ناتوانین بڵێین کە هێزێکی پاڵنەر و هەڵگری ئالترناتیوی سیاسی لەپشت خۆپێشاندانەکانەوە بووە، بەڵکوو حەرەکەتەکە ئەمجارەش زۆرتر خۆڕسک بوو.

بەوحاڵەش لەوەدا کە درێژەکێشان و سەرکەوتنی ئەم جۆرە حەرەکەتانە بە بوونی لانیکەمی ڕێکخستن و ڕێبەری بەستراوەتەوە گومان نیە، واتە تایبەتمەندی و پێویستیی پێنجەم. دیارە هەروەک لە شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبیدا دیتمان، زۆر چاک دەکرێ لە وڵاتێکدا حکومەتێکی دیکتاتۆڕ لە ئاکامی شۆڕشی خۆڕسکی خەڵک و بەبێ بوونی ڕێبەری و نەخشە ڕێگایەکی ڕوون بڕووخێ. بەڵام عادەتەن لەو جۆرە حاڵەتانەدا سەرەڕۆیی و داخران جێگای خۆی دەدا بە بێسەروبەرەیی و ئایندەی ناڕوون. بۆ ئەوەی حەرەکەتی ئەمجارەی خەڵکی ئێران شکستی پێ نەهێنرێ و دوایەش نە تاقمێک بتوانن بەرهەمی ئاڵوگۆڕەکە بدزن و نە بێسەروبەرەییش دروست بێ، ئێمە ڕێگایەکمان جگە لە ڕێبەریی بەکۆمەڵ لەپێش نیە. بۆیە دەڵێم ڕێبەریی بەکۆمەڵ چونکە بە باوەڕی من سەردەمی کاریزماکان بەسەر چووە و «کارزایگەرایی» و «چەلەبی سازی»ش دەرکەوت چیان لێ شین دەبێتەوە. بە باوەڕی من هەم هۆشیاریی سیاسیی لەسەرتری خەڵک لە سەردەمی ئەمڕۆدا و هەم بەرژەوەندیی جێخستنی زێهنیەتی دێموکڕاتیک ئەوەمان لێ دەخوازێ کە لایەنەکان و بژاردە سیاسییەکان بە پلەیەک لە تەوازووعی سیاسی بگەن کە لەودا هیچ کەس و هیچ ڕێکخراوێک بەتەنیا خۆی نەخاتە شوێنی ڕێبەریکردنی سەرجەم کۆمەڵگە و نە بەهۆکاری مێژوویی و سروشتی و نە بە هۆکاری فیکری و سیاسی ڕیسالەتێکی ئەوتۆ بۆ خۆی دیاری نەکا. هاوکات بەڵام پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەپێچەوانەی ڕەوتی شکستخواردووی کۆبوونەوەکانی یەکگرتن کە لە ساڵانی دوایی لێر و لەوێ لە دەرەوەی وڵات لە ئارادابوون، ئەمجارە بتوانێ لە دەروونی خۆیدا بەدوور لە پێشداوەرییە مێژوویی و سنووربەندییە ئیدئۆلۆژییەکان لەسەر کۆمەڵێک بنەما و سازوکار کە دەبێ هەمەلاگیر بن بە لێکگەیشتن و ڕێککەوتن بگا، هەوڵ بدا چەندی دەکرێ پێی خۆی بخاتەوە نێو مەیدانی ڕاستەقینەی خەبات کە نێوخۆی وڵاتە و لەنێو خەڵکدا حزووری هەبێ. دیارە مەبەستی من یەکگرتن بەهەر قیمەتێک نیە و بێگومان نابێ هەمەلاگیری و وەخۆگریی پلاتفۆرمی یەکگرتن لەسەر حیسابی کەیفیەت و نێوەرۆکی ئەو پڕەنسیپ و بەهایانە بێ کە یەکگرتن دەبێ لەسەریان دروست بێ، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئەمڕۆ سنووربەندییەکان کەمڕەنگ بوونەوە و دۆخەکەش ئەوەمان لێ دەخوازێ، پێم وایە هەموو لایەک دەبێ بتوانن ئەوەندە زەرفییەت لە روانینیاندا دروست بکەن کە بتوانن لە مەیدانی بەکردەوەدا پێکەوە کار بکەن.

خاڵی کۆتایی کە دەمەوێ عەرزتان بکەم زەروورەتی ڕێککەوتن و هەماهەنگی لەسەر شێوەکانی خەبات و بەتایبەتی جۆری مامەڵە لەگەڵ ئەو سیاسەت و تاکتیکانەیە کە ڕێژیم دوای ئەم لاپەڕە نوێیەی خەباتی خەڵک دەیگرێتە پێش. لێرەشدا دەمەوێ ئاماژە بە سێ شت بکەم. یەکەم، ویستی ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی ئازاد یا هەر ڕێکارێکی ئاشتیخوازانە کە ئیمکانی گواستنەوەی دێموکراتیک ئەگەر هەنگاو بە هەنگاویش بێ پێک بێنێ. بە باوەڕی من تەنانەت ئەگەر وای دابنێین کە کۆماری ئیسلامی شتی وا قبووڵ دەکا کە من بە دووری دەزانم، ڕیفراندۆمێک کە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ڕێکی بخا و بۆخۆی گوزارشەکەی بداتەوە، ناتوانێ لەو هەڵبژاردنە پاکتر بێ کە بەشار ئەسەد لە سەرەتای قەیرانی سووریەدا بەڕێوەی برد. بەگشتی و بەدەر لەوە کە داخوا حەرەکەتی ئەمجارەی خەڵک تا کەنگێ و چەندە دەتوانێ لەلایەن ڕێژیمەوە مەهار بکرێ، لەو باوەڕەدام کە لە هەلومەرجێکدا کە دیواری ترسی خەڵک ڕووخاوە، خەڵک قسە لە تێپەڕین لە تەواوی حاکمیەت دەکا و وێنەکانی خامنەیی لە شەقامەکاندا دەدڕێنن، بەهێزکردنی هەرجۆرە گوتارێکی ئیسلاحتەڵەبانە لەو قۆناغەدا تەنیا بە قازانجی درێژەکێشانی یارییەکانی ناوکی سەرەڕۆیی و هەرمانی ڕێژیم تەواو دەبێ. هەربۆیە دەبێ ئاگاداری لۆبیە ئیسلاحتەڵەبەکان بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات و تەنانەت لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا بین کە هەروا چالاک و لە جارانیش چالاکترن. خۆ ئەگەر موعجزە ڕووی دا و کۆماری ئیسلامی بەڕاستی لە بەرامبەر هەموو یا بەشێک کە لە داواکانی خەڵکدا پاشەکشەی کرد، ئەودەم ئێمەش دەتوانین هەڵوێستی شیاوی دۆخەکەمان هەبێ.

ڕەنگە دوودڵیی هێندێک کەس و لایەنی ئێرانی لەو بارەوە نەک بەهۆی خۆشویستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لە ترسی دوو شت بێ کە لە خاڵی دوو و سێدا باسیان دەکەم، واتە دەستێوەردانی دەرەکی و توندوتیژی کە گۆیا دەبنە هۆی باڵکانیزە بوون یان بە قەولی ئەمڕۆیی بە سووریەیی کرانی ئێران، واتە هەمان ئەو شتە کە کۆماری ئیسلامی لەجیاتی پەرچەمی حاکمییەتی خەڵک چەندین ساڵە وەک داوەڵێک بەسەر گەلانی ئێرانیدا ڕادەوەشێنێ. لەپێوەندی لەگەڵ هۆکاری دەرەکی، پێویستە بڵێم لە جیهانی پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا ئاڵوگۆڕی گەورە لە هیچ وڵاتێکی گرینگ و ستراتژیکی وەک ئێران بەبێ دژکردەوە و دەرەنجام لە ئاستی نێونەتەوەییدا تێ ناپەڕێ. ئەساسەن لە مێژووی نوێدا گۆڕانی بنەڕەتی لە هیچ جێگەیەکی جیهان بەبێ بوونی پێوەندیی کارتێکەری لەگەڵ دنیای دەرەوە نەبووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕێژیم هەر جۆرە جووڵەیەکی ئازادیخوازانە بە بێگانەکان دەبەستێتەوە (ئێمەی کورد لەمێژە لەگەڵ ئەو قسە و تۆمەتانە ڕاهاتووین)، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە جیا لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتە بێگانەکان، پرسی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بە هیچ جۆر مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە، دروست وایە کە لەنێوان دەستێوەردانی دەرەکی و سەرنج و پشتیوانیی نێونەتەوەیی جیاوازی دابنێین. هەرچی دەستێوەردانی دەرەکییە، ئاشکرایە کە هیچ هێزێکی بەرپرسیار هێزەکانی بێگانە بۆ دەستێوەردانی نیزامی لە وڵاتەکەیدا دەعوەت ناکا، بەڵام ئەگەر قەرار بێ ڕێژیم ویست و جووڵەی ئاشتیخوازانەی خەڵک هەر بە ئاگر و ئاسن وڵام بداتەوە، پاساوێک نابینم بۆ ئەوەی ئەگەر سبەینێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە هەر جۆرێک بە فریای خۆپێشاندەران و خەڵکی سەرکوتکراوەوە هات، ئێمە موخالفی ئەو کارە بین. سەبارەت بە سەرنج و پشتیوانیی دەرەکییش، ئێمە حەتمەن دەبێ تێ بکۆشین کە هاوپێوەندیی نێونەتەوەیی ئەولاتر لەوە بڕوا کە ئێستا دەیبینین و تەنیا لە تویتەکانی سەرۆک ترامپدا خولاسە نەبێتەوە. هەروەها پێویستە هەوڵ بدەین فوکۆسی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پەروەندە ئەمنییەکان و دۆسیەی ناوکیەوە بگوازینەوە بۆ سەر پرسی دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک. تەنانەت دەبێ وا بکەین کە دنیای دەرەوە لە زەروورەتی بەهێزکردنی ئەو عونسورانەی نێو کۆمەڵگە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران تێ بگەن کە دەتوانن ئایندەساز بن و باوەڕیان بە کۆمەڵگایەکی کراوە و فرەچەشن هەیە کە لەودا هەم مافی هاووڵاتی و هەم مافی گەلانی ئێران ڕەچاو بکرێ.

سەبارەت بە شێوازە توندەکانیش، هەروەک دەزانین ڕاست بەهۆی ترس لە دەرەنجامە نێونەتەوەییەکان، ڕێژیم جارێ دەستی خۆی لە سەرکوتی بەربڵاو و خوێناوی پاراستووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕێژیم، بەتایبەت هێندێک بەشی ڕێژیم، بەدوای دۆزینەوەی بیانوو و وەرگرتنی مجەوز بۆ سەرکوتێکی لەم جۆرەیە. هەربۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا پێویستە ئەولەوییەت بە درێژەدانی حزوور و جووڵەی ئاشتیخوازانەی خەڵک بدرێ، کاتێکیش دەڵێین شێوازی ئاشتیخوازانە نابێ ئەوە لەگەڵ ڕێکاری ئیسلاحتەڵەبانە تێکەڵ بکەین کە هەروەک گوتم دەبێ خۆی لێ دوور بگرین.

سوپاسی سەرنجتان دەکەم.




# حاشاکردنی کۆماری ئیسلامیی لە سەرمابردنی منداڵانی کرماشان

سامڕەند عەتری



یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی وەزیری تەندروستی، دەرمان و ڕاهێنانی پزیشکیی کۆماری درۆی ئیسلامیی ئێران ئەو ڕاپۆرتانەی ڕەت کردووەتەوە کە باسیان لە سەرمابردنی چەندین منداڵی لێقەوماوی بوومەلەرزەکەی کرماشان کردووە.

ئێرنا، هەواڵدەریی ڕەسمیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاندووە، ڕۆژی دووشەممە (١٦ی ڕێبەندان) محەممەدمەهدی ئەیازی، یاریدەدەری کۆمەڵایەتیی وەزیری تەندروستی گوتوویەتی: «سەربارى ئەوەی کە هێشتا زیاتر لە دوو لەسەر سێی بوومەلەرزەلێدراونی کرماشان لە خێوەتدا دەژین، بەڵام هیچ ڕاپۆرتێک سەبارەت بە مەرگ بە هۆی سەرماوە لە دەزگا پێوەندیدارەکانی کرماشاندا نیە.»

ئەم درۆ و حاشایە لە کاتێکدایە، کە پێشتر لە ماڵپەڕی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیدا، کە ناسراوە بە ماڵپەڕی «خانه ملت»، ڤیدیۆیەک بڵاو کراوەتەوە، کە شەهاب نادری، نوێنەری پاوە و هەورامان لە مەجلیسی ڕێژیمدا دەڵێ: «لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان، چەندین منداڵ، لەوانە منداڵێکی ساوای هەشت مانگان، بە هۆی سەرماوە تووشی تا و گەشکە بووە و گیانی لەدەست داوە.»

ئەو نوێنەرەی مەجلیسی ڕێژیم بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ژمارەی منداڵەکان بکات، دەڵێ: «ئەم بابەتە لە مۆڵەتی ناشتنی منداڵەکاندا، کە لە لایەن پزیشکیی دادی کرماشانەوە دەرکراوە، پشتڕاست کراوەتەوە.»

ڕۆژنامەی «قانوون» ڕۆژی ١٥ی سەرماوەز، مانگێک لەمەوبەر، نووسیبووی، منداڵێکی دوو ساڵان بە ناوی «سارینا زەهابی»، کە لەگەڵ خێزانەکەی لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان لە خێوەتدا دەژیا، بە هۆی سەرماوە گیانی لەدەست داوە.

ڕۆژنامەی «شەرق»یش ڕۆژی ٧ی ڕێبەندان باسی ئەوەی نووسیبوو، کە لانی کەم سێ منداڵ لەو ناوچانە بە هۆی سەرماوە گیانیان لەدەست داوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی «شەرق»، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵەی کەمئەندام و کچێکی یەک ساڵ و نیو بە ناوی ماتیار شەماعی و کوڕێکی دوو ساڵان لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان گیانیان لەدەست داوە.

فاتمە دانیشوەر، ئەندامی پێشووی شووڕای شاری تاران و بەڕێوەبەرایەتیی خێرخوازیی «مێهرئافەرین» بە ڕۆژنامەی «شەرق»ی گوتبوو: «تا ئێستا (٧ی ڕێبەندان) هەواڵی مردنی پێنج منداڵی ژێر تەمەنی ٥ ساڵانمان بەدەست گەیشتووە» و «ئەو مردنانەش بە هۆی سەرماوە» ڕوویان داوە.

سەربارى ئەو ڕاپۆرت و بەڵگانە، کەچی پارێزگاری کرماشان، هووشەنگ بازوەند، بە توندی حاشای لەو ڕاپۆرت و بەڵگانە کردووە و گوتوویەتی: «سەدلەسەد دڵنیام هیچ منداڵێک لە ناوچە زەمینلەرزەلێدراوەکان بە هۆی سەرماوە نەمردوە!»

هەرپاش حاشاکەی پارێزگاری کرماشان، نوێنەرێکی دیکەی ڕێژیم لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە ناوی فەرهاد تەجری گوتی: «لانی کەم ٣٥ بۆ ٤٠ لەسەدی خەڵکی زەمینلەرزەلێدراو کانێکس (کابین)یان نیە».

بێجگە لە مەرگی منداڵان بە هۆی سەرماوە، ڕاپۆرتەکان باس لە ئاماری بەرزی خۆکوشتن لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان دەکەن، کە یەک لەوانە شەهاب نادری، نوێنەری پاوە و هەورامان لە مەجلیسی شووڕای ڕێژیمی ئیسلامی بە پشتبەستن بە ئاماری بڵاوکراوە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتیی بێهزیستیی پارێزگاری کرماشانەوە، گوتبووی ٩٧ بابەتی «خۆکوشتن و پەنابردن بۆ خۆکوشتن» لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان تۆمار کراون. نادری گوتوویەتی، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە زیاندیتووە سێرڤیسی پاکوخاوێنی (ئاودەست و حەمام)یان نیە و بەشێکیان ٧٠ ڕۆژە حەمامیان نەکردووە و خۆیان نەشتووە. نادری باسی لە درۆی پێدانی کانێکس (کابین)، یان پێنج میلیۆن تمەن قەرز (وام)یش کردووە، کە کاربەدەستانی ڕێژیم بەڵێنیان دابوو بیدەن بە لێقەوماوان، کەچی تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

هەر لەو پێوەندییەدا موحسین فەرهادی، یاریدەدەری تەکنیکی و هونەریی ناوەندی تەندروستیی ژینگە و کاری وەزارەتی تەندروستیی ڕێژیم، ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندان ڕایگەیاندووە، دروستکردنی سێرڤیسی پاکوخاوێنی (ئاودەست و حەمام) لە ناوچە بوومەلەرزەلیدراوەکان هێشتا تەواو نەکراوە.

ڕۆژی ٢١ی مانگی خەزەڵوەری ڕابردوو بە هۆی بوومەلەرزەیەک بە گوڕی ٧.٣ پلەی ڕێشتەر زیاتر لە ٢ هەزار هاووڵاتیی شار و شارۆچکەکانی پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان لەدەست و هەزاران کەس بریندار بوون و هەزاران خانوو و ماڵیش ڕووخان و کاول بوون.

پاش ڕووداوەکە، هاووڵاتیانی پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خرۆشێکی خۆڕسکی جەماوەریدا یارمەتییەکی زۆر و باشی کاڵا و پێداویستییە خێراکانیان بۆ خەڵکی لێقەوماوی کرماشان کۆ کردەوە بە دەستیان گەیاندن، لە کاتێکدا دەوڵەتی ئیسلامیی تاران زۆر دەوستەوستان بوو، کارێکی ئەوتۆی بۆ یارمەتیی لێقەومانی ڕووداوەکە نەکرد. ئێستاش پاش سێ مانگ خەڵکی لێقەوماوی ناوچەکە بەدەست گەلێک کەموکورتی و پێداویستیی ئاسایی و ساکاری ژیانەوە دەناڵێنن و منداڵەکانیان بە هۆی سەرماوە لە ژێر خێوەتدا گیان لەدەست دەدەن، کەچێ ڕێژیمە داگیرکەرەکەی تاران حاشا لەو لێقەوماییەی گەلی کورد دەکا و، هەر لەسەرەتاشەوە ڕێگریی لە ناوەندە خێرخوازییە جیهانییەکان کرد، کە بە هانای خەڵکی لێقەوماوی کوردەوە بچن، تەنانەت گرفتی بۆ هەڵمەتە خۆڕسکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژانی سەرەتای ڕوودانی بوومەلەرزەکەش دروست دەکرد، بۆ ئەوەی نەتوانن یارمەتییەکانیان بە لێقەوماوان بگەیەنن.

## ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا

(٣٨)



حەسەن حاتەمی

### بەردەوامیی کاردانەوەکانی هێرش بۆسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا

ئاغای ناموەریی حقیقی، لەگەڵ دکتور ئیبراهیمی یەزدی_ کە ئەوکات وەزیری دەرەوە بوو_ و موهەندیس عەباس عەبدی _کە ئەوکات یەکێک لە خوێندکارانی هێرشبەر و بارمتەگر بوو_ بە دوو بیری جیاواز، لەبارەی بە بارمتەگری گفتوگۆی کردوە.

عەبدی پێی وابوو: ڕووداوی شەڕی ئێران و عێراق، گرژی و پسانی پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا، کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لەو پێوەندییەدا، پلەبەندییەکانی شۆڕش، پێکهاتەی هێزەکانی کاریگەر لە ئاڵوگۆڕەکاندا، هەر ڕوویان دەدا. بەڵام وەک، زووتر دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، بە هۆی کوشتنی وەلیعەهدی ئوتریش بوو، لە ئێرانیش ڕووداوی باڵوێزخانەی ئەمریکا بوو. دەوڵەتی کاتیش زەرفییەتی بارودۆخەکەی نەبوو.

ئیبراهیم یەزدیش لەو بڕوایەدا بوو کە: کاتێک دەوڵەتی کاتی، بڕیارنامە دەوڵەتییەکان و شووڕای شۆڕش هەبوون و بەرپرسیار لە بەڕێوەچوونی یاسا نێونەتەوەییەکان بوون؛ دەبوو ئیزنی کار و ئیبتیکاریان پێ‌درابا. ئێران یاسای بنچینەیی نەبوو. دنیا چاوەڕوانی پەسندی ئەو یاسایە بوو. ئێمە پێویستمان بە فەزای ئارام هەبوو. بیروڕای ڕێبەری و شووڕای شۆڕش خوازیاری پسانی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا نەبوون. بەو پێیەی کە ئا. خومەینی پێش سەرکەوتنی شۆڕش گوتبووی: چوونی شا بۆ ئەمریکا کێشە نیە، بە بڕوای دەوڵەت چوونی شا بۆ ئەمریکا جێی مەترسی نەبوو. (١)

ئەو کارە نادروستە لە بواری ئابووری، پێوەندیی دیپلۆماسی، دروستبوونی بێ متمانەیی، پێشێلکاریی مافە نێونەتەوەییەکان، ناساندنی باڵوێزخانەی ئەمریکا بە ناوەندی پیلان و سیخوری، سەرکوتی موخالیفانی سیستمی ئیسلامی سیاسیی شیعەی دوازدە ئیمامی، بڵاوکردنەوەی بەردەوامی دروشمی مەرگ و نەمان، دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسراییل _وەک ڕێچکەیەکی هەرە گرینگی ئەرکدار ردنی دەسەڵات_ کە شەڕ و وێرانی و تێرۆر و نائەمنی لێکەوتەوە، پێڕستێکی دوور و درێژی پڕ لە تاوان و مەرگەسات و فەزای خێنکێنەر و مەترسی‌هێنەری لەو بوارەدا تۆمار کردوە، کە پاشەکشەی دەسەڵات لێیان، بە نەمان دەزانێ. درێژەدانیشی وێرانی و کوشتاری پتر و نائەمنی زۆرتری بەدواوە دەبێ.

لە بواری ئابووری ئاغای ئەحمەدی عەلەوی_کارناسی ئابووری دانیشتووی سوئێد_ دەڵێ: بارمتەگری ئەمریکاییەکان لە تاران، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پڕۆژەکانی ستراتێژی و سەرمایەگوازاری درێژ ماوە دانا. نەدانی تیکنۆلۆژی و زانیاریی و ئیتلاعات لە ماوەیەکی کەمدا، بەشێوەیەک ناکارامەیی لە بابەت خوڵقانی کار، پێداویستیە گشتییەکان و بەرهەمهێنانی ئابووریدا، خۆی نواند.

وەفا ئازەری بەهاری، هەواڵنێری دەنگی فارسی ئەمریکا دەڵێ: پێوەندیی تیجاری و ئابووری واشینگتۆن لە بەرەبەری شۆڕشدا، ئەوەندە زۆر بوو کە دوای داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، هاتنەدەرێی شیرکەتە ئەمریکاییەکان لە ئێران و پڕۆژە ناتەواوەکانیان بوو بە مەوزووعێک لە ڕێککەوتنی ئەسڵی ئەلجەزایر سەبارەت بە ئازادکردنی بارمتەکاندا. ناوبراو باسی پووڵە بلووکەکراوەکان دەکا کە جێیەکی پێش بارمتەگیریەکە ١٣ میلیارد و ٥٠٠ میلیۆن دوڵاری لە بانکەکانی ئەمریکا بەشێوەی ئەسپەردە بووە.

بێهزادی نەبەوی، وەزیری ڕاوێژکار لە بەشی ئیجرایی و بەرپرسی چارەسەری کێشەی بارمتەکانی ئەو کات گوتوویەتی: لەو پووڵە تەنیا بڕی ٢ میلیارد و ٨٧٠ هەزار دۆڵاری بۆ ئێرانێ گەڕێنراوە. هەواڵنێری فارسیش نووسیبووی: لە وتوێژی ئەلجەزایردا، ئەمریکا پتر قازانجی کرد. هەروەها، بە پێی ڕێککەوتنی ئەلجەزیرە، بڕی ٢ میلیارد دۆلار لە شوێنێکی تایبەت دانرا، هەتا لەسەر بڕیاری دادگای لاهە قەرەبووەکانی پێویست بەو شیرکەتانە بدرێتەوە کە گرێبەستەکانیان لەلایەن دەوڵەتی شۆڕشگێڕەوە هەڵوەشابۆوە.(٢)

لە بەشی ئابووریدا، پێویستە ئاماژە بکرێ کە ئا. خومەینی بە دێڕێک خۆی و نیزامەکەی لە بەرپرسایەتیی سەبارەت بە مەسەلەی ئابووری دزییەوە. ئەو گوتی: «مەسەلەی ئابووری بۆ مرۆڤ نیە. خەڵکی ئێمە شۆڕشیان بۆ ئیسلام کردوە نەک بۆ خواردن.» (٣)

د. یەزدی گوتی: تەنیا مەسەلەی ٤ میلیارد دۆڵار نەبوو. شۆڕشێکی گەورە، مێژوویی و بێ‌وێنە لە جۆری شۆڕشەکانی کلاسیک لە ئێراندا کرابوو، ئەو بارمتەگریە کاریگەریی لەسەری هەبوو. شۆڕش دوو فازی هەیە، نەرێنی و ئەرێنی. فازی نەرێنی ئەوە بوو کە نیزامی پاشایەتیمان ڕووخاند. ئێمە دەبوو بچینە نێو فازی ئەرێنی. بەڵام لەوێ ماینەوە و هەر خولمان خواردەوە و ٣٠ ساڵیشە هەر وایە. ئێمە تەنانەت نەماندەتوانی بپرسین کە، بانکی ناوەندیی ئێران کۆی سپاردەکانی لە بانکەکانی ئەمریکادا چەندە؟! ئێستاش دوای ٣٠ ساڵ کە لە سەرکۆماری پێشووی ئێران دەپرسن، ئاغا، پووڵە ڕاگیراوەکەی ئێران لە ئەمریکا چەندە، دەڵێ نازانم. کەوابوو ئەو بەشە بەمانەی خراکردنەکەی شۆڕش بوو، کە ناوی «شۆڕشی دوویەم»ی لەسەر دانرابوو. (٤)

بەشی ویلایەت تەوەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بێ گویدان بە زەرەروزیانەکان، پتر «ئەسپی خۆیان لینگ دەدەن.» بۆیە لە ڕاپۆرتی پێوەندییە گشتییە دامەزراوەی فەرهەنگی و هونەری ناوەندی بەڵگەکانی شۆڕشی ئیسلامی، لە ٣٨مین ساڵوگەری ئەو داگیرکارییەدا، یەکێک لە پێناسە بنچینەییەکانی ئەو شۆڕشە بە دژی ئیستیکبار ناو دەبا، کە هێمای تەواوکارییەکەی لە ١٣ی گەلاڕێزانی ١٣٥٨ نیشان درا. ئەو شوێنە، داگیرکردنی «هێلانەی سیخوری» بە نوێترین کردەوە لە بەرانبەر بە ئیستیکبار دەزانێ کە «ئیمام خومەینی» بە شۆڕشێکی گەورەتر لە شۆڕشی یەکەمی لە قەڵەم دا. ئەو ناوەندە کتێب گەلێکی بە ناوەکانی «انقلاب دوم، دانشجویان و گروگانها، تاریخ شفاهی جنبش دانشجویی مسلمان، بحران، خاطرات همیلتون جردن، مشاور کارتر؛ گروگانگیری ایرانی، سیاست خارجی آمریکا و بحران گروگانگیری در ایران» (٥) بڵاو کردۆتەوە؟!

«شۆڕشی دوویەم» ی ئا. خومەینی و دەستوپێوەندییەکانی پتر بۆ دژایەتیی لەگەڵ ڕۆژئاوا بە تایبەتیی ئەمریکا؛ خوێندنەوەی بۆدەرکرێ. ئەو بۆچوونەی ئەکبەر گەنجی دەتوانێ زۆر بەجێ بێ کە: ئەگەر یاساکانی جێخراوی مرۆڤی پێشکەوتوو بە هۆی بیگانەبوون رەد دەکرێنەوە، حوکمی فەقیهەکانیش دروستکراوەی بێگانەکانن. ئەگەر مافی جیهانیی مرۆڤ، دێموکڕاسی و فێمینسم ڕۆژئاوایین؛ حوکمەکانی ویلایەتی فەقیهیش عەرەبین. (٦)

#### سەرچاوەکان

١_ یوتیوب، علیرضا نامور حقیقی، تحلیلگر مسایل سیاسی، ایران از نگاه دوم.
٢_ یوتیوب، اثرات گروگانگیری بر اقتصاد ایران.
٣_ سایت ویکی پدیا، دانشنامەی آزاد.
٤_ یوتیوب، اشغال سفارت آمریکا بخش ١٤، ایران از نگاه دوم.
٥_ سایت، مرکز اسناد انقلاب اسلامی.

## بەراوردی نادروستی هێزی نەتەوەیی، هۆکارێکی قەیرانساز

شێخە بەهێشتی

ستراتژیی نەتەوەیی، یان ستراتژیی گەورە، پێهکاتەیەک لە سێ پێکهێنەر:

* **ئۆگرییەکان**
* **سەرچاوەکان**
* **تواناییەکان**

بەستێنی سەرەکیی کە گەورەیی و بچووکیی پانتایی جوگرافیایی هەر ستراتژییەکی نەتەوەیی، بەتایبەت لە سیاسەتی دەرەکیدا و بەتایبەتیتر لە ناوچە دەوروبەرەکان دیاری دەکا، بریتییە لە توانامەندی نەک ئۆگری و بەرژوەندییەکان. چونکە توانامەندی کۆنترۆڵکەر و بەرتەسککەرەوەی مەزنیخوازییەکانە. لەڕاستیدا هێزی نەتەوەیی پێکهاتەیەکە لە شەش هێز: لەشکەری، کۆمەڵایەتی(حەشیمەتی)، ئاکاری، ئابووری، سیاسی و جوگرافیایی. ستراتژیی نەتەوەییش بریتییە لە هونەری بەکارهێنانی هێزی نەتەوەیی لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکاندا. بەم پێیە پلەبەندیی هێز لە جیهاندا بە سەر ئەم پێنج چەشنە هێزانەدا دابەش دەبێ: تاکە هێز، هێزە بان ناوچەییەکان، هێزە ناوچەییەکان و هێزی نەتەوەیی. شتێک کە لەم میکانیزمەدا زۆر گرنگە و بۆ هەر نەتەوەیەک ژیانەکییە بریتیە لە هەڵسەنگاندن و بەراوردی هێز لەلایەن بەڕێوەبەریی باڵای هەر وڵاتێکەوە. بۆ وێنە ئەگەر کۆی بەراوردی هێزی نەتەوەیی وڵاتێک ناوچەیی بێ، بەڵام بە هەڵە لەلایەن بەڕێوەبەریی باڵاوە بە تاکە هێزی ناوچەیی لەقەلەم بدرێ، ئاکامەی لە زەڵکاو کەوتنە. یەکێک لە چالشە بنەماییەکانی کۆماری ئیسلامی زیادکردنی بەردەوامیی پابەندییە دەرسنوورییەکانیەتی لەبەرانبەر کەماسیی توانامەندییە شەشانە(هێزی نەتەوەیی) نێوخۆییەکاندا. پێکهاتەیەکی ئەوتۆ بێگومان نارەزایەتیی نێوخۆیی تا ئاستی هەڵچوون لێدەکەوێتەوە. بۆیە دەسەڵات چارەیەک بێجگە لە سەرکوت لە بەردەم خۆیدا نابینێ. پێم وایە لەبەریەکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت ئاکامی ئەم سوورە لۆژیکییە بوو.

### بۆ دەسەڵاتدارێتی سەرکوت دەکا؟!

بۆچی تەنیا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و یەک دوو ناوچەی جوگرافیای سیاسیی جیهانن کە لە بەرانبەر داخوازیی گشتیی شارۆمەنداندا ستراتژیی سەرکوت بەکاردێنن؟ لە کاتێکدا دەوڵەتە پێشکەوتووە ئوروپایی و ئەمریکاییەکان و هێندێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا، کە بۆخۆیان فرۆشیاری سیستم و ئامراز و شێوازی فێرکردنی سەرکوت (بریتی لە گازە فرمێسکهێنەرەکان، باتوومە ئێلکتریکییەکان و شۆکەر، ئیسپرییەکان، قەڵخانپۆشەکان، جلوبەرگی گاردو ...)ن کەمتر سەرکوتکەرن. وڵامی ئەم پرسیارە زۆرتر لەم دێڕەدا کورت دەبێتەوە، چونکە ئەوان تووڕە نابن. چونکە ئەوان لە بەرانبەر هەر تەنگوچەڵەمەیەکدا ڕێگاچارەی زۆرو جۆراوجۆرایان هەیە. بەڵام دەوڵەتگەلی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و سیستمە دەسەڵاتدارییەکەیان بۆ بەرسڤدانەوەی گرفتی کۆیی شارۆمەندان ساناترین و دیارە دزێوترین ڕێگاچارە دەگرنەبەر: سەرکوت. ئەوانە چونکە ڕێگاچارەی جۆراوجۆر و پڕژمارەکانی دیکە ناناسن، یان ئەزموونیان نەکردوون و کەلکیان لێوەرنەگرتوون، سیستمەکەیان دەجاڵ ئامالە، یەک چاوە. ئەوانە بە بەکارهێنانی دوو ڕێگاچارەی کۆن و سواو، واتە سەرکوت و کوشتن، هەروا خۆیان ڕەق و چەمهەڵنەگر هێشتۆتەوە. هەر بۆیە ئەوپەڕەکەی لە بەرانبەر گوشارە سەرەتاییەکانی خەڵکدا خۆیان بۆ ڕادەگیرێ. بەڵام هەرکە بزووتنی خەڵک گشتگیر بوو و بوو بە بزووتنەوە، ئەم ڕێژیمانە دەچەمنەوە یان تێکدەشکێن. سیا، مووساد، عەرەبستانی سعوودی، پاشاییخوازەکان، کاناڵگەلی تلێگرامی، میدیاگەلی دەرەوە و بە تایبەت تلویزیۆنە مانگیلەییەکان، ئەمریکاییەک بە ناوی مایکل ئاندریا، ژنبرای سەددام حوسێن، بەرپرسێکی پێشوو( لەوانەیە ئەحمەدینژاد)و... ئەوانە ژمارەیەک لەو لایەنانەن کە تا ئێستا وەک گەڵاڵەداڕێژەرانی نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانە ناسێنراون. بەڵام لەم نێوەدا پرسیارێک بە زەقی خۆی دەنوێنێ: ئێوە کە دوای سی و نۆ ساڵ هێشتا نەتانتوانیوە بەر بە پلانە یەک لە دوای یەکە بیانییەکان بگرن، لەمەبەدوا بە چ میکانیزمێک و بە کام ستراتژی دەتانەوێ ڕێگا لە بەردەم ئەم پلانانەدا بگرن؟ واتە دوژمنانی دەرەکیی ئەم وڵاتە ئەوەندە بەتوانان کە دەتوانن لە ماوەی چەند ڕۆژدا زیاتر لە سەد و دە شار بشلەقێنن؟ کەواتە ئەو تەناهییەی ئێوە لافی لێدەدەن لە وەهمێک زیاتر نیە!

ئەوەی کە لە ڕاپەڕینە جەماورییەکاندا ڕووی دا و دیارە هیچ گرەنتییەکیش نیە کە لە مانگەکانی داهاتوودا بەتەواوی دامرکێتەوە، زیاتر لە هەر دیاردەیەک (بۆ وێنە گرفتە ئابوورییەکان)، دەگەڕێتەوە بۆ بێهیوابوونی خەڵک، یان بەشگەلێک لە خەڵک، لە دوورەدیمەنی چارەسەرکرانی گرفتەکان. بەتایبەت دوای ئەو هەموو هیوا یەک لە دوای یەکانەی لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا پێیان درابوو. لە ڕاستیدا گرفتی سەرەکی لەوە دایە کە بەشێک لە خەڵک بەتایبەت لاوان، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە تێگەیشتوون کە دەسەڵاتداران توانای چارەسەرکردنی گرفتە پڕژمارەکانی وڵاتیان نیە. یەکێک لە زیانەکانی سیاسەتلێدراویی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە بریتییە لە لەبیرکرانی خێرای ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و ونبوونی ئەوان لە تەپوتۆزی ڕووداوە سیاسییەکاندا. ئەمڕۆ ڕەنگە کەم کەس هەبێ پرسیارخوڵقێنترین میتینگی لەدایکبووانی دەیەی هەشتا لە پاساژی کوروش( جۆزەردانی ٩٥) لە بیر مابێ. هەموو شتێک لە هەشتەگێک و وادەیەکی تلێگرامیەوە دەستی پێکرد. وادەی یەکتر بینینێک کە تازەلاوانی کچ و کوڕی تارانی بە بۆنەی کۆتاییهاتنی تاقیکارییکان و دەسپێکی پشووی هاوینە دایاننابوو. خۆیان گوتەنی لە دەوری یەک کۆببنەوە و هەناسەیەک نوێ بکەنەوە و لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان دیدارێک نوێ بکەنەوە. کۆبوونەوەیەکی ساکار کە خۆی لە ٢٠٠٠ کەس دا و سەرسووڕمانی هەمووانی لێکەوتەوە. ئەم ڕووداوە ئەو کات ڕاڤەی لەبارەوە لێکراو پرسیارگەلێکی جۆراوجۆر لەبارەیەوە هاتە گۆڕێ. ئەوەکە بۆ و چۆن ئەم کۆبوونەوە ساکارە پێکهاتوە. بەشداران ئامانجیان چ بوو و بۆ قەرارێکی لەم چەشنە لە ئاکام دا بووتە هۆی ئەوە کە پۆلیس و بەشی پاراستنی ئەم شوێنە بێنە مەیدان بۆ ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی بەشداربوون بڵاوە پێبکەن؟ میتینگی دەیە هەشتاییەکان و تەنینەوەی بۆ شارەکانی دیکە لەو کاتەدا، هێمایەکی باش بوو کە نیشان بدرێ لە هەناوی ئەم کۆمەڵگەیەدا ڕووداوگەلێک خەریکی ڕوودانن، کە هەوڵنەدان بۆ تێگەیشتن لەوان، درەنگ یان زوو ئاکامگەلێکی نادڵخوازی لێدەکەوێتەوە. لەوانەیە ئەم چەشنە کۆبوونەوانە بۆ خاوەنانی دەسەڵات هێندە کەمبایەخ بووبێ کە هیچ بە پێویستیان نەزانیبێ بیر لە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بابەتە بکەنەوە، لەبارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەن و بخوازن سەرنجی بدەنێ. ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتییە گرنگەش، لە هاتوهاواری هەمیشەیی دەمەقاڵە سیاسییەکاندا ون بوو و خاوەنانی تریبوون هۆکاری ئەویان گەڕاندەوە بۆ هەڵفریوان بە هۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە و لاساییکردنەوە لە کلتووری ڕۆژئاواییەکان. ئەمڕۆ دووبارەخوێندنەوەی لە دەوری یەک کۆبوونەوەی دوو هەزار کەسیی دەیە هەشتاییەکان و پێشوازیی بەرین لەو بە مەبەستی ساتێک خۆشی، بە هەمان ڕادە پێویستە کە ڕاڤەی دروشمە توندەکانی ژمارەیەک لە هاوتەمەنەکانی ئەوان.

ڕوانینێک لە نارەزایییەتیەکانی ئەم دواییانە کە زۆرینەی بەشداربووانی، ئەگەر بەتەواوی دەیە هەشتایی نەبن، بەڵام لە تەمەنێک دان کە ڕوانین و بیرکردنەوەیان ناهاوشێوە لەگەڵ بەشداربووانی ئەو میتینگە بەناوبانگە نیە. دیارە کەسانی ناڕازی هەموویان لەم جۆرە نەبوون، بەڵام بەپێی فیلم و ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، ڕادەی بەشداریی ئەم جۆرە کەسانە بەرچاو بوو. ئەوان نیشانیان داوە کە لە کەشێکی بەتەواوی جیاواز و تەنانەت دژواز لەگەڵ هەرچەشنە شێوازێکی جێکەوتووی کۆمەڵایەتی دەژین و مەیلی تاکیتی لەوان دا زۆر بەرزە. چونکە لە بنەڕەتدا نەدیتراون یان نەیانویستوە ئەم گرووپە و ویستەکانیان ببینن. ئەم گرووپە ئاوێنەی تەواونوێنی کەلێنی بەرەکانی کۆمەڵگەیە. ئەوان بۆ خۆیان فەرهەنگ، ئایین، بایەخ و وانەی خۆکردیان پێناسە کردوە کە لەگەڵ ئەو شتە کە سیستمی بایەخە حکوومەتیەکان لەوانی دەخوازێ، مەودایەکی واتاداری هەیە. بەپێچەوانەی ویستی خاوەنانی دەسەڵات و سیاسییەکان کە ئەم چەشنە بابەتانە نابینن، دەبێ پشتڕاستی بکەینەوە کە ئەوان هەن، ئاکامی سروشتیی شکستە سیاسییە گەورەکانی ئەم کۆمەڵگەیەن و ئەمە کۆی دەسەڵاتدارەتی بوە کە ددانی بەوان دانەهێناوە. لە پەنا کەمکاری و گرنگیپێنەدانی ڕەوتە سیاسییەکاندا. چونکە شێوە هەڵسوکەوتی تەناهییانە لەتەک کۆمەڵگەدا ڕەوتی باو بوە.

لەبارەی نارەزایەتییەکانی ئەمدواییانەشدا، کاربەدەستە پێوەندیدارەکان و ڕاپۆرتنێران ڕووداوەکان ئاوا وەسف دەکەن: نارەزایەتییەکان لە چ باژێرگەلێک بە چ تایبەتمەندیگەلێکەوە سەریان هەڵداوە، چ کەسانێک و لە چ ڕادەیەکی تەمەندا و بە چ تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتییەوە لەوان دا بەشدار بوون، چ دروشم و داخوازگەلێکیان هێناوەتە گۆڕێ و.... زانینی ئەم زانیارییانە زۆر گرنگە، بەڵام تێگەیشتن لە ڕووداوەکەی لێناکەوێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەمانە مەرجی پێویست بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکەن، بەڵام مەرجی تەواو نین. بۆ وێنە گوتنی ئەوە کە ئەم نارەزایەتییانە بەتەواوی دەگەڕێنەوە بۆ گرفتە ئابوورییەکان و دەستەیەک سواری شەپۆلەکە بوون و دروشمی دیکەیان داوە، بە هیچ شێوەیەک جێگای ڕەزامەندی نیە. لە بیرمان نەچی ڕێژیمی ئاخوندی لانیکەم لە هەر دەیەیەکدا لەگەڵ چالشی وەک ئەمە بەرەوڕوو بووە و توانیوەتی بە جۆرێک لەوان دەرباز بێ. هەرچەند نووسەری ئەم دێڕانە نارەزایییەتییەکانی ئەم دواییانە لەلایەنی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بە چەشنێکی دیکە دەبینێ و پێی وایە ئەم چیرۆکە بە سەرنجدان بە دۆخی ناوچەیی و جیهانی و کۆتایی شەڕی داعش و دابەشکرانی سەرلەنوێی سنووری هێزەکان زۆر درێژە و لە دەسپێکی خۆی دایە.

ڕەوتێک دەستی پێکردوە کە دەتوانێ لە هەلومەرجی شیاودا و بە یارمەتیی سانایبەخشەکان سووڕی ڕووداوەکان بە قازانجی خەڵک بشکێننەوە. بەڵام ئێمە دڵنیاین کە بێجگە لە کۆبوونەوەی کۆی هێزە دژە سەرەڕۆییەکان لە دەوری جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و دیمۆکراسیخوازی گەیشتن بەم ئامانجە نەلواوە و لە هەناوی بزووتنەوە جەماوەرییە بێ ڕێبەرییەکاندا گرووپگەلی چەکداری بێ ئامانج و بێ ڕێبەری و ئامانجی دیاریکراوی دیمۆکراتیک سەرهەڵدەدەن. مەترسییەک کە هاوپێوەندیی ئۆپۆزیسیۆن زیاتر لە هەر کات ژیانەکی دەکا، ئەوەیە. هەرچەند دەسەڵاتدارەتی توانیوەتی بە هێزی سەرکوت شەقامەکان کۆنترۆڵ بکا، بەڵام داخوازییەکان هەروا بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە و ئەگەریش ئاوەزمەندێتییەک مەیلی لە چارەسەرکردن هەبێ، ئەوە بێگومان دەسەڵاتدارەتی نیە و تێگەیشتنی باڵادەستیش ئەوەی دەوێ. بەڵام هێزی سەرکوتی دەسەڵاتدارەتییە سەرەڕۆیەکان سنووردارە



ل١٠

# ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان

## بەشی دووهەم – خۆرئاوای کوردستان



فارین پاڵیسی – جوست هیلتەرمەن
و: کەماڵ حەسەنپوور

تاقمی دەسەڵاتدار لە باکووری سورییە لەوانەیە بەمزووانە تووشی چالنجی هاوشێوە بن. ئەوانیش ڕەزامەندییان بۆشەڕ بە نوێنەرایەتیی ئامریکا لە بەرامبەر وەرگرتنی چەکوچۆڵ دەربڕیوە و وێدەچێ ئەوانیش دوای ئازادکرانی پاشماوەی ئەو شوێنانەی کە بەدەست داعشەوەن و لە کاتێکدا کە واشینگتۆن شەرقاڵی شوێنی دیکەیە، وەلا بنرێن. چی بەسەر ئەم هەرێمە بە کردەوە خودموختارە دێ کە کوردەکانی سورییە توانیویانە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا دەستی بەسەر دابگرن؟

هەر وەک براکانیان لەو دیوی سنووری عێراق، کوردەکانی سووریە کەڵکیان لە هەلی لاوازبوونی دەوڵەتی ناوەندیی وەرگرت. لە ٢٠١٢، لە ژێر گوشاری شەڕی نێوخۆدا ڕێژیمی بەشار ئەلئەسەد لە باکوور پاشەکشەی کرد و بۆشاییەکی جێهێشت کە لایەنگرە ناوچەییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پڕیان کردەوە. ئەم گرووپە، کە بەناوی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ناسراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پ ک ک بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەزانێ، بەڵام یارمەتیی سەربازیی دڵفراوانی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پێ کراوە.

هەر وەک عێراق، پڕچەککردن و ڕاهێنان ئەم توانایییەی بە یەپەگە بەخشیوە کە جار لە دوای جار داعش تێکبشکێنێ. ئەم سەرکەوتنانە دوو کاردانەوەی دژی یەکتری لێ کەوتوونەوە: ئەمە خولیای کوردەکانی سووریەی بۆ پێکهێنانی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری کوردی، هەروەک ئەوەی عێراق زیاد کردوە و هەروەها یارمەتیی بە فەرماندەکانیان کە لەلایەن پەکەکەوە ڕاهێنانیان پێ کراوە کردووە کە وەک سەرەکیترین نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سووریە هەڵسوکەوت بکەن. ئەم فەرماندەرانە لە نێوان ویستیان بۆ کەڵکوەرگەرتن لە دەستکەوتەکانیان بۆ پشتگیریی لە خەباتی پەکەکە لە تورکیە و پاراستنی خۆبەڕێوەبەرییەکەیان لە سوورییە گیریان کردووە.

پاوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کادرە پەکەکە ڕاهێنراوەکان، یەپەگەی لەنێو چینی مامناوەندی کوردستانی سووریە تەریک خستۆتەوە کە ئەگەرچی لەوانەیە بە پێزانینەوە بڕواننە پارێزگاریکرانیان؛ بەڵام لە ژێر گوشاری ئەوان و بازرگانانی شەڕ کە لە دەوری یەپەگە کۆبوونەوە بە گلەیین. وەک چۆن یەکێک لە دانیشتووانی چینی مامناوەند لە قامیشلوو باسی کرد: «شۆفێر تاکسی بوونە ئەفسەری خاوەن دەسەڵاتی پۆلیس و دوکانداری ئاسایی ئێستا دەبینرێن کە مەرسەدێسی ٢٠١٧ لێ دەخوڕن، چونکە قاچاخی نەوت دەکەن و چیمەنتۆ هەناردە دەکەن.» ئەو درێژەی پێدا و دڵگرانیی خۆی لەمە دەربڕی کە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە کاتێکدا کە مامۆستایان، یاساناسان و دوکتورەکان خەریکی کاری کەمداهات تەنیا بۆ زیندوومانەوەن، هێندەیتر بێزارکەرە.

یەپەگە تووشی دووڕیانێک بۆتەوە: بۆ ئەوەی کە لە بواری سەربازییەوە بەهێز بێ پێویستە پەیوەندیی بە پەکەکەوە هەبێ، کە فەرماندە سەرەکییەکانی لەوێوە ڕاهێنانیان پێکراوە. لە هەمان کاتدا ئەم کارە پێش بە وەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵکی ناوچەکە دەگرێ کە پێیان وایە ئەوان سوودێک لە فەرماندە پەکەکە ڕاهێنراوەکان کە ئاڵای پرسی کوردیان لە سووریە بەرزکردۆتەوە پێناگا. خەڵکی ناوچەکە هەر بۆچوونێکیان لەسەر ئایدیۆلۆژیی گرووپەکەوە هەبێ، دژی بەڕێوەبەریی ئەوانن کە هیچ شێوە ئۆپۆزیسیۆنێک تەحەممول ناکا. لە هەمانکاتدا هاوسۆزیی یەپەگە بۆ پەکەکە ئەوان دەکاتە دوژمنی ڕاستەوخۆی تورکیە، کە هەوڵی خنکاندنی باکووری سوورییەی لە بواری ئابوورییەوە داوە. ئەگەر کوردەکانی سووریە وریا نەبن، لەلایەن جیرانەکانیانەوە ئیزۆلە دەکرێن، ئانکارا و دیمەشق لەوانەیە لە داهاتوودا هاوکاریی یەکتر بکەن بۆ ڕاوانی یەپەگە و دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی ناوەند، هەر وەک چۆن ئانکارا چرای سەوزی بە تاران، بۆ شکستپێهێنانی هەوڵی کوردانی باکووری عێراق، دا.

یەپەگە دوو ڕێگای بۆ پێشگرتن لە چارەنووسێکی ئەوتۆ لەبەر دەستە. ئەو دەتوانێ دەسەڵاتی ئەو شوێنانەی کە لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانن و پاش شکستی داعش وەدەستی کەوتوون، بداتە هاوپەیمانە غەیرە کوردەکانی تا بتوانێ هێزی خۆی بۆ بووژاندنەوەی خۆبەڕێوەبەرییەکی سەقامگیر لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن، تەرخان بکا. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پشت بە چینی خوێندەواری مامناوەند ببەستێ کە لایەنگری حیزبی دیکەن جگە لە پەکەکە و ئەو کادرانەی ئەوان ڕاهێنانی سەربازییان پێکردوون و هیوادار بن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بیانپارێزن. ئەمە لەوانەیە ڕەزامەندیی تورکیەشی بەدواوە بێ کە بتوانێ دەسەڵاتێکی کوردیی لە سنووری خۆی تەحەممول بکا، هەروەک عێراق، بەڵام ئەم دەسەڵاتە نابێ لە ژێر هێژمۆنیی دوژمنی سەرەکیی ئەوان، پەکەکە دابێ.

بەڵام ئەم ستراتێژییە لەبەر ئەم ڕاستییە ئاڵۆز بووە کە هاوپەیمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ کوردانی سووریە، لە هاوبەشیی واشینگتۆن لەگەڵ کوردەکانی باکووری عێراق ناسەقامگیرترە. لە کۆتاییەکانی نۆڤامبر، سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ باسی لەوە کرد کە ڕەنگبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆتایی بە یارمەتیی سەربازی بە یەپەگە بێنێ. ئەگەر ئەمە نیشانەی ویستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەستبەردار بوون لە نوێنەرەکەی لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکرا بێ، ئەگەرێک کە بۆتە هۆی باسێکی گەرم لەنێو یەپەگە و پەکەکە، ئەم گرووپە کوردە هیچ ڕێگاچارەیەکی جگە لە فرەلایەن کردنی هاوپەیمانییەکەی نیە ئەگەر بیهەوێ درێژە بە ژیان بدا.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە، ڕێگاکەی دیکەی بەردەم ڕێبەرانی کوردستانی سووریە ئەمە دەبێ کە دەسەڵاتی ناوچەیی و پێکهاتە ئەمنیەتییەکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی سووریە، کە تواناییەکانی بە شێوەیەکی جیددی لاواز بووە، ڕێکبخەن. بوونی یەپەگە لە باکووری سووریی بەهۆی دانبەخۆداگرتنی ڕێژیم و پشتیوانە بەهێزەکانیەوە مومکین بووە، و شەڕکەرەکانی تا ڕاددەیەکی زۆر هاوشانی هێزە ئەمنیەتییەکانی سووریە لە قامیشلو و حەسەکە بوونیان هەبووە. پەکەکەش ڕابردووی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێژیمی هەیە کە لە کۆتاییەکانی ١٩٨٧، مەقەڕی لە دیمەشق و ئۆردوگای ڕاهێنانی بۆ شەڕکەرەکانی لە دۆڵی بیقاع لە لوبنان، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی سووریە، هەبوو.

ئەمە بە قازانجی یەپەگەیە کە بە هاوکاریی حیزبە کوردییەکانی ناوچەکە جەخت بکاتە سەر دامەزراندنی پێکهاتەی بەڕێوەبەریی کارامە و بیر لە بانگهێشتنی وەزارەتەکانی سووریە کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بکاتەوە. ئەمە دەتوانێ دەرگای بازرگانیی لەگەڵ عێراق لە سنوورە هاوبەشەکەیان بکاتەوە کە ئێستا لە لایەن بەغدا و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە بەشی عێراق کۆنترۆڵ دەکرێ، چونکە لەوانەیە دەوڵەتی عێراق پشتیوانیی لە لێکتێگەیشتن لە نێوان یەپەگە و دیمەشق بکا.

ئەمە نائاشکرایە کە ئاخۆ ئەسەد هیچ شتێک جگە لە گەڕاندنەوەی سەروەریی هەمەلایەنەی سووریە بۆ ناوچە کوردییەکان پەسەند بکا، بەڵام بە هەمان شێوە ناڕوونە کە توانایی ئەم کارەی هەبێ. ڕووسیە ڕایگەیاندووە کە لەوانەیە دژی خۆبەڕێوەبەریی کوردان نەبێ. بۆیە زۆر شت بەستراوەتەوە بە ئەگەری سازشێک لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕووسیە، بۆ دۆخی دوای ناکۆکییەکان کە ڕێگا بە ناوچە کوردییەکان بدا دوای شەڕی نێوخۆیی سووریە بگەنە شێوەیەک لە خودموختاری.

بە وێرانکرانی سنووری نێوان عێراق و سووریە لە لایەن داعشەوە، ئەم نەزمە سیاسییەی کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هاتە ئاراوە بە چالش کێشرا. ئاکارە بێ بەزەییەکانی بوونە هۆی گەشەکردنی خەونی کوردان بۆ سەربەخۆیی، داعش بووە هۆی دەستوەردانی خۆرئاوایی لە جیات کوردەکان و هەلێکی بۆ کوردان بۆ گۆڕینی سنوورەکانی ناوچە، بە قازانجی ئەوان ڕەخساند. لە هەردوو لای سنووری سووریە_ عێراق کوردەکان چاوەڕوانی تێکرمانی دەوڵەتەکانیان لە ژێر زەختی شەڕی نێوخۆیی بوون، لە کاتێکدا کە بە یارمەتی چەکوچۆڵی خۆرئاوا خۆیان بەهێز دەکرد. بە تایبەتی لە عێراق، وێدەچوو ئەوان گرەو لە سەر شتێکی گرینگتر بکەن: پشتگیریی خۆرئاوا بۆ کیانێکی سەربەخۆ دوای کۆتاییهاتنی شەڕ. بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وێدەچوو ئەمە گرەوێکی دۆڕاو بێ.



بۆ کوردان ڕێگایەکی باشتر لە پشتبەستن بە هێزی دەرەکیی و پەرە پێدانی چەوساندنەوە لە نێوخۆ بوونی هەیە. تا ساڵێک پێش ئێستا، ڕێبەرانی کوردستانی عێراق ستراتێژییەکی ژیرانەیان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی هەبوو: پرۆسەیەکی پەرەئەستێنیی ڕاکێشان لە ڕێگای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان. نزیکەی دە ساڵ، ئەوان توانیان کۆمپانیا نەوتییە بەهێزەکان بۆ وەبەرهێنان لە کێڵگە دەستلێنەدراوەکان ڕاکێشن و لەم ڕێگایەوە پشتیوانیی سیاسی وڵاتانی ئەم کۆمپانیایانە، لەناویاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان، تورکیە و ڕووسیە وەدەست بێنن. ئەم پرۆسەیە سەربەخۆیی خێرای دەستەبەر نەدەکرد، بەڵام بناخەکەی بۆ دادەمەزراند.

ئێستا ڕێبەرانی کورد دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەنەوە. بۆ ئەم ئامانجە پێویستە وەبەرهێنان لە ئەم دامەزراوانە بکرێ کە هەم ببێتە هۆی دروست بوون و هەروەها مانەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگیی نێوان هێزە ناوچەییەکان بە قازابجی کوردان. پارلمانێکی زیندوو و سیستەمی دادوەریی سەربەخۆ دوو دامەزراوەی سەرەکیین، هەر وەک ئاژانسی سەربەخۆی دژی گەندەڵی کە هاوتەریبی سیستەمی دادوەریی ئیش بکا.

شەڕی دژی داعش کە بە یارمەتیی خۆرئاوا کرا، ڕێبەرە کوردەکانی هاندا بنەماکانی سەربەخۆیی بنکۆڵ بکەن. تێکەڵاوێک لە زێدەڕۆیی لە باوەڕبەخۆبوونی سیاسی و تەماعی خاک بووە هۆی نسکۆیەکی کارەساتبار بۆ کوردەکانی عێراق، و ئەمە دەتوانێ بە زوویی لە سورییەش ڕوو بدا. ئەگەر کوردەکان دەخوازن شانسی سەربەخۆبوونیان هەبێ، ئەگەر و لە کاتێکدا کە هاوکێشەی ناوچە گۆڕا، بۆ ڕێبەرە سیاسییەکانیان باشترە کە لە نێوخۆ چاکسازیی سیاسی بکەن. ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبن، لەوانەیە، حەوت ساڵ پاش بەهاری عەرەبی، تووشی بەهاری کوردیی لە لایەن هاووڵاتی لاوی تووڕە، بێزار و خوزیاری سزادانی ئەوان لەبەر لەکیسدانی هەلی مێژووی، شکستی سیاسی و گەندەڵیی چارەسەرنەکراو ببنەوە.



## لە حوجرەوە

عادڵ مەحموودی

# مەلا زاهید پاوەیی



هەر تەنیا زانیاری و زانا بوون و دەوڵەمەندی هۆکار نین بۆ ئەوەی کە کەسێک لە نێو دڵی خەڵک و جەماوەردا بە زیندوویی بمێنیتەوە و خەڵکانێک شانازیی پێوە بکەن، بەڵکوو هۆکاری زیندوو مانەوە لە نێو دڵەکاندا، لە خۆبووردوویی و فیداکاریی ڕاستبێژانە و خزمەتکاربوونێکی دڵسۆزانەی بێ خەشی گەل و نیشتمانە. بێگومان زانا و پسپۆڕ و خەڵکی لێهاتووی کۆمەڵگە زۆرن و لە ئەژمار نایەن، بەڵام ئەو کەسانەی کە لەنێو دڵی گەلدا بە زیندویی ماونەتەوە، یەک بە هەزارە، چوونکە تەنیا ئەو کەسانە لە بێژنگی ڕۆح و دڵ دەردەچن کە ژیانی خۆیان لە پێناو بەختەوەرکردنی خەڵکانی دیکە کردۆتە قوربانی؛ یان بە داهێنانەکانیان خزمەتی گەورەیان بە گەلی خۆیان و مرۆڤایەتی کردووە. گرینگ نیە ئەو زانایانە لە چ بوارێکدا پسپۆڕ بوون، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە چەندە لە خزمەتی کۆمەڵگاکەیاندا بوون و لە بەرژەوەندی خەڵکدا هەڵسوکەوتیان کردووە، خەڵکانێکی زۆریش هەن بەبێ ئەوەی کە لە هیچ بوارێکدا پسپۆڕ بووبن، بەڵام یادیان لە دڵ و مێژووی گەلدا دەدرەوشێتەوە.

لە ڕۆژی ٩ی خەزەڵوەری ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی لە شارە شۆڕشگێڕە دێرینەکەی هەورامان، شاری پاوە، منداڵێک لە بنەماڵەیەکی پشتاوپشت ئایینی و پێبەندی ڕێبازی نەقشبەندی چاوی بە ژیان هەڵێنا. لەسەر نەریتی ئەو ناوچەیە و بنەماڵەیەکی ئایینی ناودار، ناوی ئەو منداڵەیان نا محەممەد زاهید. محەممەد زاهید، کوڕی مەلاساڵحی پاوەییە کە بنەماڵەیەکی ناودار و ئەهلی زانست و فەرهەنگی شاری پاوەن، شارێک کە بە درێژایی مێژوو ئەو شارە بە ناوەندێکی زانستی و فەرهەنگیی ناوچەی هەورامان ناوبانگی دەرکردوە. زاهید لەبەر ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا هاتبووە دنیاوە، هەر هێشتا منداڵ بوو کە نرایە بەر خوێندنی ئایینی و لە شاری پاوە دەست بە خوێندنی پەرتووکە سەرەتاییەکانی ئیلاهییات دەکا. زاهید لە شاری پاوە بە ڕەسمی دەبێتە فەقێ و لە حوجرەی ئەوشارەشدا دادەمەزرێ، دوای ماوەیەک باوکی کۆچی دوایی دەکا و زاهید هەتیو دەکەوێ، بەڵام بە لەدەستدانی باوکی ورەی دانەبەزێ و ئەو کۆستە نابێتە کۆسپ لەبەردەمیدا. محەممەد زاهید، وەک ئەو نەریتە جوانەی مامۆستایانی کوردستان کە گەڕانە بە شار و لادێکاندا بە مەبەستی زیاتر فێربوون و چاوکراوەیی زیاتر، ئەویش قەوانی فەقێیەتی لەشان کرد و بەرەو گوندی بیارە، زانکۆ بەناوبانگەی کوردستان وەڕێ دەکەوێ. مەلا زاهید، بۆ ماوەیەک لە بیارە مایەوە و سەرقاڵی بەدەستهێنانی زانست بوو، دوای ماوەیەک دیسان هەگبەی لەشان کرد و ڕووی کردە گوندی گەلاڵەی چوارتا و ماوەیەکیش لە خزمەتی مەلا محەممەد، ناسراو بە ڕەئیس درێژەی بە فێربوونی زانست دا. دواجار مامۆستا مەلا زاهید گەڕایەوە بیارە و دوایین پلەکانی مەلایی لە حوجرە گەورەکەی بیارە و لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بڕی و هەر لەوێش بڕوانامەی مەلایەتیی وەرگرت و بە ڕەسمی بوو بە مامۆستا. مامۆستا مەلا زاهید کە دواتر بە حاجی مامۆستا ناسرا، دوای وەرگرتنی بڕوانامەکەی گەڕایەوە شاری پاوە و دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ئەرکی مەلایەتی و وانەوتنەوە. حوجرەکەی وەکوو ئەستێرەیەکی پرشنگدار درەوشایەوە و ناوبانگی دەرکرد و بەدەیان مامۆستای ناودار و بلیمەت لە خزمەتیدا پێگەیشتن؛ بۆ نموونە پڕۆفیسۆر موستەفا زەڵمی، کاک ئەحمەدیی موفتی زادە و مەلا ناسری سوبحانی و دەیان کەسایەتیی دیکە.

مامۆستا لەبەر ئەوەی کە لە بواری زانستیدا کەسێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو، وەکوو موفتیی شاری پاوە و ناوچەی هەورامان دەستنیشان کراوە و بە هەڵوێست و بڕیارە حەکیمانەکانی گەلێک کێشەی گەورە و بچووکی بنەماڵەکان و ئەو ناوچەیەی چارەسەر کردوون. مامۆستا مەلا زاهید، دامەزرێنەری یەکەمین ناوەندی فەرهەنگیی شاری پاوەیە و لەو بوارەدا گەلێک چالاک و دڵسۆز بووە و زۆرێک لە قوتابخانە و ناوەندە فەرهەنگییەکانی لەسەر ئەرکی خۆی کردوونەتەوە یان نۆژەنی کردوون. حاجی مامۆستا، لە هەلومەرجە سیاسییەکاندا هاوکار و بە هەڵوێست بووە هەر لە کۆماری کوردستانەوە بگرە، هەتا ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، مامۆستا لە ئاست تەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵگەکەی خەمسارد نەبووە و بەردەوام دژی پێشێلکاریی دەسەڵاتی ڕێژیمە داگیرکەرەکان بووە و هیچکات دانی خێری پێدا نەناون. هەر لەبەر ئەو هەڵوێستە بوێرانەیەش بووە کە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە لایەن دەسەڵاتی پاشایەتییەوە هەوڵی تیرۆر کرانی درا، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو. مامۆستا دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش بەردەوام لە ژێر گوشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا بوو بۆ بۆ ئەوەی هاوکارییان بکا، بەڵام ئەو هیچکات پشتی خەڵکەکەی خۆی بەرنەدا و نەک هەر هاوکاری نەدەکردن تەنانەت بۆ جارێکیش لەپشت سەر نوێنەرە بەکرێگیراوەکانی ئەو ڕێژیمە نوێژی نەکرد و ئامادە نەبوو لە پێناو پلە و پۆست یان سەروەت و سامان، خۆی لە ڕیزی جیرەخۆرەکاندا ببینێتەوە. مامۆستا پێی وابوو کە ئەرکی ئەو لەوە زۆر قورسترە کە ببێتە داردەستی دەستوپێوەندەکانی ڕێژیمی ئاخوندی. لە کۆتاییدا، حاجی مامۆستا مەلا زاهیدی پاوەیی لە ڕۆژی ٤ی مانگی گوڵانی ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا دڵی لە لێدان کەوت و سەربەرزانە ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و لە نێو ئاپوڕای حەشیمەتێکی کەموێنە لە شاری پاوە بەخاک سپێردرا.

## سەرنج بدەن...سەرنج بدەن



برایم چووکەڵی

ساڵەکانی کۆتایی پەنجا و سەرەتای ٦٠ خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان ئەزموونی دەسەڵاتێکی کوردی و خۆبەڕێوەبەرییان دەکرد. لەو ساڵانەدا ئەگەرچی کوردستان لە گەمارۆی سەختی ئابووریی دەوڵەتی ناوەندیدا بوو، بەڵام ئازادی ئەو نیعمەتە پڕ بایەخە بوو کە خەڵک لە پێناویدا هەموو چەرمەسەرییەکی قەبووڵ دەکرد.

نیوەڕاستی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ بوو کە بەرە بەرە ئاڵۆزی لە نێو خەڵکدا درووست دەبوو. زۆر کەسماڵی لە شار وەدەر دەنا و بەرەو گوندەکان دەڕۆیشت، حیزبە سیاسییەکان بنکەکانیان تەنکە کردبوو. ئەوەی خەڵک لەمێژ بوو لێی دەترسا نزیک دەبۆوە و هەر ڕۆژێ هەواڵێکی ناخۆش لە دەورووبەر دەبیسترا. هێرشی جینایەتکارانی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کوشتن و قەڵاچۆی شار و گوندەکانی کوردستان گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆی. ئەو جینایەتکارانەی کە گڕی بە لرفەی قین و رقیان تەنیا بە خوێنی کورد دادەمرکاوە، هەر ڕۆژە و هەر سەعاتەی لە ئاواییەک و لە شەقامی شارێک یا قوژبنی ماڵ و کۆڵانێک سینگی گەنج و پیرانی نەتەوەی کوردیان کونکون دەکرد.

بۆکان دوا شار بوو کە هێشتا پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەری نەگەیشبوویە. ڕێژیم لە چەند قۆڵەوە پەرەی بە هێرش و پەلامارەکانی دابوو هەتا بەر لەوەی وەرزی سەرما و زستان بگاتێ داگیری بکا و دواجار ڕۆژی ١١ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٦٠ بەتەواوی دەستی بەسەر شاردا گرت؛ دیارە ئەو سەرکەوتنەی ڕێژیم هێندەش ئاسان دەستەبەر نەببوو؛ ڕۆژ نەبوو لە شوێنێک و شیو و دۆڵێک جەندەکی هێزەکانی نەکەون.

هێزەکانی ڕێژیم بە هەستی تۆڵەوە کەوتبوونە گیانی خەڵک. زۆر کەس گیران و بەبێ دادگایی ئێعدام کران. هەواڵی گوللەبارانکردنی خەڵک لە کورەخانەکانی ساروقامیش و باغەکانی ئاوایی داشبەند و لە ژێر پردی میراوازار بەزار دەهات و دەگەڕا.

پێشمەرگە لە پێناو پاراستنی خەڵکدا شاری چۆل کردبوو و لە گوندەکانی دەورووبەر دامەزرابوو، بەڵام زۆربەی شەوەکان شاریان دەکرد بە گۆڕستانی کۆنەپەرستان و قرمەی چەکی پێشمەرگە شەو نەبوو بێدەنگیی شار نەهەژێنێ و خەو لە چاوی داگیرکەران نەتەرێنێ.

گوردانی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز کە لە داگیرکردنی شاری بۆکاندا ڕۆڵی بەرچاوی بینیبوو، پاش چوار مانگ بڕیار دەدەن شار بەجێ بێڵن. تێکۆشەرانی دێموکرات لە هێزی بەیان پاش ئەوەی هەواڵیان پێدەگا کە ستوونێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی (گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیراز) خەریکی چۆلکردنی شاری بۆکانن، دەکەونە بەرنامە کە زەبرێکی گورچکبڕیان لێ بدەن. چەند کەس لە بەرپرسانی هێزی پێشمەرگە وەک، سەرهەنگ چیا، حەسەن جەمشیدی، قاسم باقی و عەلی باڵدار بۆ شناسایی هەر هەموو جادەی بۆکان _میاندواو دەپێون تا جێگەیەکی لەبار بۆ زەربەلێدان لەو ستوونە بدۆزنەوە. پاش چەند ڕۆژ شناسایی نیزیک گوندی «حوسێن‌مامە» بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرا.

ڕۆژێکی بەستەڵەکی مانگی بەفرانبار بوو. تەنیا ٢٧ پێشمەرگە بۆ ئەو عەمەلیاتە دەستنیشان کرابوون کە بەپێی بەرنامەی دیاریکراو سەعاتی ٣ی نیوەشەو لە ئاوایی حوسێن‌مامە و کیلۆئاباد خۆیان حەشاردا. کورد گوتەنی بەفر دەباری وەک سەرە چۆلەکە و ڕۆژ ڕۆژی پێشمەرگە بوو. هێندەی نەبرد کە ستوونەکەی هێزی دوژمن کە ٤٣ ماشێن بوو سەری بە ئاوایی حوسێن مامەوە نا. ستوونەکە بەهۆی بارینی بەفری توندەوە هەموو بەدوای یەکتردا و زۆر بەهێواشی دەڕۆیشت.

خەڵکی ئاواییەکانی سەر ڕێگا هەموو چاویان لەستوونی دوژمن بوون کە چۆن دوای کوشتوبڕ و قەڵاچۆی خەڵک بەرهەمی جینایەتەکانیان بۆ دەسەڵاتدارانی خۆیان دەبردەوە. چاوەکان هەموو لەسەر دەست و پەلاپیتکەی پێشمەرگە کۆببوونەوە هەتا ئۆخژنێک ببەخشنە هەناوی سووتاوی خەڵکی دڵ بریندار. بەڵام ئاخۆ ئەو کارە قورسە بەو ٢٧ پێشمەرگەیە دەکرێ و لە ڕاستیدا ئەوە کارێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو؟ نا... چونکی قارەمانی وەک برایمئۆف لە ڕیزی ئەواندا بوون کە سەرەڕای دوودڵیی فەرماندەرانی هێزەکە بە ئارپیجییەوە بۆ ستوونی دوژمن چوو. ٢٧ ڕۆڵەی گیان لەسەر دەست کە زۆر ڕۆژی ئاوای دیبوو، هاتبوون حەماسەیەکی نوێ بە ناو و یادی خۆیان تۆمار بکەن و بە نووسینەوەی سەرکەوتنێکی گەورە ئاوپرشکێنی دڵی پڕ داخ و کەسەری ڕۆڵەکوژراوانی دەستی بێدادی بکەن.

لەگەڵ یەکەم گوللەی ئارپیجیی برایمئۆف ستوونی دوژمن بەسەر یەکدا کەوت. ڕۆڵەکانی گەل بە ئەژمار کەم و بە باوەڕ شاخ و چیا ئاگریان لە سەر پشتی دوژمنی زۆر و زەوەند و کۆک و پۆشتە کردەوە. هێزی دوژمن حەپەسابوو. هەموو دنیای بە پێشمەرگە دەبینی و ڕۆژی ڕووناکی لێ ببووە شەوی تار و، بەفری سپی بە ڕەشایی دەبینی. شەڕ سات بەسات گەرمتر دەبوو. لە ماوەی نزیک بە دوو سەعاتدا تەواوی ستوونی نیزامیی گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیراز دەستی بەسەر داگیرا و تەفر و تونا بوو. بەڵام ئەوی گرینگ و تەنانەت جێگەی سەرسووڕمان بۆ هەموو کەس و پتر لە هەموو کەس بۆ کاربەدەستانی ڕێژیم ئەوە بوو کە تەنانەت یەک پێشمەرگەش خوێنی لە لوتی نەهاتبوو... ئەوە بوو کە ڕۆژی دواتر خەڵک بۆ یەکەمجار لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان گوێیان لە نەعرەتەیەکی شێرانە بوو کە دەیگوت: «سەرنج بدەن... سەرنج بدەن...». یەکەم «سەرنج بدەن»یش گێڕانەوەی حەماسەی شکاندنی ستوونی نیزامیی گوردانی هەوابوردی ٨٠١ی شیراز بە دەستی تەنیا ٢٧ شێرەکوڕی هێزی بەیان بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەو ستوونە دەنازی و خەڵکێکی زۆر لەشاری میاندواو بۆ پێشوازی لە سەرکەوتنەکانی لە گرتنەوەی بۆکان ڕاوەستابوو، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی کە ٢٧ ڕۆڵەی حیزبی دێموکڕات چییان بەسەر ئەو ستوونە هێناوە و ئەوەی کوژراوە کوژراوە و ئەوەی گیانی دەرباز کردوە سەری خۆی هەڵگرتوە و وە دەشت و شاخان کەوتوە...

لەو عەمەلیاتە گەورەیەدا دەیان کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و ژمارەیەک چەکی سووک و قورسی وەک موشکتاو، پەدافەندی ٢٣م م و چەند ماشێنی نیزامی کەوتنە بەردەستی هێزی پێشمەرگە کە وەک دەسکەوت لەگەڵ خۆیان هێنایان.

کۆماری ئیسلامی بۆ بەیانیی ئەو ڕۆژە وەک پیشەی جارانی بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستە قورسەکەی پەلاماری گوندی حوسێن‌مامەی دا و هەموو ئاواییەکەی سووتاند و بەوە سوکنایی خۆی دەداوە کە زیندەوەری لەو ئاواییە نەهێشتووە.

# ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و داهاتووی کۆماری ئیسلامی



ڕەزا محەممەدئەمینی

کێشە و ناکۆکیی نیوان باڵەکانی دەسەڵات هەتا دێ گەرمتر دەبێ و دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قەیرانەی لە دوای ڕاپەڕینی مانگی بەفرانباری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەرۆکی ئەو ڕێژیمەیان گرتووە و لەسەر چۆنییەتی دەربازبوون لێی، ناکۆکن و هەر لایەک ڕێگە چارەیەک پێشنیار دەکا. لە حالێکدا ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیم لە ٢٢ی ڕێبەندان باسی گشتپرسی و گەڕانەوە بۆ سندووقەکانی دەنگ لە ئەگەری ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێوان باڵ و دەزگاکانی دەسەڵاتی هێنایەگۆڕێ، باڵی زاڵ بەسەر دەسەڵات و دەمڕاستەکانیان بە توندی هێرشیان کردە سەر دەوڵەت و ڕووحانییان بە لادان لە ڕێڕەوی وەک خۆیان دەڵێن «شۆڕش» تاوانبار کرد.

لە لایەکی دیکە محمود ئەحمەدینژاد وێڕای ڕەخنەی توند لە دەزگای قەزایی و ئاماژەکردن بە کوژرانی گیراوەکانی ناڕەزایەتییەکانی ئەو ماوەیە لە بەندیخانەکان زۆر بەڕاشکاوی باسی لە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکان بە قازانجی خەڵکی کرد و ڕایگەیاندوە لە هیچ جێگەیەکی ئەو دونیایە زوڵم بەردەوام نابێ.

هەڵوێستەکانی ڕووحانی و ئەحمەدینەژاد هەرنەبێ زۆر ڕاستییان تێدا کە یەک لەوان دەرکەوتنی داماویی کۆماری ئیسلامی لە دەرچوون لە قەیرانێکە کە خۆی بە درێژایی نیزیکەی چوار دەیە لە هەموو ڕوویەکانەوە خوڵقاندوویەتی و خەریکە تێیدا نوقم دەبێ. ئەو قەیرانە تەنیا لە قەیرانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کێشە و ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵاتدا پێناسە ناکرێ، بەڵکوو قەیرانی دارمان و نەبوونی مەشرووعیەتی ئەو نیزامە سەرەڕۆ و گەندەڵەیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا و خەڵکی وەزاڵەهاتوو خوازیاری ڕووخان و نەمانیەتی. ئەوان و دەکرێ بڵێین هەموو دەمڕاستەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر باش لەوە گەیشتوون کە هیچ پێگەیەکیان لەنێو خەڵکدا نەماوە و ئەوەی هەتا ئێستا نیزامە دارماوەکەیانی لە تەواوییەتی خۆیدا لەسەر پێ ڕاگرتووە، سەرکوت و زەبروزەنگ و زیندان و ئەشکەنجە و کوشتوبڕە لەلایەک و، لەلایەکی دیکەش نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوویە کە بتوانێ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران کانالیزە و ڕێبەری بکا.

ئەوەی ئێستا لە ئێراندا دەیبینین ڕێک ئەو دۆخەیە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێیدەڵێن «دۆخی شۆڕش»؛ بەو مانایە کە دەسەڵات متمانە و ڕەوایی لە نێو زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا لە دەست داوە و ئەوەی لەسەر پێی ڕاگرتووە سەرکوت و هێزە داپڵۆسێنەرەکانیەتی و کۆمەڵانی خەڵکیش بەڕاشکاوی دووپاتی دەکەنەوە کە نایانەوێ چیدیکە ژێر چەپۆکە بین و لەو دۆخە دژوارەدا بژین. هەژاری گەیشتووەتە ئاستێکی بێوێنە و بۆ نموونە «پەرویز فەتاح»، سەرۆکی کۆمیتەی ئیمدادی ڕێژیم دەڵێ ١٢ میلیون کەس لە ژێر هێڵی هەژاریی «ڕەها»دان و لە نێوان ٢٥ بۆ ٣٠ میلیۆنیش لە ژێر هێڵی هەژاری بە شێوەی ڕێژەییدا دەژین. ئەوە لە حالێکدایە کە شارەزایان و ناوەندە سەربەخۆکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نیزیکەی ٥٠ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان. ئابووری ئێران دارماوە و ڕێژیم ناتوانێ حاشای لێ بکا. کارگە و کارخانەکان داخراون، یان ئاستی بەرهەمهێنانیان دابەزیوە و کرێکاران لە کار دەردەکرێن و ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان ڕوو لە زیادبوونن، تەنانەت لە ناوەندە پیشەسازییەکانی وەک پارێزگای ئەراک و ئیسفەهانیش سەدان کارگە و کارخانەی پیشەسازیی داخراون. «مستەفا ئامرە»، بەڕێوەبەری گشتی شیرکەتی شارۆچکە پیشەسازییەکان لە پارێزگای ئەراک ڕایگەیاندوە ٣٢٣ کارگەی بەرهەمهێنان بە تەواوی داخراون و کرێکارەکانیان بێکار بوون و ١٣٨٧ یەکەی بەرهەمهێنانیش لە نێوان بیست بۆ حەفتا لە سەد چالاکن.



لە ئێستادا دۆخی نالەباری ئابووری بڕستی لە کۆمەڵانی هەژار و چەوساوەی خەڵکی ئێران بڕیوە و بە تەواوی هێناونیە سەر ئەو باوەڕە کە ئەو ڕێژیمە ناتوانێ نەک هەر قەیرانەکان چارەسەر بکا، بەڵکوو هەر وەک ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتدارییەکەی دەریخستووە، ژیان و گوزەران و داهاتوویان لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی سەرکەوت و گەندەڵدا زۆر لەوە خراپتر دەبێ کە ئێستا تێیدان. هەر بۆیەش دیتمان و دەبینین لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار و ڕێبەنداندا ڕووی دروشمەکان لە خامنەیی و تەواویەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی بوو. لەو نێوەدا دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە بۆ بەلاڕێدابردنی ناڕەزایەتییەکان پەنا بۆ هەموو فرتوفێڵێک دەبەن ئەگەر خامنەیی و باقی دەمڕاستەکانی ڕێژیم لەسەرەتادا ناڕەزایەتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانیان بە فیتی ئەمریکا و ئیسراییل و بە گشتی بە نەیارانی کۆماری ئیسلامی دەبەستەوە، ئێستا باس لە پڕۆژەی بەوتەی خۆیان دوژمنان دەکەن بۆ بە سووریەکردنی ئێران و هەڕەشەی دابەشبوونی وڵات و دەیانەوێ بەو شێوەیە ئەوە بە گوێی خەڵکیدا بخوێنن کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەمێنێ ئێرانیش نامێنێ؛ ڕێک ئەو قسەیەی کە شای ئێران چەند مانگ بەر لە ڕووخانی نیزامی پاشایەتی کردی و گوتی ئێران دەبێتە ئێرانستان. لە ڕاستیدا ئەوەی هەڕەشەی نەمانی ئێران و ئێرانستان بوونی دەکا نەتەوە بەشخوراوەکانی ئێران نین، بەڵکوو سیاسەتی حاشا لە ئێرانی فرەنەتەوەیە و هیچکام لە نەتەوەکانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە غەیرە فارسەکان باسی جیابوونەوەیان نەکردوە و هەموو لایەک دەزانن بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تایبەتمەندییەکان بەیەکەوە بوونێک کە لەودا هەموو نەتەوەکان مافی یەکسانیان هەبێ، زۆر باشترە لە لێکترازان و دابڕان کە دەتوانێ زۆر لێکەوتەی مەترسیداری بۆیان هەبێ. هەربۆیەش دەربڕینی نیگەرانی لە داهاتووی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی لە لایەن دەمڕاستەکانی ئەو ڕێژیمەوە دربڕینی نیگەرانی لە چارەنووسی خۆیان و تۆڵەسەندنەوەی گەلانی ستەملێکراوی ئێران لەوان و لە سیاسەتە جینایەتکارانە و دژی مرۆڤایەتییەکانیانە.

دیارە نابێ لەبیرمان بچێ ئەو ڕێژیمە بە هەموو باڵەکانیەوە بە شێوەی ئاشتییانە و بە خۆشیی خۆی واز لە دەسەڵات ناهێنێ و ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە بە شۆڕشێکی «مەخمەلین» و بەدوور لە بەربەرەکانی، کۆماری ئیسلامی واز لە دەسەڵات بێنێ و مەیدان بۆ خەڵک و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن چۆل بکا. ئەو ڕێژیمە جینایتکارە هەر وەک چۆن لە ڕابردوودا بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەی دەیان هەزار کەسی کوشتووە و لەوەش زیاتری لە بەندیخانەکاندا ئاخنیوە، لەداهاتووشدا بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات لە هیچ جینایەتێک ناپرینگێتەوە. لەو بەینەدا سپای پاسداران و بسیج و تەنانەت حیزبوڵڵای لوبنان و دەستە و تاقمە شیعەی ئەفغان و پاکستانییەکان، ئەو ئامرازەن کە چاوەڕوان دەکرێ ڕێژیم بە ڕژدی کەڵکیان لێوەرگرێ. بەڵام بە هەموو ئەوانەشەوە گلۆڵەی ڕێژیم کەوتوەتە لێژی و ڕووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامی «حەتمییە». ئەوەی لەو نێوەدا دەتوانێ دەوری کاریگەر و گورچکبڕی هەبێ، مانگرتنی سەرانسەریی کارمەندان و کرێکارانی حکومەتی، بەتایبەت کرێکارانی بەشی نەوت و گازە کە سەرچاوەی توانا ماددییەکانی ڕێژیم ویشک دەکا و کۆماری ئیسلامی لە ڕەگو ڕیشە هەڵدەتکێنێ.

درێژەی:

# بەراوردی نادروستی هێزی نەتەوەیی، هۆکارێکی قەیرانساز

و لە شەڕێکی توانابڕدا شەقامەکان ڕادەست دەکا! بێکاری، هەژاری، ئاوسان، پێکهاتەی پشتەوەی گەندەڵی، کەشی ئەمنیەتی و داخراو، نەبوونی لانیکەمی ئازادییە تاکەکەسییە، دارمانی ئابووری، نالێهاتوویی سیاسی و.... کۆمەڵە ئاستەنگێکن کە خەڵکیان هێناوەتە سەر شەقامەکان. چارەسەرکردنی هیچکام لەوان لە توانای سەرجەم دەسەڵاتداریدا نیە. دەسەڵاتدارەتی، بەتایبەت چاکسازیخوازان و میانەڕۆیەکان دۆڕاوی ئەم مەیدانارییەن. چاکسازیخوازانی نێو دەسەڵاتدارەتی لە ڕۆژانی سەرەتای ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا نیشانیان دا نەک تەنیا لایەنگری چاکسازی نین، بەڵکوو بە هەموو توانایانەوە لە هەوڵی پاراستنی دۆخی ئارایی دان. لە نافەرمانییەکانی ئەمدواییانەدا سێ ڕێکخراوی گەورە کە لە کوشتاری خەڵکدا دەوری سەرەکییان گێڕا(هێزی ئینتزامی و ڕێکخراوی بەندیخانەکانی وڵات و هێزە تەناهییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات) کە هەموویان سەر بە دەوڵەتی ڕووحانین و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕووحانی و فتوای ڕوونی خاتەمی جووڵانەوە. وشەگەلێکی وەک یاغیگەری، بەستراوەبوون، داڵاش و دەیان ناو و ناتۆرەی دیکەی لەم جۆرە لەلایەن ڕێبەریی چاکسازیخوازانەوە خرانە پاڵ خەڵکی وەزاڵەهاتووەوە. خەڵکی نارازی و بێزار لەم هەنگاوە ترسەنۆکانەیە بە دانی دروشمی «اصلاح طلب، اصولگرا تمام شد این ماجرا» وڵامی شیاویان بەم ڕەوشتە سیاسییە دایەوە. ئێستا هەر ئەوانە ڕەخنە لە پێشنوێژی کۆنەپارێزی نوێژی هەینیی تاران دەگرن کە وشەی زبڵی بەرانبەر بە خەڵک دەکارهێناوە و دووبارە لە هەڵوێستگرتنێکی حەقدارانەدا ژێستی دیمۆکراتیک بەخۆوە دەگرن. چاکسازیخوازانی نێو دەسەڵاتدارەتی کە بە توندی زەبر لە متمانەیان کەوتوە، لە هەوڵی چاککردنەوەی متمانەی لەدەستچوویان دان. بۆیە بە هێنانەگۆڕێی بابەتگەلی وەک خۆپێشاندانی ئاشتیخوازانە و ... هەوڵ دەدەن بە مەبەستی وەرگرتنی سەرەتی لە دەسەڵاتدارانی سەرەکی چاککردنەوەی متمانەی خۆیان خەڵک بکێشنە سەر شەقامەکان. بەڵام بێگومان هەر ئەو خەڵکە تووڕە و نارازییە کە لە مەشهەد نیشانیان دا توانای قۆزتنەوەی هەلەکانیان هەیە، جارێکی دیکەش ئەم هەلە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە و دەیسەلمێنن کە خاوەنی شەقامەکان هەر ئەوانن. چونکە داخوازیگەلێک کە لەگۆڕێ دایە و دۆخی نێودەوڵەتی لە نیوەڕاستی ڕێبەنداندا خەڵک دەگەڕێننەوە سەر شەقامەکان و هاوینێکی بەهار ئاسا چاوەڕوانمانە.

بەکورتی، ڕووداوەکانی بەردەم خێرا و پێشبینینەکراون. ڕووداوگەلێکی جیدی و چارەنوسسازی لە هەناوی وڵات دان و ئێمە وەک ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەبێ هەڵ بدەین نەک پێشڕەو بەڵکوو هاوهەنگاو لەگەڵ بزووتنەوەی دژە سەرەڕۆیی بە وەئەستۆگرتنی کەمترین تێچوو بۆ نەتەوەکەمان ئەم پرۆسە چارەنووسسازە تێپەر بکەین. ئەرکی سەرەکیی ئێمە بریتییە لە دانانی میکانیزمێکی روون لە پێناوی دروستکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و دوورکەوتنەوە لە فرەڕایی و ڕێکخستنی خەڵکی خۆمان.

# ئازیتا مۆئمێنی:
# دەمەوێ وەک پێشمەرگەی هونەر و گۆرانی بۆ نیشتمانەکەم تێ بکۆشم

دیمانە: نیان بداغی

ئازیتا مۆئمێنی ئێستا ئەستێرەیەکە لە گۆرانیی کوردیدا. ئازیتا لە بەرنامەی هونەریی "کوردستان کیدس ڤۆیس"دا کە بەبەشداریی نیزیک بە هەزار منداڵی چوار پارچەی کوردستان بەڕێوەچوو؛ دواجار لە پێشبڕکییەکی سەختدا توانی نازناوی ئەستێرەی ئەو بەرنامەیە بباتەوە. ئازیتا کچی پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانە و گۆرانی گوتنی لەو ڕێوڕەسم و کۆبوونەوە و بەرنامە هونەرییانە دەست پێکرد کە لە نێو حیزبی دیموکراتدا بۆ منداڵان دەگیران. ئازیتا دەڵێ دەمەوێ پێشمەرگەیەکی کوردستان بم لە بواری هونەریدا. "کوردستان" بەبۆنەی سەرکەوتنی ئازیتا وتووێژێکی کورتی لەگەڵ ئەو پێک هێناوە:



**ئازیتا ئێمە هەموو دەنگی تۆمان پێخۆشە. لە هەموو ئەو ماوەیەشدا لایەنگرت بووین، بۆ خۆت چی؟ دەنگی خۆتت پێخۆشە؟**

سەرەتا زۆر سپاس. دەی دیارە دەنگم خۆشە بۆیە ئێوە دەنگی منتان پێخۆشە. بۆ خۆشم بەڵێ دەنگی خۆمم پێخۆشە

**لەو کێبرکێ قورسەدا زیاتر بیرت لە چی دەکردەوە؟ هەر دەتویست بیبەیەوە یان کەلک لەو دەرفەتانەش وەربگری کە پێشبڕکێیەکە بۆ فێربوون و پەروەردەی زیاتر بۆی دابین کردبووی؟**

بێگومان لە هەموو پێشبرکێیەکدا هەموو بەشداربووەکان هەول دەدەن بیبەنەوە. ئەمنیش ڕاستە هەوڵی بردنەوەم داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرنامەیەم وەکوو دەرفەتێک بینی بۆ دەرخستنی بەهرە و تواناکانی خۆم. دیارە توانیشم کەلکی لێ وەرگرم.

**کە گۆرانی دەڵێی حەجمینت نییە هێندە بە هەستی. گۆرانی بۆ خەڵک دەڵێی یان بۆ خۆتی دەڵێی؟**

هههەه بێگومان بۆ خەلک گۆرانی دەڵێم، بەڵام کە گۆرانی دەڵێم زۆر دەچمە ناخی گۆرانییەکە و دەمەوێ بە جوانترین شێوە بەرهەمەکە پێشکەش بە خەڵک و گوێگران و بیسەرانم بکەم.

**بوون بە ئەستێرەی دەنگخۆشی کوردستان چ هەستێکی پێداوی؟ پێت وانییە کە ئەرکی تۆی قورستریش کردوە و چاوەڕوانیی زیاتری لێ دروست کردووی؟**

بێگومان وایە. هەستێکی زۆر خۆشی لەلا دروست کردوم و لەهەمان کاتیشدا دەزانم خەڵک چاویان لێمە. دەزانم کە ئەرکێکی قورسیش کەوتوتە سەرشانم و دەبێ بەکاری جوان و جوانتر وەڵامی چاوەڕوانی خەڵک و هەوادارەکانم بدەمەوە.

**ئازیتا لە کەیەوە هەستت کرد دەنگت خۆشە و پێت خۆشە گۆرانی بڵێی؟**

ڕاستییەکەی هەر لەو کاتەوە کە دەچوومە باخچەی ساوایان و لەوێ گۆرانی و سروودمان دەگوت ماموستاکانم دەنگی منیان پێ خۆش بوو. ئەوان زیاتر گۆرانی و سروودیان پێ دەگوتم و پێیان دەگوتم کە دەنگم خۆشە و بەردەوام بم لە گۆرانی گوتن.

**ئەدی بۆ خۆت ساز لێ دەدەی؟ حەزت لە چ ئامێرێکە؟**

نەخێر بەداخەوە تا ئێستا فێر نەبووم. بەڵام هەوڵ دەدەم فێری ئامێرێکی موسیقی بم. وەک خۆم زۆرم حەزم لە ئامێری کەمانە و دەمەوێ فێری بم.

**قەرارە ئەڵبۆمێک بڵاو بکەیەوە. هەر ئەو گۆرانییانەی تێدا دەڵێی کە لە بەرنامەکانی کوردستان کیدس ڤۆیسدا گوتت، یان بەرهەمی نوێ دەبێ؟**

نەخێر ئالبوومەکەم بەرهەمی نوێی تێدا دەبێ و گۆرانییەکانی ئی خۆم دەبن.

**لە بەرنامەی کوردستان کیدس ڤۆیسدا نازناوی «مەرزییەی بچووک»یان پێت دا. خۆت لەگەڵ ئەو نازناوە دەڵێی چی؟**

مەرزییە هونەرمەندێکی گەورە و ڕچەشکێنی کورد بوو. زۆر خۆشحاڵم بەو نازناوە و شانازییە بۆ من کە وەک مەرزیە خان بتوانم خزمەتی هونەری کوردی بکەم.

**ئەتۆ کچە پێشمەرگەی. ئایا ئەوەت بەلاوە گرینگە لە کار و چالاکیی هونەریتدا؟**

بێگومان شانازی بە باوکم و پێشمەرگایەتیی باوکم دەکەم. بۆخۆشم دەمەوێ وەک پێشمەرگەیەک لە کار و چالاکیی هونەریدا بۆ نیشتیمانەکەم تێ بکۆشم.

**چیت هەیە بیڵێی بە بنەماڵەکەتی بڵێی؟ بە هاوڕێیانت کە خۆشیان دەوێی و دەنگی تۆیان پێخۆشە؟**

زۆر سپاسی بنەماڵەکەم دەکەم کە زۆریان هاوکاری کردووم و پشتیان گرتووم و لەگەڵم ماندووبوون. زۆریش سپاسی هاوڕێیانم و سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کەمنیان خۆش دەوێ و دەنگی منیان پێخۆشە و تا ئێستا پشتگیرییان کردوم و دڵنیام لە داهاتووشدا پشتگیریم دەکەن. لە کۆتاییدا چاوی هەموویان ماچ دەکەم و پێیان دەڵێم خۆشم دەوێن.

# «هەرزەکار»



ناسر فەتحی

کاتێک بێسەروشوێن بوون، هێشتا ڕیش و سمێڵیان گووگرە نەببوو. سێ هاوڕێ بوون. لە سێ بنەماڵەی هەژار و، مامناوەند و دەوڵەمەند ڕا یەکیان گرتبوو. خاڵی هاوبەشی بنەماڵەکانیان نەخوێندەواری بوو. دوو دەنگۆ لەبارەیاندا هەبوو. یەکیان ئەوەبوو دەیانگوت: «لە خۆپیشاندانە خوێناوییەکەی ئەوێ ساڵێدا، کە لەبابەت بێکاری و بێ کارخانەیی ناوچەکە وەڕێ خرابوو، دژەشۆڕشەکەی کە کوژرا؛ ئەوان کوشتوویانە و، توانیویانە ڕابکەن بۆ شاخ.» دەنگۆکەی دیکەش ئەوە بوو، دەیانگوت: «نا فریا نەکەوتووون ڕابکەن، گرتوویانن و بردوویانن بۆ زیندان.» کاتێک گەڕانەوە، وەک کاتێک کە بێسەروشوێن بوون، دیسان ڕیش و سمێڵیان بەرچاوترین پێناسەی ڕواڵەت و نێوەرۆکیان بوو. ئەوەی دوای گەڕانەوە، خێرا جێی خۆیان گرتەوە و، توانییان بنکەیەکی تایبەت بە پەرەپێدانی بیر و باوەڕەکانیان دابمەزێنن؛ زۆر سەیر نەبوو. بەڵکوو سەیر ئەوەبوو هەر ڕۆژەی، بە ئاشکرابوونی چیرۆکێکیان لە زمانی قوتابییەکانیانەوە، ئەفسانەیەک لەو ئەفسانانەی لەبارەیاندا گوترابوو، دەبووەوە بە هیچ! بەڵێ، هەروەک گوتم؛ کاتێک گەڕانەوە، وەک کاتێک کە بێسەرووشوێن بوون، دیسان ڕیش و سمێڵیان سەرنج ڕاکێشترین بەشی ڕواڵەت و ئاستی ئاگاهییان بوو. بەڵام بەو جیاوازییەی ئەمجارەیان سمێڵیان مەخمەری لێدابوو و ڕیشیشیان تا سەر سینگیان هێشتبووەوە.







# پرسی زمانی نەتەوەکان لەنێو سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



عەلی لەیلاخ

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی بۆ مافە نەتەوەییەکانی گەلانی نێو جوغرافیای ئێران دەگەڕێتەوە.

ئەو گرفتە تا ڕادەیەک حاشا هەڵنەگرە کە لە نووسینی یاسای بنەڕەتی ئەو سیستەمە نەتوانرا بە تەواوەتی وەلا بخرێ و بە شێوەی لاوەکیش ئاماژەپێدانی نیشان لە هەستیاربوونی ئەو مافانەیە کە بەرچاوترینیان بۆ خویندن و نووسین بە زمانی دایک دەگەڕێتەوە.

دوای تێپەڕبوونی نزیک بە چوار دەیە لە تەمەنی ئەو حکومەتە، سیاسەتی هەوڵدان بۆ لە نێوبردن و ئاسمیلەکردنی نەتەوەکان نەتەنیا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو لە هاتنەسەرکاری زۆربەی دەوڵەتەکان و گۆڕینی دەموچاوەکانی دەسەڵاتدار بەرچاوترین بانگەشە بووە؛ کە نموونەی هەرە بەرچاوی لە دوو خولی هاتنەسەر کاری حەسەن ڕووحانیدا بەدی دەکرێ.

دوای ئەوەی سیاسەتی حاشا و قەدەغەکردنی چاپەمەنی بە زمانەکانی غەیرە فارسی و بەتایبەتی لە قوناخێک لە دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی کە پێی دەگوترێ قوناخی ئەمنی و فەرهەنگی، واتە لە ساڵەکانی ٥٧وە تا ساڵی ٦٨ی هەتاوی شکستی هێنا، ئەمجارە حاکمییەت هەوڵی پەراوێزخستنی زمانی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەتی زمانی کوردی کە لە ڕووی ویستی سیاسییەوە و بەهێز تر بوو دەست پێکرد.

خاوەنی ئەم دەقە و هاوتەمەنەکانی باشیان لەبیر دێ کە کۆمەڵە شێعری شاعێرانێکی وەکوو قانع و هێمن و هەژار و فایەق بێکەس و ... کە هەموویان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لە باشووری کوردستان و لە بەغدا لە چاپ درابوون، زۆرجار شتێکی نایاب و قەدەغەکراو بوو. ئەو قوناخەش بە هۆگری و دڵەڕاوکێی لایەنگران و خەمخۆرانی زمان و وێژەی کوردی و گۆڕانکارییە فەرهەنگییەکان تێپەڕ بوو.

لە دەیەی حەفتای هەتاوی و بە دوای ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خاوەنی پاشخانێکی فەرهەنگی و ئەدەبی بوو، ڕێنسانسێکی بەربەرینی فەرهەنگی بەتایبەتی لە بواری گەشەی زمانی دایکدا بە خۆیەوە بینی و ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو تەوژمە فەرهەنگییە بەردەوام نوێکردنەوەی هزر و ویستی نەتەوەیی بەدواوەیە.

بەهۆی هاتنی گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکان لە باشوورەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تینوێتیی توێژی کوردویستی ڕۆژهەڵاتی هەر زوو تێلبەندی قەدەغەکراوەیی زمانی کوردی شکا و، چیتر سیستەم نەیتوانی بەتەواوەتی بیهێنێتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە. ئەگەرچی ئێستاش پرسی زمانی دایک لە ئێران پرسێکی سیاسی و ئەمنیەتییە، بەڵام بۆ کورد و گەلانێ دیکە مافێکی ڕەوا و دانپێدانراوە.

ئێستا ئەوەی باسی سەرەکییە ئەوەیە کە داواکە و کاکڵی بابەتەکە کامەیە، فێربوون و پەروەردە بە زمانی دایک، یان فێربوونی زمانی دایک؟ گرینگی و دیوەی ناوەوەی ئەو پرسیارە هەستیارە لە ئاستێک دایە کە بوتە گرفتێک لە سەر ڕێی جێبەجێکردنی ئەسڵی خوێندن ونووسین بە زمانی دایک لە ئێران، چونکە لەلایەک دەسەڵات باش دەزانێ زمان شوناس بەخش و هەژێنەری هەستی نەتەوایەتیی گەلانەوە و ئەوەش خەسار بە پاوانخوازییە مێژوویی و فەرهەنگی و سیاسەتەکانیان دەگەیەنێ. لە لایەکی دیکەش زمان ڕۆچنەیەکە بەرەوە مێژووی نەتەوەکان و هەروەها فاکتێکی گرینگە لە هاوسۆزی نەتەوەیی و لە وڵاتانی داخراودا وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران حوکمی «ئاور لە کادێنی» هەیە.

وەک باس کرا سیستەمی دۆگماتیزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێواز و ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە سەرەتا ئاسمیلاسیونێکی نەرمی فەرهەنگی و مەزهەبی بەسەر گەلانی دیکەی ئێران بەتایبەتی کورد و ویستەکانی کە هەمووکات ژانەسەر بووە بۆ ناوەند، بسەپێنێ؛ بەڵام لەو بارەوە سەرکەوتوو نەبووە. ئەمجارە تێ کۆشاوە لە ڕوانگەی ویست و خوازی سیاسییانەوە پلان دارێژێ کە ئەویش بێجگە لە چاوکراوەیی بەخشین بە کوڕ و کچانی کورد هیچ دەسکەوتێژی بۆ ئەو نەبوو. هەتا شەپۆلی گۆڕانکارییە فەرهەنگی و سیاسییەکان و وشیاری نەتەوەیی بەلەمی بەستراوی زمان و ئەدەبی کوردی لە ئەرزی چەقبەستوویی کۆماری ئیسلامی هەڵقەند و بەرێ کەوت بەرەو بەرینایی و ئاسۆیەکی ڕوون؛ ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەو بەلەمە بە ماندوویەتیی خەمخۆرانی زمانی دایک و سەرجەم لایەنگرانی دەریای شەختە وسەهۆڵ دەبڕێ و ڕۆژ بە ڕۆژ نەوەی نوێ بە هیوایەکی بەرزی نەتەوەخوازی و بە شێعری «بەکوردی دەژیم، بەکوردی دەمرم» هەناسە تازە دەکەنەوە.

کۆتا قسە ئەگەر کۆماری ئیسلامی وەک خۆی مابێ! بەڵام کورد و مافەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. دەتوانین بڵێین کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر کیانی سیاسیی خۆماڵی نیە، بەڵام لەبارەی زمانی زگماکییەوە هەنگاوی بەرەو سەربەخۆیی هەڵهێناوە و ئەمەش نیشان لە پاشەکشە پێکردن بە سیستەمێکە، کە کاتی خۆی تەنانەت ناوی کوردیی بۆ سەر منداڵان قەدەغە کردبوو، بەڵام هەر ئەو منداڵانە بوون بە پارێزەری ژێر و چاونەترسی زمانی دایک.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 720 19 february 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## بەر لە ماڵاوایی

# زمان لە نێوان ماف و شوناس دا



سمایل شەڕەفی

ڕۆژی ٢١ی فێورییە لە لایەن ڕێکخراوی یونێسکۆوە بە «ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی» یان «زمانی زگماکی» دیاری کراوە. ناولێنانی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، کە بە مەبەستی بایەخدان بە جۆراوجۆریی زمانی و کلتووریی گەلان لەلایەن یۆنسکۆوە ڕاگەیاندرا، بۆ ساڵی ١٩٩٩ زایینی دەگەڕێتەوە. کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هۆی گرینگیی پرسی زمانی دایکی و ئەم بڕیارە بەجێیەی یونێسکۆ، ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی جیهانیی زمانەکان ڕاگەیاند.

***

یەکێک لەو نەتەوانەی کە بە بایخەوە دەڕوانێتە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، نەتەوەی کوردە کە وەک گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتی سەر ئەم گۆی زەوییە، جیا لە بەشیک لە نیشتمانەکەی(هەرێمی باشووری کورستان)، تا ئێستایش نە تەنیا ئیعتراف بە زمانەکەی نەکراوە و ئیزنی خوێندن و نووسینی ڕەسمیی پێ نادرێ، بەڵکوو وەک پرسێکی یاساغ و قەدەغەکراو هەڵسووکەتی لە گەڵ دەکرێ.

لە باکووری کوردستان تا ئێستایش نەتەنیا نووسین بەڵکوو تەنانەت قسەکردن بە زمانی کوردی و ناوهێنانی کوردستان و کوردیش لە شوێنە ڕەسمییەکاندا لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە بە تاوان دادەنرێ و سزای قورسی بۆ دیاری کراوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا لەگەڵ ئەوەیکە لە ئەسڵێکی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە ئاشکرا باس لە «کەڵکوەرگرتن لە زمانی مەحەللی و «قەوم»ی لە چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان و هەروەها خوێندن و نووسین بەم زمانانە لە پەنا زمانی رەسمیی وڵات» کراوە، بەڵام تا ئێستایش کە نزیک بە ٤٠ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم ئەسڵە لە یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمدا تێدەپەڕێ، ئیزنی خوێندن و نووسین بە زمانی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان بە کورد نەدراوە.

دژایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گەڵ بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و ئیزن نەدان بە خوێندن و نوسینی ئەم زمانە لە ناوەندە ڕەسمییەکانی فێرکاریی وەک قوتابخانەکان و دواتر زانکۆکاندا، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە سیاسەتی دژی‌گەلییانەی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەیەوە هەیە. دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران کە بەشێک لەماهییەتی وجوودی و ڕوانینی بۆ پرسی نەتەوەکان پێوەندی بە ڕوانینی مەزنیخوازیی نەتەوەی باڵادەستەوە هەیە، لە سۆنگەی ڕوانینی بۆ ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگی و کلتووریی نەتەوەکانی جیا لە خۆی _ هەم وەک نەتەوەی باڵادەست و هەم وەک نیزام و دەسەڵاتی سیاسی _ تا ئێستا هەوڵی داوە پێش بە گەشە و نەشەی زمانی کوردی لەم چوارچێوە جوغرافیایەدا بگرێ کە «ئێرانی پارسی» پێ دەگوترێ.

بۆ ئەوەی پێش بە نەتەنیا بەڕەسمی ناسین و ئیزننەدان بە خوێندن و نووسین بەم زمانە بگرن، تەنانەت لە زۆر ڕێگاوە نزیک بە چوار دەیەیە ئەم دەسەڵاتە دژی گەلییە، سیستماتیک هەوڵی شێواندن و لە کۆتاییدا خاپوورکردنی زمانی کوردی دەدا. هەر لە هاندانی کۆمەڵێک پێنووس ڕزیوی زڕەکوردەوە بگرە کە مەجالیان بۆ کردبوونەوە تا بە نووسینی کۆمەڵێک هەڵیت و پڵیت بسەلمێنن کە «گویش کردی» بەشێکە لە زمانی فارسی، تا وەڕێخستنی ئەو کاناڵە ئوستانیانەی کە لە سەرەتاوە زۆریان هەوڵ دا هەر ئەم پەیامە بگەیەنن! کە هەموو ئەم هەوڵانە نەزۆک مانەوە.

لە پەنا هەموو ئەم هەوڵانەی دەسەڵات بۆ سڕینەوەی زمانی کورد، هیمەتگەلێکی ئازایانەی دەروەست لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەریان هەڵدا و بەگژ ئەم سیاسەتەدا چوونەوە کە توانیان دوای بڕینی قۆناغگەلێکی سەخت و دژوار و پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی خۆی و نێوخۆیی، لە کۆتاییدا زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەسەنایەتیی خۆی نەتەنیا بیپارێزن، بەڵکوو گەشەی پێ بدەن.

چالاکانی فەرهەنگی، نووسەران، شاعیران و ئەدیبان و مامۆستایانی خاوەن هەڵوێست و دەرەوەستی ئەم نیشمانە، بە پێشەنگایەتیی مامۆستا هێمن و بە دەرکردنی گۆڤاری سروە، دواتر بە دامەزرانی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان، کۆبوونەوەی بەردەوامی شاعیران و ئەدیبان لە دەوری یەکتر، بڵاوکردنەوەی ساڵانە بە دەیان کتێب بە زمانی کوردی، بەڕێوەبردنی دەیان کۆڕ و فستیڤاڵ و کارنەڤاڵی کولتووری و لەم ساڵانەی دواییدا بە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی سەدان فێرگە و ناوەندی فێرکاریی زمان و چاپکردنی کتێبی دەرسیی تایبەت بە فێربوونی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی، توانیان نەتەنیا سیاسەت و هەوڵە دژی‌گەلییەکانی دەسەڵاتی ناوەندگەرای تاران پووچەڵ بکەنەوە، بەڵکوو بە دەیان هەزار کەس لە کوڕان و کچانی ئەم نیشمانە فێری زمانی دایکیی خۆیان بکەن.

هاوکات لە گەڵ ئەم هەوڵە بەردەوامانەدا بەتایبەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وەرێخستنی کەمپەین و کۆکردنەوەی ئیمزا و نووسینی نامە ڕوو بە ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی وەک پارلمانی ئێران، دەوڵەت و وەزارەتی پەروەردە و زانست، داوایان کردوە کە لە سەر بنەمای خودی یاسای بنەڕەتی و ئەسڵی ١٥، لە قوتابخانەکان ئیزنی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بدرێ کە دیارە تا ئێستا هیچ وڵامێکی ئەرێنیی پێ نەدراوەتەوە.

هەر وەک لە زۆربەی مەنشوورە جیهانییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە، نەتەوەی کوردیش وەک باقی نەتەوەکانی دیکە کە خاوەنی زمانی جیاواز و تایبەتی خۆیەتی، مافی ئەوەی هەیە کە زمانەکەی بە ڕەسمی دانی پێدا بندرێ، کەوابوو هەر وەک تا ئێستا چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئەدەبی و فەرهەنگی، لێبڕاوانە هەوڵیان داوە کە ناوەندەکانی پێوەندیداری ڕێژیم لەم پرسە ئاگادار بکەنەوە و داوایان لێ کردوون کە ئاوڕ لەم پرسە گرینگە بدەنەوە، جێی خۆیەتی ئەم پرسە ببێتە خەمی گشت تاکەکانی کۆمەڵگە و، سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە کردوە لە پشت ئەم داوا و مافە ڕەوایەی خۆیانەوە بن.

# ژوانی ئازیتا لەگەڵ بنەماڵەی دێموکرات



پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، ئازیتا مۆئمێنی، ئەستێرەی بەرنامەی کوردستان کیدس ڤۆیس میوانی بنەماڵەی دێموکرات بوو و لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێزی لێگیرا.

لەو جێژنەدا بەبۆنەی سەرکەوتنی ئازیتا و وەدەستهێنانی نازناوی ئەستێرەی بەرنامەی کوردستان کیدس ڤۆیس، خەڵاتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، خەڵاتی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، خەڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستان، خەڵاتی فیدراسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە و خەڵاتی تیپی مووسیقای باواجیی کۆیە پێشکێش بەو کیژۆڵە دەنگخۆشەی دێموکرات کرا.

لە بڕگەکانی دیکەی جێژنەکەدا کۆمەڵێک گۆرانی لەلایەن نیشتمان، کوردستان و ئاڵا عەزیزی، سێ خوشکە هونەرمەندەکەی دێموکرات و هەروەها ئاسۆ و ئازیتا پێشکێش بە بەشداران کران.

# ڕوونوێنی لە سەردیسی هونەرمەند عوسمان هەورامی لە شاری سنە



ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، لە پەردیسی سینما بەهمەنی شاری سنە و لە ڕێوڕەسمێکدا کە بە بەشداریی کۆمەڵێک خەڵک و هونەرمە گیرا، ڕێز لە هەوڵەکانی مامۆستا عوسمان هەورامی لە پێناو خزمەتکردن بە موسیقا و گۆرانیی هەورامی نرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بڵاوکردنەوەی بەشێک لە کلیپی ناوچەی هەورامان و عوسمان هەورامی دەستی پێ کرد، چەند وتار لەلایەن چالاکی فەرهەنگی و هونەرییەوە لە پەیوەندی لەگەڵ وێژەی و موسیقا ناوچەی هەورامان پێشکێش کران و لە درێژەدا، سەردیسی عوسمان هەورامی کە لەلایەن هونەرمەندی پیکەرتاشی کورد، هادی زیائەدینییەوە دروست کراوە، ڕوونوێنی کرا.

بڕیارە سەردیسی ئەو هونەرمەندە کوردە لە گۆڕەپانی هەورامان لە شەقامی «کۆسەی هەجیج»ی ئەو شارە دابنرێ.

خوێندنەوەی شێعر و چەند پارچە موسیقای هەورامی، بەشێکی دیکە لەو ڕێوڕەسمە بوون وڕێوڕەسمەکە بە بڵاوکردنەوەی فیلمێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی عوسمان هەورامی کۆتایی هات.

